

# لە دەوڵەتی فاشیلدا... مۆزایکی نەتەوەیی و ئایینی هەنجەتێکە بۆ لاوازییەکان

## هەڵوەستەیەک لەسەر پیادەکردنی تیرۆرو توندوتیژی دژی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان لەناوچە جێناکۆکەکان بەگشتی و موسڵ بەتایبەتی

**عێراق لە ریزبەندی دەوڵەتانی فاشیلدایە، ئەگەر پلەی یەکەم نەبێت ئەوا ریزی پێشەوە بەجێناهێڵێت**

**ئەو ئایدۆلۆژییە شۆڤێنیەی هەر لەسەرەتای سەدەی رابردووەوە دەوڵەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە، عێراقی وەک دەوڵەتێکی فاشیل دروستکردووە**

لەگەڵ ئەوەی ماوەی زیاتر لەحەوت ساڵە رژێمی دیکتاتۆریی لە عێراقدا رووخاوەو هەوڵەکان لەسەر بنەمای فرەیی و پێکەوە ژیانی برایانە بە ئاراستەی بونیادنانەوەی عێراقێکی نوێن، بەڵام تائێستا عێراق تەنیا لە پۆلێنی دەوڵەتانی جیهاندا لە دوو بواردا لەریزی پێشەوەیە:

١- لە ریزبەندی دەوڵەتانی فاشیلدا ئەگەر پلەی یەکەم نەبێت ئەوا سێ یەکەمەکەی پێشەوە بەجێناهێڵێت.

٢- لەریزبەندی ئاستی گەندەڵیشدا چەندین ساڵە جێگۆڕکێ بە پلەی سێیەم و دووەم دەکات، ئەمەش واتە یان ساڵێك دەکەوێتە دوای سۆدان و پێش مینیمار دەکەوێت، یان دەکەوێتە دوای مینیمار و پێش سۆدان دەکەوێت.

هۆکاری سەرەکی رزگار نەبوونی عێراق لە ریزبەندی یەکەمەکانی دەوڵەتە فاشیلەکانی جیهان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ئایدۆلۆژییە شۆڤێنیەی هەر لەسەرەتای سەدەی رابردووەوە دەوڵەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە، عێراقی وەك دەوڵەتێکی فاشیل دروستکردووەو هەموو کات لەعێراقدا فرەیی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی وەك هۆکارێك بۆ لاوازبوونی دەوڵەتەکە سەیرکراوە، بۆ ئەوەی عێراقیش لەم خاڵە لاوازە رزگاری بێت، بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق هەتا رووخانی رژێمی پێشووی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣ بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەی فرەیی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی لەعێراقدا کراوە:

١- لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە حکومڕانی لەعێراقدا تەسلیمی کەمینەی سوونە کراوە بۆیە بەهیچ جۆرێك نەتوانراوە بیر لە دیموکراتی بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە هەوڵدراوە کە لە عێراقدا سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی پیادەبکرێت.

٢- هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە هەوڵدراوە کێشەی کورد بەزەبری هێز سەرکوت بکرێت و شتێك نەبێت لە عێراقدا ناوی کورد و کێشەی کورد بێت، ئەمە لە بیستەکانی سەدەی رابردووە دەستی پێکرد هەتا گەیشتە ئەوەی لە هەشتەکانی سەدەی رابردوو شاڵاوی بەدناوی ئەنفال دژی بارزانییەکان و پاشان شاڵاوی ئەنفالی سەرتاسەری و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاویان بەکارهێنا.

٣- هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە هەوڵدراوە مەزهەبی شیعە وەك دوژمن سەیر بکرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێڕەوانی مەزهەبی شیعە زۆرینەی وڵات پێکدەهێنن، بەڵام هەموو جۆرە توندوتیژییەك لە دژیان بەکار هات بۆ ئەوەی لە دەسەڵات دووربخرێنەوە.

٤- سەبارەت بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکەی عێراق بە تایبەتی پێڕەوانی ئایینی کریستیان و یەزیدی و هەروەها برا تورکمانەکانیش، سیاسەتی راستکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ( تصحیح القومیە ) دژی ئەو نەتەوەو ئایینە جیاوازانە پیادەکراوە و هەوڵدراوە ناسنامەی نەتەوەییان لە تورکمان و کلد و ئاشووری و کوردەوە بگۆڕێت بۆ عەرەب.

٥- حکومەتەکانی پێشووی عێراق هەوڵیانداوە بە رێگەی سیاسەتی بە عەرەب کردن، دیموگرافیای ناوچە کوردستانیەکان بگۆڕن، هەر لەشەنگارەوە تاخانەقین و بەدرەو جەسان ئەویش بە هێنانی عەرەب بۆ ئەو ناوچانە و دەرکردنی کورد و تورکمان و کریستیان لە شوێنی زێدی خۆیان.

## رەنگدانەوەی ئەم بیرە شۆڤێنیە لە پرۆسەی سیاسیی دوای رووخانی رژێمدا

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی بەعس، کە نوێنەرایەتی بیری شۆڤێنی عەرەبی دەکرد لە عێراقدا و ئەم لەبەر ئەوەی بەم بیرە شۆڤێنییە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵ حکومڕانی عێراق کرابوو، بۆیە دوای ئەوەی ئەم بیرە لە حکومڕانی عێراقیشدا نەما، بە شێوازی پیادەکردنی تیرۆر و توندوتیژی لە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان دژ بەهەموو کوردستانییەکان بە ( تورکمان و ئاشووری و کلدان و یەزیدییەکان)ەوە سەری هەڵدایەوە، هەوڵدرا جارێکی دیکە بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلی بەمین چێنراو و تەقینەوەی خۆکوژی و هەڵکوتانە سەر خێزانەکانیان، ئەو نەتەوە غەیرە عەرەبانە ناچار بکەن شوێنی زێدی خۆیان بەجێبهێڵن و رووبکەنە ناوچانەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێگومان هەرێمی کوردستان نەك هەر دەرگای ئاوالایە بۆ هەموو ئەو نەتەوە غەیرە عەرەبییە کوردستانیانەی دەکەونە بەر شاڵاوی تیرۆر و توندوتیژی، هەرێمی کوردستان دەرگای والایە بۆ پێشوازی لەو برا عەرەبانەشی کە لە ترسی تیرۆر و توندتیژی روودەکەنە کوردستان.

بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردنە و پێویستە هەموو لەسەری رابوەستین ئەوەیە کە پاشماوەی کۆنە بەعسییەکان خاوەنی بیرێکی شۆڤێنین و ئەوەی ئێستا لە رێگەی تیرۆری دامەزراوەیی دەوڵەتییەوە دژی هاووڵاتیانی کوردستان پێیان ناکرێت، هەوڵدەدەن بەرێگەی کاری تیرۆریستی خۆتەقاندنەوە ئەنجامی بدەن، هەروەك چۆن پێش هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق، لە پارێزگای نەینەوا هەڵمەتێکی تیرۆر و خۆتەقاندنەوە دژی برا کریستیانەکان و یەزیدی و شەبەك و تورکمان دەستی پێکردوو، هەموو بینیمان چۆن تەلەعفەر و شەنگار بەهۆی تەقینەوە خۆکوژییەکانەوە خەڵتانی خوێن کران، کۆنە بەعسییەکان زۆر هەوڵیاندا ئەم کردوەیە بکەنە هۆکارێك بۆ چەواشەکردنی رای گشتی، بەڵام کوردستانیەکان خۆیان وەڵامی ئەو تۆمەتە بێ بناخانەیان دایەوەو هەر خۆشیان سوپاسگوزاری

لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە حکومڕانی لەعێراقدا تەسلیمی کەمینەی سوونە کراوە بۆیە بەهیچ جۆرێک نەتوانراوە بیر لە دیموکراتی بکرێتەوە

لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە هەوڵدراوە مەزهەبی شیعە وەک دوژمن سەیر بکرێت



**سیاسەتی (تصحیح القومیة) لە دژی کریستیان و برا یەزیدی و تورکمانەکانیش پیادە کراوە..**

**هەرێمی کوردستان نەک هەر دەرگای ئاواڵایە بۆ هەموو ئەو نەتەوە غەیرە عەرەبییە کوردستانیانەی دەکەونە بەر شاڵاوی تیرۆر و توندوتیژی، هەرێمی کوردستان دەرگای واڵایە بۆ پێشوازی لەو برا عەرەبانەشی کە لە ترسی تیرۆر و توندتیژی ڕوودەکەنە کوردستان**

خۆیان پێشکەشی سەرۆکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەوەی لەڕوودانی هەرکارێکی تیرۆریستی دژی کوردستانیەکان لە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوجا ئەو کارە تیرۆریستیانە لە شەنگار دژی کوردستانیەکان بکرێت یان لە خانەقین ئەوا دەستبەجێ حکومەتی هەرێمی کوردستان هاریکاری پێویستی گەیاندۆتە ئەو شوێنانە و دەرگای نەخۆشخانەکانی کوردستانی بۆ پێشوازی بریندارەکان واڵاکردووە و ئەوەشی لە هەرێمی کوردستان چارەسەری بۆ نەکرابێت ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کراوە.

**کوردستانیەکان لە تیرۆر و تۆقاندن بەهێزترن و هەر دەشگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

ئامانجی شۆڤێنەکان و تیرۆریستان تێکدانی پێکهاتە مۆزاییکی نەتەوەیی و ئایینی کوردستانە، دەیانەوێت بەم کارە تیرۆریستیانە و بەزەبری هێز کوردستانییەکان بترسێن و لەو بڕیارە پاشگەزیان بکەنەوە کە دەیانەوێت ڕۆژێك زووتر مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و بگەڕێنەوە سەرهەرێمی کوردستان، کوردستانییەکان بە جیاوازی نەتەوەو ئاینیانەوە، بە تایبەتی کریستیان و تورکمانەکان بە چاوی خۆیان واقیعی ئێستای ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبینن و دەزانن لە ناوچەکانی ژێردەستی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن براکانیان لەو هەرێمە بە مافە سیاسیی و کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی



خۆیان شاد بوون و چۆن بەشداری لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی حکومڕانی لەکوردستاندا دەکەن، هەروەها زۆر باشیش لەو بڕیارانەی سەرۆکی کوردستان تێدەگەن کە بەرانبەر نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان داویەتی:

١- لە هەرێمی کوردستاندا نەتەوەی جیاواز هەیە بەڵام نەتەوەی کەمینەو زۆرینە نییە، نەتەوە هەر نەتەوەیە و ژمارەی دانیشتووان پێناسەی نەتەوە ناکات.

٢- هەموو ئایینەکانی کوردستان وەك یەك ڕێزیان لێدەگیرێت و پێڕەوانی هەر ئاینێك بە ئازادی ڕێورەسمی ئایینی خۆی پیادە دەکەن.

٣- سەبارەت بە دیاریکردنی مافی نەتەوەکان لە دەستووری کوردستاندا، سەرۆکی کوردستان بڕیاریداوە نەتەوەکان خۆیان بەوجۆرەی دەیانەوێت مافەکانیان لە دەستووردا دیاری بکرێت و خۆیان بڕیار لەسەر بەڕێوەبردنی خۆیان بدەن.

شۆڤێنییەکان و کۆنە بەعسییەکان دەزانن کوردستانییەکان بەس هێندە مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێبەجێبکرێت، دەزانن دەنگ بۆ گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەدەن، بۆیە دەیانەوێت بەزەبری تیرۆر و تۆقاندن جارێکی تر کوردستانییەکان لە زێدی خۆیان دەربکەن و جارێکی دیکە ئەو ناوچانە تەعریب بکەنەوە، بەڵام ئەو سەردەمە ڕۆیشت ئەو خەونەیان بێتە دی و ناتوانن دژی ئیرادەی گەلی کوردستان ڕابوەستنەوە.

**ئامانجی شۆڤێنییەکان و تیرۆریستان دەیانەوێت بەم کارە تیرۆریستیانە و بەزەبری هێز کوردستانییەکان بترسێن و لەو بڕیارە پاشگەزیان بکەنەوە کە دەیانەوێت ڕۆژێک زووتر مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و بگەڕێنەوە سەرهەرێمی کوردستان**

**سەرۆکی کوردستان بڕیاریداوە نەتەوەکان خۆیان بەوجۆرەی دەیانەوێت مافەکانیان لە دەستووردا دیاری بکرێت و خۆیان بڕیار لەسەر بەڕێوەبردنی خۆیان بدەن**

مەتران جەرجیس موسا مەترانی ئەبریشەیەی موسڵ بۆ گوڵان:

# سوپاس بۆ خواوەند لەهەرێمی کوردستاندا لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن هەیە، ئومێدی ئێمە ئەوەیە هەموو عێراق لاسایی هەرێمی کوردستان بکەنەوە



مەتران جەرجیس ئەلقس موسا مەترانی ئەبریشەیەی موسڵە بۆ سریانی کاسۆلیك و ئێستا لە قەرقوش دادەنیشێت، پێشتریش بەڕێز مەتران جەرجیس لە موسڵ فڕێنراوە و دوای ئەوەی شالاوێکی گەورەی توندوتیژی لە دژی سەری هەڵداوە ناچاربوون ئازادی بکەن، مەتران جەرجیس یەکێکە لە زانا ئایینییەکانی مەسیحی و کەسایەتییەکی دیاری کریستیانە، سەبارەت بەو کارە تیرۆر و توندوتیژییانەی دژی برا کریستیانەکان بەگشتی لە عێراق و بەتایبەتی موسڵ ئەنجامدەرێت، بە پێویستمان زانی رای بەڕێزی وەربگرین، ئەمیش بە سوپاسەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

**ئەنجامدانی کارەکانی توندوتیژی و تیرۆر لەدژی نەتەوەیەک کە یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکانی عێراق، درێژەدانە بۆ کارێک کە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا روویداوە**

**فرەیی چارەنووسی هاووڵاتییە عێراقییەکانە**

*** پێش هەموو شتێك، ئایا راتان بەرامبەر ئەو شاڵاوە توندوتیژی و تیرۆریستییانەی دژی برا کریستیانەکان روودەدەن، چییە؟**

- سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی مایەی داخە ئەو جۆرە کارانە لەدژی عێراقییەکان رووبدات، بە تایبەتی لەدژی بەشێك لە عێراق، بە رەچاونەکردنی ئایین و نەتەوەی ئەو لایەنەی کە کراوە بە ئامانج. بەڵام ئەگەر بێت و بڕۆینە سەر باسی ئەوەی کە کریستیانەکان کراون بە ئامانجی ئەو کارانە، ئەوە کارەساتە. لەبەرئەوەی ئەنجامدانی کارەکانی توندوتیژی و تیرۆر لەدژی نەتەوەیەك کە یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکانی عێراق، درێژەدانە بۆ کارێك کە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا روویداوە، مێژووی کۆن و مۆدێرنمان ئێمەی پێناسەکردووە بە خۆشەویستیمان بۆ خاکی عێراق، هەروەها بۆ ئەم ناوچەش سۆزێکی کولتووری و مێژوویی و دێرینمان هەیە. بێگومان بەدرێژایی مێژوو لەدوای ئەو هەموو جەنگ و شەڕو راگواستنەی کە بەسەر کریستیانەکاندا هاتووە، جگە لە دیاردەکانی پێشێلکردنی مافە سرووشتی و یاساییەکان و مافەکانی مرۆڤ و چەوساندنەوەی نەتەوەکەمان، ژمارەمان کەمبووەوە ئەمڕۆ لەرووی دیموگرافییەتەوە بووین بە کەمینە. بەڵام شێوازی ئەدائی کریستیانەکان لە رووی کولتووری و خزمەتگوزاری و زانستی و دامەزراوەیی لە ژمارەکەمان زیاترە. بۆیە کە ئەو کەمینەیە دەکرێت بە ئامانج، هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد کارەساتێکە بۆ داهاتووی عێراق، هەروەها نەمانی ئەم جۆرە نەتەوانە لە گۆڕەپانی عێراق ریشەکێشکردنی توخمێکی سەرەکییە لە پێکهاتەی گەلی عێراق.

*** عێراق دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە، بەڵام ئەم فرەییە تا ئێستا نەبۆتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەردەوام لە لایەن رژێمەکانی عێراقەوە هەوڵدراوە ئەم فرەییە نەهێڵرێت و لە چوارچێوەی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و ئایینی بتوێنرێنەوە، بۆیە هەموو کات عێراق ئاڵۆز و ناسەقامگیر بووە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی بەردەوام رژێمەکانی عێراق هەوڵیانداوە ئەم دیاردەی فرەییە لە عێراقدا نەهێڵن؟**

- دیاردەی فرەیی دیاردەیەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە، هیچ دیکتاتۆرێکی جیهان لە رابردوو و لە ئایندەدا ناتوانێت ئەم خەسڵەتە ریشەکێش بکات، لەبەرئەوەی فرەیی سرووشتێکی مرۆڤانەیە، لە هزرو رای سیاسی

و ئاراستەی ئایینی، هەروەها فرەیی بەشێکە لە ناخی مرۆڤ لە پێکهاتەی دەروونی و سایکۆلۆژی و رەگەزی و نەتەوایەتیی ئەو مرۆڤە. هەربۆیە، دەتوانم بڵێم ئەو لایەنانەی کە مەبەستیان نەهێشتنی فرەییە لە عێراق، ئەوە پێشوەختە دۆڕاون. لە لایەکی ترەوە، من لەو کەسانەم کە باوەڕم بەو چەمکە هەیە کە فرەیی چارەنووسی هاوولاتییە عێراقییەکانە. لە یەکێك لە سەردانەکانمدا لەگەڵ شاندێك بۆ لای بەڕێز (مام جەلال) پێم وت: (مام جەلال)، هزرێك لە عێراقدا هەیە کە هیچ گرووپێك ناتوانێت فەرمانڕەوایی گرووپێکی تر بکات، هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ لەسەر نەتەوەیەکی تردا زاڵ بێت. ئێمە وەك خێزانێك چارەنووسمان ئەوەیە بەشێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە بژین، لەبەرئەوەی بەپێچەوانەوە یەکێکیان یان هەردووکیان دەڕووخێن». هەر بۆیە، بەڕای من پێویستە لەسەر هەموومان تێبکۆشین و هەوڵبدەین، بەتایبەتی ئێمەی رووناکبیرو پیاوانی ئایینی و سەرکردە رۆحییەکانی وڵات، بەردەوام بانگەشە بکەین بۆ برایەتی و لێبوردەیی و دیالۆگ و هەڵدانەوەی لاپەڕی دانوستان. ئەگەر بەردەوام بین لەسەر ریشەکێشکردنی لایەنی بەرامبەر، لەکۆتاییدا هەموومان لەناودەچین. ئەمە چارەنووسێکە لەسەرمان.

*** لە دوای ساڵی ١٩٩١ کە نەوای ئارام بۆ هەرێمی کوردستان لە عێراقدا دروستکرا، نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پێکەوە دەژین و هەموویان بە گیانی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردنەوە سەرقاڵی بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیانن، هەربۆیە ئێستا لە هەرێمی کوردستان مزگەوت و کەنیسە پێکەوە ئاوەدان دەکرێنەوە، پرسیار ئەوەیە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، ئایا بۆچی ئەم گیانی لێبوردەییە لە عێراقدا دروست نابێت؟**

- باوەڕتان هەبێ ئەوە خەون و هیوامانە، هەمیشە هیوای ئەوە دەخوازین کوردستان ببێت بە نموونەیەك بۆ تەواوی عێراق. سوپاسی خوداوەند دەکەم کە بەشێکی عێراق ئەو شێوازەی گرتۆتەبەر، بۆئەوەی پارچەکانی عێراق بەهەمان رێچکەدا بڕۆن و لاسایی بکەنەوە دوای ماندووبوونیان لەو رێگەیەی کە بەکاری دێنن. حەزدەکەین هەرێمی کوردستان ببێت بە توخمێکی سەرەکی لە بڵاوبوونەوەی سەروەریی یاساو جێبەجێکردنی دەستوور و دیاردەکانی لێبوردەیی و ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لە نێوان هەموو هاوولاتییە عێراقییەکان. سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان سەرقاڵە بە بونیاتنانەوەی هەرێمەکەی و ئەنجامدانی پرۆژەکانی، هیوادارم کوردستان کاربکات بۆ بڵاوکردنەوەی چەمکی هاوکاری و فەلسەفەی یارمەتی و کرانەوەو لێبوردەیی و قبووڵکردنی کەسی بەرامبەر لە هەموو پارچەکانی عێراق.

*** لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە بەشێکی زۆری کریستیانەکانی ناوچەکانی موسڵ داوای ئەوە دەکەن ببنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، بەڵام پاشماوەکانی رژێمی پێشووی بەعس ئەمەیان پێ قبوڵ ناکرێت، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستیان کرد بە تیرۆرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئایینی کریستیان، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە بەدەیان خێزانی کریستیان ناوچەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و بێنە کوردستان، لە هەفتەی رابردووشدا دیسان ئەم دیاردەی تیرۆری برا کریستیانەکان دەستی پێکردووەتەوە بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن شوێنی خۆیان بەجێبهێڵن، ئایا تاچەند ئەم کردارە نامرۆڤانەیەی پاشماوەکانی بەعس ئەنجامیدەدەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاردانەوەی لەسەر دەبێت؟**

- لەراستیدا دەمەوێ وەڵامی بەشی سەرەکیی ئەو پرسیارەتان بدەمەوە. هیوای ئەوە دەخوازین لێکۆڵینەوە بۆ ئەو هەموو رووداوانە ئەنجامبدرێت، مەبەستم لە لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە لە سەرەتای دروستبوونی رووداوەکە دەستپێبکات تا کۆتایی، بەشێوەیەك کە لێکۆڵینەوە دادوەرییەکان بە راستگۆیانەو دادپەروەرانە بەڕێوەبچێت، تەنانەت ئەگەر لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتیش بێت، ناکرێ کەیسەکە بگاتە خاڵێکی دیاریکراو و پاشان دۆسیەکان دابخرێن و کۆتایی پێنەهێنرێت. چەندین جار داوامانکرد لێکۆڵینەوەکان تەواو ئەنجامبدرێن و بەپێی یاسای عێراقی سزای یاسایی بگەیەندرێت بەو کەسانەی کە تۆمەتەکانیان لەسەر سەلمێندراوە، هەروەها لێکۆڵینەوەکان شەفافبن بەشێوەیەك کە گەلی عێراقی مافی بینینی ئەو شتانەی هەبێت. ئەمڕۆش هەمان داواکاری دەکەینەوە، بۆئەوەی تاوانباران بێ سزا نەمێننەوەو بەردەوام نەبن لەو دەستدرێژییانە.

*** ئێستا لەو ناوچانەی کە پێیان دەگوترێت ناوچەی جێ ناکۆك لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشە عەرەبییەکەی عێراق، هەڵمەتێکی ترس و تۆقاندن دژی هەموو ئەو نەتەوەو ئایینانە دەستی پێکردووە کە غەیرە عەرەبن و ئیسلام نین وەك کریستیان و یەزیدی، ئایا تاچەند ئەم کارە دەبێتە هۆکاری دووبارە ئاڵۆزبوونەوەی باری سەقامگیری عێراق؟**

- ئەگەر ئێمە وەکو تاکێکی کۆمەڵگە وەکو نەتەوەیەك پەنا نەبەینە بەر دیالۆگ بۆ مەبەستی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەو بەسەربردنی ژیان لەو رێوشوێن و ناوچەیەی کە خۆمان هەڵیدەبژێرین، ئەوە هیچ کەس و لایەنێك تەنانەت بە فشارو زۆرەملێش ناتوانێ بگاتە هیچ ئاکامێك. بۆ نموونە سەبارەت بە ئێمە، سەدان ساڵە ئێرە ناوچەی ئێمەیەو تیایدا دەژین، باب و باپیرانمان لێرە بوونەو شوێنەکە بۆ ئێمە ماوەتەوە، تەنانەت لە چواردەورەی گوندەکانمان کڵێسا هەیە، بەواتای گوندەکانمان تەنانەت پێش هاتنی ئایینی کرستیانییەت بوونی هەبووە، ئایینی کرستیانییەت تەمەنی ٢٠٠٠ ساڵە، بە ٦٠٠ ساڵ پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، بەو شێوەیە، ئێمە خوێن و رەگ و ئارەقمان لەم خاکەدایە. سەبارەت بە کێشە سیاسییەکانیش، سەرکردەو سیاسەتمەدارمان هەیە کە لەو بارەیەوە کارەکانی دانوستان و دیالۆگ و گفتوگۆ ئەنجام دەدەن، بەڵام داخەکە ئەوەیە کە ئێمە بووین بە سووتەمەنییەك بۆ ململانێ سیاسییەکان.

*** هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەی عەرەبی شۆڤێنی عێراق دژی کورد و تورکمان و کریستیانەکان پیادەی دەکەن، کارە توندوتیژیەکانیش وەك خۆ تەقاندنەوە و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکانی کورد و تورکمان و کریستیان روو لە زیادبوونە، ئایا تاچەند ئەمە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی شەڕی ئەتنی و تائیفی لە عێراقدا؟**

- لە خوداوەند دەپاڕێمەوە شەڕی تایفەگەری روونەدات. سەبارەت بە زیادبوونی کارەکانی توندوتیژی لە ناوچەکانی کوردو تورکمان و سریان و کرستیان، ئەوە بارێکە کە هەموو عێراقی گرتۆتەوە، نە رەمادی لێی رزگاری بووەو نە بەغداو سامەڕاو نە بەسرە، تەواوی عێراق وەکو ئەو مەنجەڵەی لێهاتووە کە ئاوەکەی دەکوڵێت. هەر بۆیە، ئەوە بەسیەتی و پێویستە بگەڕێینەوە سەر هۆش و بیرو هزری خۆمان بۆئەوەی بڕوانین لە داهاتوو و پێکەوەژیانمان لەگەڵ یەکتری.

*** ئەگەر پاشماوەکانی بەعس بەمجۆرە رەفتار بکەن و حکومەتی عێراق بێدەنگ بێت، ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت سنوورێك بۆ ئەم کارانە دابنێت؟**

- هیچ پزیشکێك لە جیهان ناتوانێت نەخۆشێك چارەسەربکات گەر خۆی نەیەوێت. ئەگەر خۆمان نەمانەوێ یارمەتیی خۆمان بدەین، ئەوە هیچ هێزێکی نێودەوڵەتی ناتوانێت یارمەتیمان بدات و لەو بارەیەوە شکست بەدەست دێنێت.

**هەمیشە هیوای ئەوە دەخوازین کوردستان ببێت بە نموونەیەک بۆ تەواوی عێراق. بۆئەوەی پارچەکانی عێراق بەهەمان رێچکەدا بڕۆن و لاسایی بکەنەوە**

**هیوای ئەوە دەخوازین لێکۆڵینەوە بۆ ئەو هەموو رووداوانە ئەنجامبدرێت، بەشێوەیەک کە لێکۆڵینەوە دادوەرییەکان بە راستگۆیانەو دادپەروەرانە بەڕێوەبچێت، تەنانەت ئەگەر لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتیش بێت**

**محەمەد گروسی بۆ گوڵان:**

# لە کوردستان کولتووری لێبوردەیی هەیە، بەدرێژایی مێژووی کوردستان کریستیانێک لەبەر جیاوازی ئایینەکەی رووبەڕووی توندوتیژی نەبۆتەوە



**پرۆفیسۆر محەمەد گروسی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تەکساس و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئیتنییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا و عێراق، هەورەها پسپۆڕە لەسەر کێشەی کورد لە عێراق و تورکیا، بۆ قسەکردن لەسەر کێشە ئیتنی و ئاینییەکان بە شێوەیەکی گشتی و بارودۆخی سیاسیی عێراق و ئەو شاڵاوە تیرۆر و توندوتیژیەی ئێستا دژی کریستیانەکان پیادە دەکرێت، پرۆفیسۆر گروسی بەمجۆرە بۆ گوڵانە هاتە ئاخاوتن.**

*** عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی دروستبوونی کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان، لە هەمان کاتدا هەموو رژێمە پێشووەکانی عێراق هەوڵی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵاتیان داوە و ئەمەش سەریکێشاوە بۆ ناسەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی رژێمە یەك لە دوای یەکەکان هەوڵی سڕینەوەی ئەم فرەییان داوە؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن راستە، مەبەستم ئەوەیە رژێمی سەددام حوسێن بەم شێوەیە رەفتاری دەکرد. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەرگیز فرەیی کۆسپێك نەبووە لەبەردەم دیموکراسیدا، بەڵکو ئەوە نوخبە و سەرکردە سیاسییەکانن کە ئەم فرەییە دەکەنە سەرچاوەی کێشە، روونتر بڵێم سیاسەتی سەرکوتکاری دەسەڵات یان رژێمەکە فرەیی ئایینی یاخود فرەیی ئیتنی دەگۆڕێت بۆ کێشەیەکی سیاسی، بۆ نموونە کوردبوون لە عێراقدا نەدەبووە کێشەیەکی سیاسی، ئەگەر رژێمی سەددام سیاسەتێکی سەرکوتکارانەی نەگرتایەتەبەر. کەواتە کێشە لە بوونی فرەییدا نییە، کێشە لە چۆنیەتی ئیدارەدانی و گونجاندنی ئەو فرەییەدایە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت رژێمی دەسەڵاتدار نەك هەرتەنیا بواری بوونی فرەیی بدات، بەڵکو دەبێت هەڵبستێت بە پاراستنی ئەو فرەییەی لە ئارادایە، ئەو کاتە لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان دەتوانن بە ئاشتی و دیموکراتی پێکەوەبژین، چونکە ئێمە لەم رووەوە چەندین وڵاتی ئەورووپی بەدی دەکەین، بۆ نموونە بەلجیکا، بەریتانیا، هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە سەرەڕای بوونی فرەیی تێیاندا، ئەوا دیموکراسی و دامەزراوەگەلی دیموکراسیان هەیە.

*** ئێمە دەزانین هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە کوردستانی عێراقدا چەندین نەتەوە و ئایینی جیاواز پێکەوە لەم هەرێمەدا دەژین، بۆ نموونە ئێمە دەبینین مزگەوت و کڵێسا لە پاڵ یەکدا دروست دەکرێن، هەروەها خەڵکی ئەم هەرێمە سەرقاڵە بە پرۆسەی بنیاتنانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم لێبوردەییە لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەدی ناکرێت، لە کاتێکدا کوردستان بەشێکە لەم وڵاتە؟**

- هەرێمی کوردستان لە رووی بەدەستهێنانی ئامانجە دیموکراسیەکانەوە لەچاو عێراقدا لە پێشترە. پێموایە ئەمە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بریتییە لەوەی کوردەکان مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لە رووبەڕووبوونەوەی سەرکوتکاری، بۆ نموونە هەر لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تاوەکو شکستی سەددام لە شەڕی کەنداوی یەکەمدا، کوردەکان بەرەنگاری دەسەڵاتە

هەرگیز فرەیی کۆسپێک نەبووە لەبەردەم دیموکراسیدا

کوردبوون لە عێراقدا نەدەبووە کێشەیەکی سیاسی، ئەگەر رژێمی سەددام سیاسەتێکی سەرکوتکارانەی نەگرتایەتەبەر

هەرێمی کوردستان لە رووی بەدەستهێنانی ئامانجە دیموکراسیەکانەوە لەچاو عێراقدا لە پێشترە

سەرکوتکارییەکان بوونەتەوە، واتە کوردەکان لەم ڕووەوە قوربانیەکی زۆریانداوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، لەبەر ئەوە هەوڵدەدەن جارێکی دیکە کەمینەکان یان نەتەوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دووچاری هەمان زوڵم و سەرکوتکاری نەبنەوە کە خۆیان بە دەستیانەوە دەیانناڵاند، لە لایەکی دیکەوە کوردەکان هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدەن، هەوڵی بەدەستهێنانی ئیعتیرافێکی نێودەوڵەتی دەدەن بە بوون و واقیعی ئەم هەرێمە، لەبەر ئەوە لەم ڕووەوە زۆر بە وریایی و هەستیارییەوە ڕەفتار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە.

*** یەکێك لە کێشە گەورەکانی عێراق کێشەی دەرکردنی مەسیحییەکانە لە شاری موسڵدا کە لە ماوەی ڕابردوودا لە لایەن شوێنکەوتووانی پێشووی بەعسەوە ئاوارە دەکران و ئەوانیش پەنایان بۆ کوردستان دەبرد، ئێستا ئەوەی بەدی دەکەین کە شەپۆلێکی دیکەی دەرکردن دژی غەیرە عەرەب و غەیرە موسڵمانەکان، وەك مەسیحی و یەزیدییەکان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەستی پێکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بە دەستێوەردان دەکات؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە لە کوردستان پێکهاتە و مەزهەبی ئایینی جیاواز لە ئارادان، بەڵام ئەوەی پێوەندی بەو کێشەیەوە هەبێت کە ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوا باوەڕم وایە کوردەکان وەك پێویست هەڵنەساون بە ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی واقیعەکە و حەقیقەتی بارودۆخەکە بۆ جیهانی دەرەوە، هەر ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی چەندین ڕاپۆرت و وتار لە ڕۆژنامە گەورەکانی ئەمریکادا باس لە کێشە و سەرکوتکاری دژی مەسیحییەکان بکەن لە کوردستاندا. لێرەدا دەڵێم لە کوردستاندا کولتوورێك هەیە کە لێبوردەیە لە ئاست ئایینە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە بە درێژایی مێژوو مەسیحییەکان ڕووبەڕووی سەرکوتکاری نەبوونەتەوە لەبەر ئەوەی ئایینێکی جیاوازیان هەیە، کەواتە لەم ڕووەوە دەبێت کوردەکان هەوڵبدەن سیستمێکی دیموکراتی و عەلمانی جێگیر بکەن لە هەرێمەکەیاندا، بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ تێکڕای ئایین و تائیفە جیاوازەکان دروست بێت تاوەکو بەشداری تێدا بکەن، بە تیڕوانینی من ئەمە ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت، لەبەر ئەوەی ڕاستە کوردەکان موسڵمانن، بەڵام ئەوەی کوردەکان دەجووڵێنێت، زیاتر پاڵنەرە نەتەوەیی و عەلمانیەکانە.

*** ئێمە دەزانین حاڵی حازر لە عێراقدا حکومەتێك هەیە کەتەنیاکارەکان ڕایی دەکات، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، بەڵام هێشتا حکومەت پێك نەهێنراوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە هۆکارێك دەبێت بۆ ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی تائیفی و ئایینی لە وڵاتەکەدا و تا چ ڕاددەیەك ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، لە ڕاستیدا دیموکراسی لە عێراقدا نوێیە، ئێمە دەزانین هەمیشە دیموکراسی لەم قۆناغەدا لەرزۆکە، لەبەر ئەوە لە هەموو ساتێکدا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت هەرەس بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، باوەڕم وایە ڕۆژگاری بەعس و سەددام بەسەرچوو، واتە جارێکی دیکە عێراق ناگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە، هەروەها جارێکی دیکە ناتوانرێت ئۆتۆنۆمی کوردستان فەرامۆش بکرێت، چونکە ئەم هەرێمە بۆتە گەمەکارێکی سیاسی و ئابووری نەك هەر لە عێراقدا، بەڵکو لە سەر شانۆی سیاسی جیهانیش. لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە زۆرینەی پێکهاتەی عێراق شیعە مەزهەبن، نزیکەی لە سەدا ٦٠ خەڵکی وڵاتەکە، دەبێت تەقدیری ئەمە بکرێت و لە هەمان کاتدا دەبێت کار بۆ ئاوێتەکردنی سوننەکانیش بکرێت، ئەگەرنا ئەگەری سەقامگیربوونی وڵاتەکە ئەگەرێکی لاواز دەبێت.

*** چۆن بارودۆخی عێراق دەخوێننەوە دوای ئاشکراکردنی هەڵبژاردنەکان بە تایبەتی لە ڕووی هەوڵدانی لایەنە جیاوازەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانن حکومەت پێکبهێنن؟**

- پێموایە ئەو مشتومڕەی لە عێراقدا ڕوودەدات نیشانەی ئەوەیە کە دیموکراسی لەو وڵاتەدا بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆ نموونە ئێمە لە کوردستان و عێراقیشدا سەرهەڵدانی لایەنی نوێ و جیاوازمان بەدی کرد، کە ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی کولتووری دیموکراسی زیاتر بەرەوپێش بچێت، ئەگەر ئێمە لە کاریگەری سەرهەڵدانی لایەنی سێیەم بڕوانین لە کوردستاندا، ئەوا بەو دەرئەنجامە دەگەین لە مەودای دووردا دەبێتەهۆی دروستکردنی فشار بۆ سەر نوخبە سیاسییەکەی هەردوو پارتە سەرەکیەکە بۆ ئەوەی پتر لە ئاست داخوازییەکانی خەڵکدا بن و دەسەڵات زیاتر لە ئاست بەرپرسیارێتیدا بێت و زۆرتر بکەوێتە ژێر چاودێرییەوە. ڕاستە ئەمانە ئەرکگەلێکی ئاسان نین، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین کە هەرگیز ڕێگەی دیموکراسی ڕێگەیەکی ئاسان نەبووە. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنەکان هەنگاوێکی باش بوون، لەبەر ئەوەی ئێمە بینیمان هەندێ لایەن، بۆ نموونە ئەلعێراقیە بە سەرکردایەتی عەللاوی کە کەسایەتیەکی شیعەیە لە لایەن کۆمەڵە کەسایەتییەکی سوننی عەلمانیەوە پشتگیری لێکرا، مەبەستم ئەوەیە سەرهەڵدانی لایەنگەلێك کە لەلایەن پێکهاتە و تائیفە جیاوازەکانەوە پاڵپشتی لێدەکرێت، ئاماژەی بەرەوپێشچوونی دیموکراسیە و دوورکەوتنەوەیە لەو دیموکراسیەتە تائیفیەی کە لە لوبناندا لە ئارادایە.

*** هەندێ کەس ئاماژە بەوە دەکەن کە کولتووری دیموکراسی لە عێراقدا بوونی نییە و ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش تەنیا بۆ ئەوەیە پارتە سیاسییەکان ململانێی دەسەڵات بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە لەو باوەڕەدان خەڵکی عێراق بتوانێت دیموکراسی پیادە بکات، یاخود بتوانرێت سیستمە سیاسییەکە لە عێراقدا بە دیموکراتی بکرێت؟**

- ئێوەش ئەو ڕاستیە دەزانن کە هەمیشە لە ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوادا تێڕوانینێکی ڕەشبینانە هەیە لە ئاست بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە هەمیشە ئاماژە بەوە دەکرێت ئیسلام و دیموکراسی لەگەڵ یەکدا ناگونجێن، خەڵکی ئەم وڵاتانە ئامادەی قبوڵکردنی دیموکراسی نین، بەڵام باوەڕم وایە مەرج نییە ئەم تێڕوانینە ڕاست بێت، لەبەر ئەوەی دیموکراسی پەیوەستە بە ڕەخساندنی بوار بۆ بەشداریکردنی هاووڵاتیان و دروستکردنی دەرفەت بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکدا هاوکاری بکەن بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان. کەواتە لەم ڕووەوە لەو باوەڕەدام لە کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە کولتووری کوردیدا کە من خۆم کوردم و شارەزاییم هەیە، پێکهاتە و توخمی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی بیانکەینە بناغەی بنیاتنانی دیموکراسی، مەرج نییە هەمان ڕێگە و ڕێچکەی ڕۆژئاوا دووبارە بکەینەوە، بەڵکو دەبێت ئێمە دامەزراوەی تایبەت و شێوازی تایبەتی خۆمان هەبێت بۆ پیادەکردنی دیموکراسی، کە دەکرێت ئەوەی ئێستا لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراقدا ڕوودەدات، بە هەنگاوێکی لەقەڵەم بدەین بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو دیموکراسیەی ئاماژەم پێکرد.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من ئەوەیە ئەگەر ئەتانەوێت وڵاتێك یان هەرێمێکی ئارام و گەشەکردو سەقامگیر و دیموکراسیتان هەبێت، ئەوا بایەخ بە پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە بدەن، ئەمە کلیلی سەرەکی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونتانە، هەروەها هەوڵی تێکەڵاوی و پێوەندی بەستن بدەن لەگەڵ جیهانی شارستانیدا کە مەبەستم ڕۆژئاوا و ئەمریکایە. لەبەر ئەوەی ئێستا بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیەوە ئەم دەرفەتەتان بۆ ڕەخساوە.

**کوردەکان هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدەن، هەوڵی بەدەستهێنانی ئیعتیرافێکی نێودەوڵەتی دەدەن بە بوون و واقیعی ئەم هەرێمە**

**دەبێت کوردەکان هەوڵبدەن سیستمێکی دیموکراتی و عەلمانی لە هەرێمەکەیاندا جێگیر بکەن**

**جارێکی دیکە ناتوانرێت ئۆتۆنۆمی کوردستان فەرامۆش بکرێت، چونکە ئەم هەرێمە بۆتە گەمەکارێکی سیاسی و ئابووری نەک هەر لە عێراقدا، بەڵکو لە سەر شانۆی سیاسی جیهانیش**

قەشە خوری جابر قەشەی بەحزان بۆ گوڵان:

# ئێمە (موسڵ - مان) خۆش دەوێت بەڵام موسڵ ئێمەی ناوێت و دەرمان دەکات



**قەشە خوری جابر قەشەی کەنیسەی بەحزانی سەر بە پارێزگای موسڵ و یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی ئایینی کریستیان لە ناوچەکە، سەبارەت بەو کارە توندوتیژییانەی دژی کریستیانەکان لە موسڵ پیادەدەکرێن، قەشە خوری جابر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**پێویستە هزری پەسەندکردنی کەسی بەرامبەر لە عێراقدا هەبێ، ئەم وڵات و خاکە موڵکی هەمووانەو تەنیا تایبەت بە کەسێک یان گرووپێک یان نەتەوەیەک یان ئاینێک نییە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی نموونەیە و نموونەیەکی باشە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەو لێبوردەیی و بەرەو ئاراستەی سێکیۆلاریزم هەنگاو دەنێت**

*** ئەوە چەندین جارە کریستیانەکان لە عێراقدا رووبەڕووی شاڵاوی تیرۆر و توندوتیژی دەبنەوە، راستە پێشتر حکومەتەکانی عێراق فرەیبان لە عێراقدا پێ قبوڵنەدەکرا، بەڵام ئێستا ئەمکارە گۆڕاوە بۆ تیرۆر و توندوتیژی، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا تاچەند کولتووری سیاسیی عێراق کاریگەری لەسەر ئەم دیاردەیەی ئێستا هەیە؟**

- بەڕای من حکومەتە پێشووەکانی عێراق جەختیان نەدەکردە سەر قبوولکردنی کەسی بەرامبەر. بۆ نموونە: لەوانەیە من وەکو کەسێکی کریستیان لای ئایینەکانی تر پەسەند نەبم، مەبەستم لەلای زۆرینە لە پێکهاتەکانی عێراق. هەروەها لەوانەیە هاووڵاتییەکی عەرەب کوردێك یان سریانێك یان تورکمانێك پەسەند نەکات. بەڕای من پێویستە هزری پەسەندکردنی کەسی بەرامبەر لە عێراقدا هەبێ، ئەم وڵات و خاکە موڵکی هەموانەو تەنیا تایبەت بە کەسێك یان گرووپێك یان نەتەوەیەك یان ئاینێك نییە. ئەم وڵاتە موڵکی هەموو ئەو کەسانەیە کە خودای گەورە لەسەر ئەم خاکە خوڵقاندوویەتی، پێویستە هەموومان پێکەوە لەسەریدا بژین بە لێبوردەیی و ئاشتییانە. بەڵام هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە حکوومەتە پێشووەکان بەردەوام هەوڵیان دەدا هەندێ لە نەتەوەو ئایینەکان بتوێننەوە بۆئەوەی خۆیان وەکو زۆرینەی دەسەڵاتدار بمێننەوە لە عێراق و بەسەر کەمینەکانی دیکەدا زاڵ بن. ئەم کولتوورە کاریگەری لەسەر کارەکانی ئەم دواییەش هەبووە.

*** بەڵام هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق دەبینن باردۆخێکی جیاواز تری هەیە، لەم هەرێمە یەکتری قبوڵکردن و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە هەیە، چۆن سەیری بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن و چۆن لەو پێکەوە ژیانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەن دەڕوانن؟**

- بەڕای من، ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بۆ سیاسەتی راستی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی نموونەییە و نموونەیەکی باشە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەو لێبوردەیی و بەرەو ئاراستەی سێکیۆلاریزم هەنگاو دەنێت. چەمکی سێکیۆلاریزم پەیوەستە بە بنەمای نواندنی رێز بۆ هەمووان و بەخشینی مافی هەموو لایەك و یەکسانی لە نێوان تەواوی پێکهاتەکانی وڵات. بەڕای من حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم دەستپێشخەرە لە دەسپێکی سێکیۆلاریزم، هەر بۆیە هەست دەکەین حکومەتی هەرێم لە هەوڵدانە بۆ جوداکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت. لەبەرئەوەی ئایین پێوەندییەکی تایبەتە بە مرۆڤ لەگەڵ خوداوەند، لەکاتێکدا وڵات بۆ هەمووانە. بۆیە بەڕای من پارچەکانی تری عێراق نەگەیشتوونەتە ئەم قۆناغە و تاکو ئەمڕۆش پابەندن بە کولتوور و نەریتی کۆن کە بەدرێژایی نەوەکاندا بۆیان ماوەتەوە. هەر لەبەر هەمان هۆ دەبینین لەو بارەیەوە هەرێمی کوردستان پێش پارچەکانی تری عێراق کەوتووە.

*** لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە بەشێکی زۆری کریستیانەکانی ناوچەکانی موسڵ داوای ئەوە دەکەن ببنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، بەڵام پاشماوەکانی رژێمی پێشووی بەعس ئەمەیان پێ قبوڵ ناکرێت، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستیان کرد بە تیرۆرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئایینی کریستیان، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە بەدەیان خێزانی کریستیان ناوچەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و بێنە کوردستان، لە هەفتەی رابردووشدا دیسان ئەم دیاردەی تیرۆری برا کریستیانەکان دەستی پێکردووەتەوە بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن شوێنی خۆیان بەجێبهێڵن، ئایا تاچەند ئەم کردارە نامرۆڤانەیەی پاشماوەکانی بەعس ئەنجامیدەدەن کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی کاردانەوەی لەسەر دەبێت؟**

- ئەگەر ئێمە لە ناوەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ە بۆ راگرتنی ئەم خوێن رشتن و کارە تیرۆریستییانە نەجووڵێنینەوە ئەوە کەسانی دەرەوە هەرگیز کاردانەوەیان نابێت. بۆیە پێویستە خۆمان لە ناوەوە شتێك بکەین و بجووڵێینەوە لەبەرئەوەی گەیشتوینەتە رادەیەك کە ناکرێ چیتر لەوە زیاتر بێدەنگ بین، لەبەرئەوەی رۆژانە هەواڵەکانی کاری توندوتیژی و تیرۆریستانە لەدژی کریستیانەکاندا دەبیستین، لە قوتابی و فەرمانبەر و پیاوی ئایینی و هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵگەی کریستیانییەت، پێویستە ئەم بارە رابگیرێت و چارەسەربکرێت، لە رێگەچارەی ئاشتییانەو مرۆییانەو رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ، هەروەکو هەمووتان دەزانن ئێمە دانیشتووی نەژادو دێرینی ئەم وڵاتەین، بۆیە ناکرێ بەو شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت. لەم بارودۆخەشدا، هەرێمی کوردستان پەناگەیەکی ئارامە، نەك تەنیا بۆ کریستیانەکان، بەڵکو بۆ هەموو هاووڵاتییە عێراقییەکان لە موسڵمان و نەتەوەو ئاینەکانی تر، هەروەك دەبینین عێراقییەکان لە بەغداو موسڵ و پارچەکانی دیکەی عێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە لەپێناوی گەڕان بەدوای سەقامگیری و ئارامی و بۆئەوەی بە ئاشتییانە ژیان ببنەسەر.

*** ئایا تاچەند ئەم کارە دەبێتە هۆکاری دووبارە ئاڵۆزبوونەوەی باری سەقامگیری عێراق؟**

- ئێمە پێشوەختە بیرمان لەو بارەیەوە کردووەو هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین. لە تێڕوانینی خۆماندا، ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەسدا نییەو رقمان لە کەس نییە، ئێمە عێراقمان خۆشدەوێ، وڵاتمان خۆشدەوێ، هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق. بەڵام کێشەکەی ئێمە ئەوەیە کە لە موسڵەوە نزیکین و بە راشکاوانە دەڵێم کە موسڵ ئێمەی ناوێ. ئەگەر موسڵ ئێمەی بویستایە ئەوە کێشەکەیان چارەسەر دەکردو بارەکەیان باشتر دەکردەوە. لەوانەیە لەوبارەیەوە بڵێن: «ئێمە هیچمان پێناکرێت»، کەواتە ئیتر چۆن توانییان لەکاتی رووخانی رژێمی پێشوو پارێزگاری بکەن لە کەلوپەلی زانکۆ و دامودەزگا حکومییەکان؟ هەموویان چوونە سەر شەقامەکان و شارەکەیان لە دزو جەردە پاراست، ئەی بۆ ئێستا ناتوانن ئێمەی کریستیان بپارێزن؟ لە لایەکی ترەوە، بەڕای من هەرێمی کوردستان چارەسەری کریستیانەکانی تاکو ئەمڕۆ بەبێ چارەسەر جێهێشتووە. هەروەکو ئاماژەت پێکرد ئێمە کەوتوینەتە سەر خاکی ئەو ناوچانەی کە ناکۆکییان لەسەرە. بێئاگاو بێئەوەی دەستی ئێمەی تێدا هەبێ، چاومان کردەوە بینیمان پێمان دەڵێن: «ئێوە لەو ناوچانەن کە ناکۆکییان لەسەر هەیە»، باشە لەسەر ئەو خاڵە لاریمان نییەو رازی بووین، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: تاکەی ئێمە بەم شێوەیە بمێنینەوە؟ دیارنییە ماددەی ١٤٠ کەی جێبەجێ دەکرێت، لەوانەیە ئەمڕۆ بێ و لەوانەیە ٢٠ ساڵی تر. خەڵکانی ناوچەکە بێکارن و لە گوزەرانییەکی باشدانین، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی جددییانە بدات بۆ دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگاو ئامادەییەکان بۆئەوەی خەڵکەکە بتوانن بژین. رۆژ نییە نەبیستین کە خێزانی کریستیان لە ناوچەکە دەرچن و بڕۆن، بۆ؟ ئەوە لەبەرئەوەی شوێنەکە ناسەقامگیرەو ئایندەمان نادیارە. راستە هەرێمی کوردستان ئارامی و شوێن و سەقامگیریمان بۆ دابین دەکات، بەڵام داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو دەرچووەکان دابمەزرێنێت بۆئەوەی بتوانین بژین و لەم وڵاتەدا جێگیربین.

*** هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەی عەرەبی شۆڤێنی عێراق دژی کورد و تورکمان و کریستیان پیادەی دەکەن، کارە توندوتیژییەکانیش وەك خۆ تەقاندنەوە و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکانی کورد و تورکمان و کریستیان روو لە زیادبوونە، ئایا تاچەند ئەمە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی شەڕی ئەتنی و تائیفی لە عێراقدا؟**

- لەو بڕوایەدانیم لە ناوچەکەمان شەڕی تایفەگەری رووبدات، لەبەرئەوەی پێکهاتەکانی ناوچەکەمان هەر لە سەرەتاوە بریتییە لە کریستیان و موسڵمان و یەزیدی و شەبەك و عەرەب و سریان و نەتەوەکانی تر. بەڵام ئەگەر بێت و حکومەتێکی هاوبەش لەنێوان هەموو نەتەوەو ئایین و رەگەزەکاندا پێك نەهێنرێت، ئەوە لەوانەیە لە شوێنەکانی تری عێراق شەڕی تایفەگەری رووبدات.

*** ئایا چۆن بتوانرێت رێگە لەم پاکتاوکردنە رەگەزی و ئایینە بگیرێت؟**

- ئەگەر رێککەوتن و لێبوردەیی لەنێوان هەموو عێراقیەکاندا دروست نەبێ، ئەگەر هەر هاووڵاتییەکی عێراقی هەر لە کوردستانەوە تاکو باشوور هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی نەکات و هەست بە ژیان نەکات لەسەر خاکی ئەم وڵاتە، هەڵبەتە هەموو مرۆڤێك پێویستە هەوڵبدات بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، دەبینین تاکو ئەمڕۆش لە بەغدا ناکۆکی هەیە لەسەر کورسیی سەرۆك وەزیران و هێشتا رێك نەکەوتون، جگە لە دەستێوەردانی دەرەکی بۆ کاروباری عێراق، وەکو کاریگەریی ئێران لەسەر باشوورو کاریگەریی تر لەسەر ناوەڕاستی عێراق، ئەمە گرفتێکی زۆر گەورەیە. ئەگەر سازشبوونەوە نەبێ لەسەر هەندێ ماف و ژمارەیەك کورسی و هەندێ دەسەڵات، ئەوە هەرگیز ناگەینە هیچ ئەنجامێك. پێداگرتن لەسەر کورسی و رای کەسی کارێکی دروست نییە، ئەگەر هات و بەناو ناوچەکەم یان لستەکەم پۆستێکم وەرگرت، ئەوە پێویستە سازشبوونم هەبێ بۆ هەندێ لە ماف و دەسەڵاتەکانم بۆئەوەی بتوانم خزمەت بە خەڵك و کەس و ناوچەکەم و تەنانەت وڵاتەکەشم بگەیەنم، چونکە ئەگەر وانەبێ ئەوە وڵات دابەشدەبێت و ئەو شتە زۆر خراپەو دوست نییە. بۆیە پێویستە گونجاندن و رێککەوتن و هاوڕایی و خۆشەویستی هاوکاری و لێبوردەیی لەنێوانمان هەبێ بۆئەوەی بتوانین خزمەت بە عێراق بگەیەنین کە ماوەی ٧ ساڵە خوێنی لێ دەڕواو بە دەستی کوشتن و تیرۆرو راگواستندا دەناڵێنێت.

*** ئەگەر پاشماوەکانی بەعس بەمجۆرە رەفتار بکەن و حکومەتی عێراق بێدەنگ بێت، ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت سنوورێك بۆ ئەم کارانە دابنێت؟**

- ئەوەی راستی بێ تاکو ئێستا بەهیچ شێوەیەك هەستمان بە رۆڵی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکردووە لە عێراق، هەرگیز نەمانبیستوە نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵێکی بەهێز و بەرچاوی هەبووبێت. بەڵام بەڕای من، ئەگەر ئێمە بمانەوێ عێراق بونیات بنێینەوە، ئاساییە جۆرە ئاشتەواییەك دروست بێت، پێویستە ئاشتەواییەکی نشتمانی لەنێوان هەموو نەتەوەکانی عێراقدا دروست بێت، جگە لەوانەی کە لەدژی گەلی عێراقدا تاوانیان ئەنجامداوە. ئەندامانی پارتی بەعس هەموویان تاوانبارنین، لەنێو ئەو پارتەدا تەنیا گرووپێکی ناسراو هەیە کە دەستیان هەبووە لە تاوانەکان لەدژی گەلی عێراق، بەڵام ئەوانیش مرۆڤن و خاوەن خێزان و منداڵن و ناکرێ بە یەکچاو لە هەموویان بڕوانین. پێویستە هەستین بە ئەنجامدانی جۆرە ئاشتەوایی و لێبوردەییەك، ئەگەر وڵاتێك ئاشتەوایی و لێبوردەیی تێدا نەبێت، ئەوە هەرگیز ناتوانی تیایدا بژی. بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ لەسەر ئەندامانی پێشووی بەعس بڕیاربدەین و هەموویان دەربکەین، ئەوانە ژمارەیان لە ٢ ملیۆن زیاترەو خاوەن خێزان و منداڵن و پێویستییان بە خۆراك و خواردنەوەو بژێوی ژیانە. پێویستە رێگەچارەی گونجاو بدۆزینەوە بۆئەوەی ئەو خەڵکەش بتوانن بە ئارامی و ئاشتی بژین، ناکرێ ئەو هزرەیان پێ ببەخشین کە لە بژێوی ژیان و خۆشگوزەرانیدا بێبەش بوونە، لەبەرئەوەی زۆربەیان بە فشارو زۆرەملێ و لە نائومێدی پێوەندییان بە ریزەکانی پارتی بەعس دەکرد. هەر بۆیە، بەڕای من ئەگەر تەواوی گەلی عێراقی، بە هەموو نەتەوەو ئایین و پارتە سیاسییەکان و تایفەو گرووپ و رەگەزە جیاوازەکانیەوە پێکەوە رێك نەکەون و نەگەنە ئاشتەوایی و لێبوردەیی ئەوە هەرگیز ئارامی و سەقامگیری لەم وڵاتەدا نابینین.

ئایین پەیوەندییەکی تایبەتە بە مرۆڤ لەگەڵ خوداوەند، لەکاتێکدا وڵات بۆ هەموانە

هەرێمی کوردستان پەناگەیەکی ئارامە، نەک تەنیا بۆ کریستیانەکان، بەڵکو بۆ هەموو هاووڵاتییە عێراقییەکان لە موسڵمان و نەتەوەو ئاینەکانی تریش



بەبێ بوونی پێوەندییەکی فراوانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناتوانرێت پێوەندی نێوان عێراق و تورکیا رێکبخرێتەوە

ئامانجی ئەمریکا لە عێراقدا رێگە گرتن لە هەڵوەشانەوەی عێراق و دروستکردنی سەقامگیری لە عێراق

# گرنگی پێوەندییەکانی هەولێرو ئەنکەرا لــ




((یەکێک لە هەستیارترین پێوەندییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێوەندییەکانی نێوان عێــراق و تورکیایــە، عێــراق و تورکیا دوو دەوڵەتن دەکەونە ناوەندی بەرژەوەندییەکانی ئەمریــکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا، ئەوەی دەبێتە خاڵی یەکلاکەرەوە بۆ پێوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیــا، تێڕوانینی هەرێمی کوردستانە بۆ جۆری ئەو پێوەندییانە))

فردیریک کیمپ



ئیدارەی ئۆباما
ئەو تێڕوانینەی
گۆڕی لە نێوان
تورکیا و هەرێمی
کوردستان
یەکێکیان
هەڵبژێرێت

# ـەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئەگەر ئەمریکا
پشت لە کورد بکات
ئەوا داهاتووی
عێراق دەکەوێتە
مەترسییەوە

سەرۆکی ئامۆژگای ئەنجوومەنی ئەتلەسی فردریك کیمپ لەپێشەکی ئەو پرۆژەی ( بونیادنانەوەی متمانە لە نێوان تورکەکان و کوردەکانی عێراقدا ) کە دبلۆماتکاری ناسراوی ئەمریکی دیڤید.ئیل.فلیپس سەرپەرشتی دەکات، بەو چەند دێڕەی لە پێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە ئاستی گرنگی تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ جۆری پێوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا دەخاتە روو، ئەمەش واتە بەبێ بوونی پێوەندییەکی فراوانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناتوانرێت پێوەندی نێوان عێراق و تورکیا ڕێکبخرێتەوە.

ئەم راپۆرتەی ئامۆژگای ئەنجوومەنی ئەتلەسی پێش ١١ مانگ(٢٠٠٩/٦/١) بڵاوکراوەتەوەو، هەوڵێك بووە بۆ خستنەڕووی تێڕوانینەکانی (( هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەتورکیا، تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، تێڕوانینی حکومەتی عێراق بۆ پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و ئەنکەرا، هەروەها تێڕوانینی ئەمریکا بۆ ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان)).کەواتە ئاماژەکردنمان بۆ ئەم راپۆرتە گرنگەی فلیپس وەك پرۆژەیەکی ئامۆژگای ئەنجوومەنی ئەتلەسی(Atlantic Council) کە پرۆگرامی سەرەکییان ترانس ئەتلەنتیکە، کە ئاماژەیە بۆ پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکای باکوورو ئەورووپای رۆژئاوا،لەرووی سیاسییەوە ئاماژەیە بۆ ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەورووپا، کە لەسەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشدا جۆرێك لە ئاڵۆزی تێکەوتبوو بەتایبەتی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا، کەواتە بوونی مەسەلەی ( بونیادنانەوەی متمانە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکانی

نێوان ئەنکەرا و هەولێر ) بە پرۆژەی ئەم ئامۆژگایە و هەوڵێك بۆ هاریکاری ئەنکەرا و هەولێر و واشنتۆن، نیشانەی ئەوەیە کە ئاسیبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەنکەرا و هەولێر، بێجگە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و عێراقی، وەك راپۆرتەکە ئاماژەی پێکردووە، ئاسایبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا دەبێتە هۆکاری سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میسداقیەتی ئەمریکا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانیشدا، کەواتە دوای ١١ مانگ کاتێك ئەم راپۆرتە جارێکی دیکە دەخوێنینەوە، هەست دەکەین ئەو راسپاردانەی راپۆرتەکە بۆ دروستبوونەوەی متمانە و ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەنکەرا و هەولێر ئاماژەی پێکردوون، ئێستا بەشێکی زۆری ئەو خاڵانە بوونەتە واقیع و ئەمەش مانای وایە :

**کورد بە عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی رازییە**

١- ئەو تێڕوانینەی لە ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێوەندی ئاسایی لە نێوان ئەنکەرا و هەولێر هەیبووە لەلایەن حکومەت و دەوڵەتی تورکیاوە تەفەهوم کراوە، بۆیە ئێستا بێجگە لەوەی دەبینن کونسوڵخانەی گشتی کۆماری تورکیا لە هەولێر کراوەتەوە، لە هەمانکاتدا بەفەرمی بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی داوەتکراوە بۆ ئەوەی باس لە پێوەندییەکانی نێوان ئەنکەرا و هەولێر بە تایبەتی و پێوەندییەکانی تورکیا و عێراق بەگشتی بکەن.

**کورد دەیەوێت کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان وەک کێشەی نێوان هەرێمێک و حکومەتی فیدرالی لە چوراچێوەی دەستووری وڵات چارەسەر بکرێت**

٢- ئەو تێڕوانینەی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەیبوو، بێگومان هەرێمی کوردستان شەرعیەتی لە دەستووری عێراقەوە وەرگرتووە و ڕێز گرتن لە دەستووری عێراقیش فاکتەری سەرەکییە بۆ دابینکردنی سەقامگیری لە عێراقدا، بەرژەوەندی تورکیاش لە عێراقێکی سەقامگیریدایە، بۆ ڕێزگرتن لە دەستووری عێراق کە شەرعیەتی بە هەرێمی کوردستان داوە لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەوڵێکی هەمە لایەنەیە بۆ دروستبوونی سەقامگیری لە عێراقدا.

٣- ئەو تێڕوانینەی ئەمریکا هەیبوو پێشتر، ئەگەر کار گەیشتە ئەو حاڵەتەی ئیدارەی ئەمریکا ناچار بوو لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان یەکێکیان هەڵبژێرێت، ئایا کامیان هەڵدەبژێرێت؟ ئیدارەی ئۆباما ئەو تێڕوانینەی گۆڕی و هەوڵیدا خۆی رووبەڕووی ئەو ئەگەرە نەکاتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەگەر ئیدارەی ئەمریکا خۆی رووبەڕووی ئەو ئەگەرە بکاتەوە، ئامانجەکانی لە عێراقدا بۆ پێناسە ناکرێت، ئەمەش واتە:

• ئامانجی ئەمریکا لە عێراقدا بە ئاشکرا بریتییە لە رێگە گرتن لە هەڵوەشانەوەی عێراق و دروستکردنی سەقامگیری لە عێراق وەك دەوڵەتێك توانای ئەوەی هەبێت حوکمڕانی خۆی بکات.

• عێراق ئەو دەوڵەت بێت کە بەئاشتی لەگەڵ دراوسێکانی بژی.

ئەم دوو ئامانجەی ئەمریکا لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، واتە پرۆسەی سیاسی عێراق بەبێ بەشداری کارای کورد لە پرۆسەی سیاسیی و حکومەتی داهاتووی عێراق نایەتەدی، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی دراوسێ بەبێ ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەنکەرا و هەولێر دیسان نایەتەدی، کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەگەر ئەمریکا بیەوێت ئامانجەکانی لە عێراقدا بێتە دی ئەوا بەبێ رۆڵی کارای کوردستانییەکان بۆی نایەتەدی بۆیە لەم حاڵەتە ئەگەر خۆی رووبەڕووی ئەو ئەگەرە بکاتەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، ئەوا هەر کامیان هەڵبژێرێت ئەوا هاوپەیمانێکی گرنگ لە دەست خۆی دەدات، هەر بۆنموونە ئەگەر هەرێمی کوردستان هەڵبژێریت ئەوا هاوپەیمانێکی وەك تورکیا لە دەست دەدات کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی باکوری ئەتڵەسییە، هەروەها تورکیا لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو هاوکارێکی گرنگی ئەمریکا بووە لە شەڕی کۆریا( پێش دابەشکردن)، هەروەها لە ئەفغانستانیش تائێستا هاریکارێکی گەورەی هێزەکانی ناتۆیە لە ئەفغانستان، ئەگەر تورکیاش هەڵبژێرێت و پشت لە هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا دیسان ئەو هاوپەیمانە گرنگە لە دەست دەدات، کە بەبێ هاوکاری هەرێمی کوردستان نە یەکپارچەیی عێراق دەپارێزرێت و نەسەقامگیریش لە عێراقدا دروست دەبێت، نەپرۆسەی سیاسیی عێراقیش سەرکەتوو دەبێت وەك ئەو دەوڵەتەی بتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراتییانە و وەك دەوڵەتێکی فیدرالی حکومڕانی خۆی بکات،کەواتە ئەگەر ئەمریکا پشت لە کورد بکات ئەوا داهاتووی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە،کە داهاتووی عێراقیش کەوتە مەترسییەوە و





گوڵان
ژمارە (٧٦٣)
٢٠١٠/١/٤




یەکپارچەیی عێراق کەوتە بەر هەڕەشە، ئەوا وەك راپۆرتەکەی ترانس ئەتلەنتیك ئاماژەی پێکردووە میسداقیەتی سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان دەکەوێتە ژێر پرسیار و گومان و بێ متمانەییەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەگەر نەتوانێت یەکپارچەیی عێراق بپارێزرێت ئەوا جیهان جارێکی دیکە متمانەی پێناکاتەوە کاتێك هەوڵەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان دەخاتەگەڕ، کەواتە بەپێی راپۆتەکەی تەتڵەنتیك کاونسڵ، پێویستە ئەمریکا خۆی نەخاتە ئەو حاڵەتەی رووبەرووی ئەگەری هەڵبژادرنی یەکێك لە هاوپەیمانەکانی بێتەوە، بۆ خۆ دوورخستنەوەش لەم ئەگەر ئەوا پێویستە ئەمریکا لە تێڕوانینی کورد بۆ عێراقی داهاتوو و پێوەندی ئاشتیانەی عێراق لەگەڵ دراوسێکانی تێبگات، کە ئەویش بەمجۆرەیە:

أ- بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای ئەم مانگە و لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی نیویۆرك تایمز جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کورد داوای عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی دەکات، بەو شێوەیەی دەستووری عێراق نەخشەی بۆ کێشاوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد بە عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی رازییە و دەیەوێت بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە.

ب- کورد بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەی بێتە دی رازییە بە دابەشکردنی داهاتی سامانە سروشتییەکان بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراق بێت و دەخوازێت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی دەستووری عێراق بە هەرێمەکانی داوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوت و گاز، یاسای نەوت و گازی حکومەتی عێراقی فیدرال پەسەند بکرێت و پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوت و گاز بەردەوام بێت.

ت- کورد دەیەوێت کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەتایبەتی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان وەك کێشەی نێوان هەرێمێك و حکومەتی فیدرالی لە چوراچێوەی دەستووری وڵات چارەسەر بکرێت، جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دوانەخرێت یان تەفسیری ناجۆر بۆ بڕگەکانی دەستووری عێراق نەکرێت.

ث- هەرێمی کوردستان لە رووی ئاسایش و سەقامگیرییەوە هەرێمێکە ئاسایش و سەقامگیری تێدا بەرقەرارە، ژەنەراڵی خانەشین جەی گەرنەر راشکاوانە بە بزنسمانە ئەمریکییەکانی راگەیاند ئاسایشی هەولێر لە ئاسایشی ویلایەتەکانی ئەمریکا سەقامگیرترە، بۆیە هەرێمی کوردستان خوازیارە هەموو عێراق سەقامگیر بێت و، سەقامگیری هەرێمی کوردستان هاندەرێکە بۆ سەقامگیری عێراق، ئەمەش واتە هەر لایەنێك بەرژەوەندی لەسەقامگیری عێراقدا هەبێت، پێویستی بەدۆستایەتی هەرێمی کوردستان هەیە.

ج- هەرێمی کوردستان ئێستا بۆتە وەرشەیەکی کارکردنی بونیادنانەوەو بەسەدان کۆمپانیا و وەبەرهێنی ناوخۆیی و بیانی لەو هەرێمە سەرمایەکانی خۆیان بەگەڕخستووەو دەوڵەتانی دراوسێی عێراق دەتوانن لە رێگەی کوردستانەوە بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق بکەن، ئەمەش دەبێتە دەرگایەك بۆ دروستکردنی پێوەندی بازرگانی و ئابووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێی، هەروەها دروستبوونی پێوەندی بازرگانی و ئابووری لە نێوان عێراق و دەوڵەتانی دراوسێدا. ئەمەش واتە کاتێك بەرژەوەندییەکان تێکەڵ دەبن هاوکاری نێوان لایەنەکان زیاتر دەبن.

ح- تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناسەقامگیری عێراق و کێشە ئیقلیمیەکان بەو جۆرەیە، هیچ کێشەیەك بەڕێگەی هێزی سەربازی و توندوتیژی چارەسەر نابێت، بۆیە گرنگە بۆ هەموو کێشەکان لایەنە پێوەندارەکانی ئەو کێشەیە بگەنە قەناعەت کە تەنیا رێگە چارە لێك تێگەیشتن و چارەسەری سیاسییە، ئەمە بۆ تورکیاش راستە کە پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر دەکردەوەو بە تورکیا و ئەمریکا و هەموو جیهانی رادەگەیاند کە کێشەکانی ناوخۆی تورکیا کێشەی سیاسین و پێویستیان بە چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە هەیە، بۆیە ئێستا کە دەبینن لە تورکیا هەنگاوێك بۆ کرانەوە هەیە، حکومەتی تورکیا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کێشەکانی تورکیا بە دیموکراتی و پەرەپێدان چارەسەر دەکرێت، دەبینن نەك هەر کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەرەو چارەسەر دەچن بەڵکو پێوەندییەکان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەفەرمی داوەتی تورکیا دەکرێت بۆ ئەوەی لەسەر هەموو مەسەلە پێوەندیدارەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا قسە بکرێت.

**ژەنەراڵی خانەشین جەی گەرنەر راشکاوانە بە بزنسمانە ئەمریکییەکانی راگەیاند ئاسایشی هەولێر لە ئاسایشی ویلایەتەکانی ئەمریکا سەقامگیرترە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەفەرمی داوەتی تورکیا دەکرێت بۆ ئەوەی لەسەر هەموو مەسەلە پێوەندیدارەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا قسە بکرێت**

گوڵان
ژمارە (٧٦٣) ٢٠١٠/١/٤



پێشتر باسکردنی بارزانی لە تورکیا کارێکی قورس بوو، بەڵام ئێستا وەک میوانێکی شەرەفمەند و بە فەرمی پێشوازی لێدەکرێت



پرۆفیسۆر داڤید ئێل فلیپس ئێستا تۆژەرە لە ئامۆژگای ئەنجومەنی ئەتڵەسی و بەڕێوەبەری پرۆژەی بونیادنانەوەی متمانەیە لە نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراقدا، بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە چەندین جار سەردانی تورکیای کردووە و هەروەها ئەم پرۆژەیە بە هاوکاری حکومەتی نەرویژ بووە، سەرەتای ئەم پرۆژەیە لە کۆبوونەوەی ئەستەنبوڵ دەستی پێکردووە، گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم راپۆرتە سەبارەت بە ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەنکەرا و هەولێر و داوەتی فەرمی تورکیا بۆ سەرۆک بارزانی، پێوەندی بە بەڕێز داڤید فلیپس کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## داڤید فلیپس بۆ گوڵان:

# راسپاردەی من بۆ بەرپرسانی تورکیا و کوردستان ئەوەیە بە وریایی و بەشێوەیەکی بونیادنەرانە پێوەندیەکانی نێوانیان بەڕێوەبەرن

بازرگانی و جموجوولی ئابووری ئەو داینەمۆیەن کە پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەرەوپێشەوەدەبەن

*** بانگهێشتی بارزانی وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستان بۆ تورکیا، بەو مانایە دێت کە چیتر تورکیا بە نائاسوودەبییەوە لە هەرێمی فیدراڵی کوردستان ناڕوانێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم سەردانە تا چەند دەبێتەهۆی هێنانە ئارای میکانیزمی دیپلۆماسی و ئاشتیانە بۆ بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکانی هەردوولا؟**


- ئەمە بەرەوپێشچوونێکی گرنگە، لەبەرئەوەی ئاماژەیە بەوەی تا ئاستێك پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو کوردستان ئاسایی بوونەتەوە کە بەو ئاستە داوەتی بەڕێز مسعود بارزانی دەکرێت سەردانی تورکیا بکات، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر باسکردنی بارزانی لە تورکیا کارێکی قورس بوو، بەڵام ئێستا وەك میوانێکی شەرەفمەند و بە فەرمی پێشوازی لێدەکرێت. ئەمە هەنگاوێك و قۆناغێکی گەورەبوو، راسپاردەی من بۆ بەرپرسەکانی تورکیا و کوردستان ئەوەیە بە وریایی و بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە ئیدارەی ئەم پێوەندییانە بکەن.

*** ئایا هۆکاری ئەم سیاسەتەی تورکیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ هەرێمی کوردستان ئامادەی بەرەوپێشبردنی ئەم پێوەندییانە بووە؟**

- کوردستان سەلماندی کە شەریکێکی باوەڕپێکراوە، هەروەها کارئاسانی کرد بۆ بەرەوپێشبردنی باری بازرگانی، دەرگەی والاکرد بۆ هاوکاری سیاسی و دیپلۆماسی، لە هەمان کاتدا حاڵی حازر هاوکاری ئەمنی هەیە لە نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئێستا سەردەمێکی نوێ دروست بووە بۆ بنیاتنانی پێوەندییەکی باشی دراوسێیەتی لە نێوان هەردوولادا.

*** ئێمە دەزانین ئەم سەردانە بەرهەم و دەرئەنجامی لەیەکگەیشتنی هەردوولایە بەوەی کە پێویستیان بە یەك هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەم پێوەندییانە بەم ئاراستەیەدا بەرەوپێشدەچن؟**

- بازرگانی و جموجوولی ئابووری ئەو داینەمۆیەن کە پێوەندییەکانی نێوان




**سەردانی سەرۆک بارزانیش بۆ دوپاتکردنەوەی دۆستایەتی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراقە**

هەردوولا بەرەوپێشەوەدەبەن. کارکردنی کۆمپانیاکانی تورکیا لە کوردستاندا نیشانەی بەرەوپێشچوونە، هەروەها ئەمە بەرهەمی چەندین ساڵ کارکردنی جددی و سەختە، هەروەها نیشانەی ئەوەیە تورکیا بەو شێوەیە لە کوردستان دەڕوانێت کە کرانەوە پیادە دەکات و شەریکێکی جێی متمانەیە.

*** ئێمە دەزانین پێش ئەوەی بارزانی بە رەسمی بانگهێشت بکرێت بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکات، وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، هەروەها بەم دواییە کونسوڵگەری تورکیاش کرایەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك کرانەوەی سیاسەتی تورکیا مایەی بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکانی هەردوولا دەبێت؟**

- ئەمە هەوڵێکی دوولایەنەیە، کە پێویستی بە کاتە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێش دەچێت، پێموایە لەم رووەوە گەورەترین دەستکەوتی بەڕێز داود ئۆغلۆ کرانەوەیەتی بە رووی کوردستاندا.

*** فراوانکردنی پێوەندییەکان لە نێوان هەردوولادا دوو لایەنی ئیجابی هەیە، یەکەمیان هەرێمی کوردستان دەبێتە دەروازەی تورکیا بۆ عێراق و دووەم ئەم هەرێمە دەبێتە دەروازەی عێراق بۆ تورکیا، ئایا تا چ رادەیەك تورکیا ئامادەیە کارئاسانی بۆ پێدانی فیزە و خستنەگەڕی هێڵی ئاسمانی تورکی دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی پێوەندیی زیاتر لەگەڵ تورکیادا ببەستن؟**

- باشترکردنی رێگەی هاتووچۆ بە ئامانجی ئەوەیە زەمینەی باشتر بۆ دروستکردنی پێوەندی لە نێوان هەردوولادا برەخسێنرێت، هەروەها کردنەوەی کونسوڵگەری تورکیا لە هەولێر هەنگاوێکی گەورەیە و سەردانی سەرۆك بارزانیش بۆ دوپاتکردنەوەی دۆستایەتی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراقە. لەمەش زیاتر پێموایە لە داهاتووی نزیکدا بانکی گەورەی تورکی دەکرێتەوە لەو هەرێمەدا. لە راستیدا هۆکار و پاڵنەری ئەم پێوەندییانە هۆکاری بازرگانین، نەك کولتووری، چونکە ئەوەی گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە ئەوەیە خەڵکی سەرقاڵی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بن. هەروەها پێموایە ئەگەر بتوانرێت پەرە بە ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی بدرێت، ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەوپێشبردنی تێگەیشتنی هاوبەش و بنیاتنانی پێوەندی باش لە نێوان نەوەکانی داهاتوودا.

*** چۆن داهاتووی پێوەندییەکانی هەردوولا دەبینیت؟**

- پێموایە ئاییندە باشتر و باشتر دەبێت، لەبەر ئەوەی پەرە بە بازرگانی دەدرێت، پەرە بە تێگەیشتنی شەخسی و پێوەندییە سیاسییەکان دەدرێت، هەنگاوی زیاتر بۆ باشترکردنی دۆخی ئەمنی هەڵدەگیرێت. هەموو شتێك بە ئاراستەی راستدا دەڕوات. تورکیا ئەوەی خستۆتەڕوو کە دۆستێکی باشی کوردستانە، کاتی ئەوە هاتووە کوردستانیش ئەوە بسەلمێنیت کە دۆستێکی باشی تورکیایە، چونکە ئەگەر ئەمە بێتەدی ئەو کاتە هەموو شتێك بەرەوپێشدەچێت.

**تورکیا ئەوەی خستۆتەڕوو کە دۆستێکی باشی کوردستانە، کاتی ئەوە هاتووە کوردستانیش ئەوە بسەلمێنیت کە دۆستێکی باشی تورکیایە**



کوردەکانی عێراق لە رووی پێکهاتەی ئیتنی و ئایین و کولتوورەوە خزمی ئێمەن و پێوەندی خزمایەتی بەهێز بەیەکمانەوە گرێدەدا

•••

**پرۆفیسۆر ئیحسان باڵ سەرۆکی ئامۆژگای ئوساك (USAK)ە بۆ دیراساتی ئاسایش لە تورکیا، یەکێکە لە ستوونووسەکانی تورکیش ویکلی جۆرناڵ و بێجگە لەوەی تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی تورکیا و زۆربەی بابەتەکانیشی لەسەر کورد و تورکیا دەنووسێت، سەبارەت بە بەرەو پێشەوەچوونی پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، پرۆفیسۆر ئیحسان باڵ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

•••

## ئیحسان باڵ رۆژنامەنووس و ئەکادیمیست بۆ گوڵان:

# لە داهاتوویەکی نزیکدا پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان گەشەسەندنی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت..

بەڕێز جەنابی بارزانی بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکی تورکیا پێویستە زیاتر گرنگی بە رەوشی ئاسایشی ناوچەکە بدات

*** ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، جۆرێکە لە پیادەکردنی دیپلۆماتیەتێکی سەرکەوتووی تازە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێگومان ئەم سەرکەوتنەش بەرهەمی لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوولایە، ئایا تا چەند بەم ئاراستەیە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو پێشتر دەچن؟**

- پێموایە زیاتر لێکتێگەیشتن لەنێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا بەم دواییانەدا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بریتییە لەمێژووی دێرینی پێکهاتەی کولتووری و داهاتە ئابوورییەکانی پێشتر کە دەرئەنجامی پێوەندی نزیك و دۆستانەی نێوان هەردوولابووە، لەگەڵ مێژووی هاوبەش. دووەمیان: لەسەردەمی شەڕی دووەمی عێراقدا تورکیا بەهرەو تواناکانی لەدۆزینەوەی سیاسەتێکی ئەوتۆ بەکارهێنا کەبتوانێ گەلی عێراق بە هەموو نەتەوە جیاوازەکانیەوە سوودمەند بکات، ئەمەش لەلایەن کوردو عەرەب و تورکمان و نەتەوەکانی تری عێراق زۆر بە روون و ئاشکرایی بینراوە، ئەم شتەش لە ئەنجامی لێکتێگەیشتنی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانی عێراق هاتەدی و بووە هۆی گەشەسەندنێکی پۆزەتیڤانە لە پێوەندییەکان و بەرەوپێشچوونی.

خاڵی سێیەمیش لە روانگەی تورکیاوە، عێراق بەگشتی وەك پردێك وایە لە نێوان تورکیاو دەوڵەتە هاوسنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم رووەوە ئەمە خاڵێکی گەشەسەندنی پۆزەتیڤانەیە، هەر خاڵێکی پۆزەتیڤی عێراقیش کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر تورکیا هەیە و بەپێچەوانەوەش دروستە. لەبەرئەوەی تورکیا و عێراق وەك ئەندامەکانی هەمان جەستە وان، ئەگەر تورکیا سەری بێشێ، ئەوە ئێشەکە عێراقیش دەگرێتەوە. ئەگەر لەم رووەوە لە پێوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا بڕوانین، دەبینین کارلێکردنێکی ئەوتۆ لە پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا هەیە. هەربۆیە داخوازی و ئیرادەیەکی زۆر بەهێز لە تورکیاو عێراقەوە بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی پێوەندییەکانی نێوانیان هەیە.

*** پێش بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوە بۆ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز داود ئۆغلۆ سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و دواتریش کونسوڵخانەی گشتی تورکیا لە هەولێر کرایەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم کرانەوەیەی سیاسەتی تورکیا پێوەندییەکانی هەردوولا لە هەموو ئاستەکاندا فراوانتر دەکات؟**

- هەروەکو ئاماژەم پێکرد، لەوباوەڕەدام کە پێوەندییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان گەشەسەندنێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، لەبەرئەوەی کوردەکانی عێراق لە رووی پێکهاتەی ئیتنی و ئایین و کولتوورەوە خزمی ئێمەن و پێوەندی خزمایەتی بەهێز بەیەکمانەوە گرێدەدا. بۆیە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی بەمجۆرە لە ئەرکی دیپلۆماسی و هەروەها لە رووی پەروەردەو ئابووری و وەبەرهێنان و بزنسەوە پێوەندی و دڵنیایی بۆ هەردوولا دروست دەکات. نەك تەنیا پێش سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ تورکیا، بەڵکو دوای سەردانی بەڕێزیشیان هەر لە گەشەسەندن بەردەوام دەبێت، لەبەر بوونی رێوشوێن و میکانیزمی کاری هاوبەش لە نێوان تورکیاو عێراقدا. زیادبوونی دڵنیایی و بەرزبوونەوەی ئاستی کار و پرۆژەی نوێ، بەڵگەی بەردەوامی ئەم گەشەسەندنەن. بۆیە وایدەبینم کە کرانەوەی کونسوڵخانەی تورکی لە هەولێر هەنگاوی تریشی بەدوادادێ.

*** فراوانبوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەلایەك دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا ببێتە دەروازەیەکی گرنگ، لەلایەکی دیکە هەرێمی کوردستان دەبێتە دەروازەیەکی گرنگی عێراقیش بۆ تورکیا، ئەمەش واتە پێوەندی و هاتووچۆی نێوان هەردوولا زیاتر دەبێت، ئایا تاچەند تورکیا ئاسانکاری پێشکەش دەکات بۆ ئەمجۆرە پێوەندیانە، بەتایبەتی لە رووی پێدانی ڤیزە بۆ هاووڵاتیان و کەوتنەگەڕی هێڵی ئاسمانی تورکیا بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ئاسانتر لە جاران بتوانن سەردانی تورکیا بکەن؟**

- پێموایە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەشێوەیەکی زۆر خێرا گەشە دەسەنن، تاکە بەربەست بەرامبەر ئەم گەشەسەندنە بریتییە لە جەخت و نارەزایی دەربڕینی خەڵکی تورکیا بەرامبەر بوونی (پ.ك.ك) بۆ نموونە لە هەفتەی رابردوودا لە چەند شوێنێك لە تورکیا و بەرچاوترینیان لە (تونجەڵی) چەند پێکدادانێك لەنێوان هێزەکانی ئاسایش و چەکدارەکانی (پ.ك.ك) روویدا، کاتێك کە شتێکی وا روودەدا، خەڵکی تورکیا بەگشتی چاو دەبڕنە ناوچەی کوردستانی عێراق، هەندێ رۆژنامەش یەکسەر لەبەر کەمتەرخەمی وبەرەنگارنەبوونەوەی تیرۆر بەشێوەیەکی جدی لە ناوچەی کوردستانی عێراقدا، تورکیا رووبەڕووی ئەمجۆرە کێشانە دەبێتەوە. هەر بۆیە بەڕێز جەنابی بارزانی بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکی تورکیا پێویستە زیاتر گرنگی بە رەوشی ئاسایشی ناوچەکە بدات. کاتێك ئەمە جێبەجێکرا، لە روانگەی تورکیاوە وای بۆ دەچم کە هیچ بەربەستێك نامێنێ لە رێگەی بەهێزکردن و گەشەسەندنی پێوەندییەکانی هەردوولادا. پێموایە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان زیاتر لە شوێنەکانی دیکە پەرەدەسێنێت، ئەم پێوەندییانە لەبەرژەوەندی هەردوولادایە و هەروەها هۆکارێکە بۆ بووژانەوەی کوردەکانی تورکیاش.

*** تورکیا لەگەڵ ئەوەی زۆرترین کاری وەبەرهێنان و بزنسی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام تا ئێستا بانکێکی تورکی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە، ئایا دوای ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئاسایی بۆتەوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بانکێکی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە، کاتی ئەوە هاتووە بانکێکی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، کردنەوەی ئەم بانکە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی لە زۆر رووەوە کاری بزنس لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئاسانتر دەکات، دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەك تەنها لە رووی ئابوورییەوە سنوورەکان نامێنن، ئەگەر کێشەی ئاسایش نەمێنێ گەشەسەندنی پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان زۆر خێراتر دەبێت.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بوونی کولتووری هاوبەشە لە نێوان هەردوولادا، بەتایبەتی کولتووری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵایەتی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، پرسیار ئەوەیە تاچەند ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر فراوانبوونی ئەم پێوەندییە کولتوورییە؟**

- هەروەك باسمکرد، خێرایی لە گەشەسەندنی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەل دەوڵەتە هاوسنوورەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشی و لێکچوونی مێژوویی و کولتووری لە نێوان عەرەب و کوردو تورکمان و نەتەوەکانی تری ناوچەکە لەگەڵ تورکیا.

هەست نەکردن بە جیاوازی لەمبەر و ئەوبەری سنووریش بۆ هەمان هۆ دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە هەولێرەوە بۆ تورکیا گەشت بکەی، هەست دەکەی هەر لە ماڵی خۆتی بەبێ هەستکردن بە هیچ جیاوازییەك. هەروەها مرۆڤی ئەم ناوچانەش هاوبەشن لە هەڵسوکەوت و رەفتارو زمان و دابونەریت و ئایین و بۆنە و شیعر و گۆرانی. ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی گەشەسەندنی خێرا لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا. پێویستە هەردوولا باوەڕی تەواویان بەوە هەبێ کە شەڕو ناخۆشی بەتایبەتی بۆ خەڵکی ناوچەکە سوودی بۆ هیچ کامیان نییە.

*** ئایا تۆ خۆت چۆن داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبینیت؟**

- سەبارەت بە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەشێوەیەکی گشتی، پێوەندییەکانی تورکیا لە داهاتوویەکی نزیکتردا لە هەموو روویەکەوە گەشەسەندنێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. تاکو ئێستا ژمارەیەکی زۆری کارگە کراونەتەوەو گەشەیان سەندەوە، جگە لە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سوودوەرگرتن لە شارەزایی یەکتر، ئەوە هەموو دەرفەتی باشتر دەڕەخسێت بۆ خوڵقاندنی ناوچەیەکی ئارام و دەوڵەمەند. ئەم مەسەلەیەش تەنیا ماوەیەکی کورت دەخایەنێت لەبەرئەوەی لە رابردوو هیچ کێشەیەکی مێژوویی نەبووەو ئێستاش هیچ کێشەیەك نییەو تەنانەت لە داهاتووشدا لەو باوەڕەدانیم کە هیچ کێشەیەك دروست بێت.

کاتی ئەوە هاتووە بانکێکی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە

پێوەندییەکانی تورکیا لە داهاتوویەکی نزیکتردا لە هەموو روویەکەوە گەشەسەندنێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت



•••

بلند کێناش سەرنووسەری رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی چاپی ئینگلیزی یەکێکە لەو رۆژنامەنووسە دیارانەی کە شارەزایە لەسەر پرسی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و هەروەها پێوەندییەکانی تورکیا و عێراقیش، وەك لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا ئاماژەی پێکردووە، بەڕێز کیناش یەکێك بووە لەو رۆژنامەنووسانەی کە یاوەری سەردانەکەی بەڕێز داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا بووە بۆ هەولێر و موسڵ و بەسرا، بۆ قسەکردن لەسەر گەشەسەندنی پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، دوای سەردانەکەی داود ئۆغلۆ بۆ هەولێر و ئێستاش کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی داوەتی تورکیا کراوە، بەڕێز کیناش بەمجۆرە سەبارەت بەم پرسە گرنگە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

•••

(بلند کێناش) سەرنووسەری تودەی زەمان بۆ گوڵان:

# تورکیا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان باش نەبێت، ناتوانێت پێوەندییەکی باش لەگەڵ عێراقدا دروست بکات

خۆشگوزەرانی براکانمان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرنگە بەلای تورکیاوە

سەردانی بەڕێز داود ئۆغلو بۆ هەولێر بۆ مەبەستی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان بناغەیەکی پتەوی دروستکرد

*** پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان گەشەسەندێکی ئەوتۆی بەخۆ بینیوە کە دەکرێت بڵێین جێگەی گەشبینیە بۆ هەردوولا، ئایا بەڕێزت ئەم گەشەسەندنەی لە پێوەندییەکانی هەردوولادا دروست دەبێ؟ چۆن سەیری دەکەیت..؟**

- هەر لەدوای گۆڕانکارییە مێژووییەکەی ساڵی٢٠٠٣ لە عێراقدا، تورکیا رۆڵێکی دروستکەرانەی بینی، ئەم رۆڵەش بریتی بوو لە یارمەتیدان بۆ سەقامگیرکردنی باری عێراق و دابینکردنی ئاسایش بۆ هەموو چین و توێژ و ئیتنیە جیاوازەکانی عێراق. لەبەرئەوەی خۆشگوزەرانی براکانمان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرنگە بەلای تورکیاوە. لەم دواییانەشدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا بەڕێز ئەردۆغان لەگەڵ ٩ وەزیری تورك و ژمارەیەك بزنسمان سەردانی بەغدایان کرد و لەگەڵ ٨ وەزیری عێراقی کۆبوونەوەو هەر لەوێدا ٤٨ رێککەوتنیان ئەنجامدا، ئەم کۆبوونەوەیەش بەڵگەی ئەوەیە کە تورکیا ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی عێراق وەك ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی خۆی دەبینێ. هەروەها لە نیوەی دووەمی تشرینی دووەمدا وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانێکی بەسرەو موسڵ و هەولێری کرد. خۆم لە هەردوو سەردانی بەڕێز ئەردۆغان و داود ئۆغلو بەشداربووم و لە نزیکەوە چۆنیەتی لێکگەیشتن

و هەڵسـوكەوتی لایەنەكانـم بینی. لە بەسرەو موسـڵ و هەولێریش بینیم كەوا لێكگەیشـتنی دوولایەنە هەیە، لە سـەردانەكەی موسـڵ-دا بینیمان توركمانەكانـی ناوچەكـەو خەڵكانی تریـش چاوەڕوانـی ئـەو هەنگاوانە دەكەن كە ببێتە مایەی چارەسەركردنی كێشـەكانیان لەلایەن توركیـاوە. بۆیە عێـراق و توركیا دوو دەوڵەتن كە هیچ كێشـەیەكی جددی لەنێوانیاندا نییە. تەنیـا لەگـەڵ هەرێمی كوردسـتان هەندێ كێشەی ئاسـایش هەیە و ئەو شتەش لەلای هەموو لایەنێك ئاشكرایە، لەو بارەیەشـەوە هەنگاوی باش نراوە و پـەرەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام هێشـتا بەپێی پێویسـت نییە. لـەو بڕوایەدام كە هەنگاوی پێویست لەلایەن جەنابی بارزانی-یەوە بۆ چارەسـەركردنی ئەم كێشەیە دەدرێت.

*** سـەردانی داودئۆغلۆ بۆ هەولێر و دواتریـش كردنەوەی كونسـوڵخانەی توركیا لـە هەولێـر، وەرچەرخانێكی گەورەی لە پەیوەندییەكاندا دروستكرد، ئایـا بەڕێـزت مەزنـدە دەكەیت ئەم پەیوەندییانە زیاتر بەرەو پێشەوە بچن؟**

- لـە سـاڵی ٢٠٠٣و بـەولاوە پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیـا لەبارێكی نائاسـاییدابوون. پێش ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، توركیا پەیوەندییەكی زۆر باشی لەگەڵ كوردەكانـی عێراق هەبوو، بەڵام دوای داگیركردنـی عێراق لەلایـەن وڵاتە یەكگرتووەكانـی ئەمریكا لە ٢٠٠٣دا پەیوەندییەكانی نێوان كورد و توركیا بۆ چەند ساڵێك گرژی و ئاڵۆزی تێكەوت، بۆیە سـەردانی بەڕێز داود ئۆغلو بۆ هەولێر بۆ مەبەسـتی ئاساییكردنەوەی پەیوەندییـەكان بناغەیەكـی پتـەوی دروسـتكرد. هەر لەو ڕۆژەوەش ئاستی پەیوەندییەكانی هەرێمی كوردسـتان و عێـراق بەرەوپێش چـووە، ئەمە تەنیا بەشـێوەیەكی فەرمییـە لەبەرئەوەی لەنێـوان كۆمەڵگەی كـورد و تورك-دا هیـچ كێشـەیەكی ئەوتـۆ نییە. ئەگـەر هەڵـە نەبم تاكـو ئەمڕۆش دەیـان قوتابخانەی توركی لە هەرێمی كوردستان لە چالاكی خۆیان بەردەوامن و ئەو قوتابخانانە پێش و پاش سـالی ٢٠٠٣دا هەمیشـە چالاكبوونـە بۆ بەهێزكردنـی پەیوەنـدی برایەتی نێوان كورد و تورك. هەروەها بەم دواییانەش زانكۆیەك بە ناوی زانكۆی (ئیشـق) دامـەزرا. كەواتـە، هیچ كێشـەیەك لەنێوان خەڵكی هەرێمی كوردسـتان و توركیا نەبووە و نییە، ئەم نائاساییە لە پەیوەندییەكان لەنێوان سـاڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٧ گەڕاوە باری ئاسایی خۆی.

*** ئایـا تاچەند توركیا ئامـادەكاری پێشـكەش دەكات بـۆ پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان لەسەر هەموو ئاسـتەكان، بەتایبەتی لەڕووی پێدانی ڤیـزە بۆ هاووڵاتیـان و كەوتنەگەڕی هێڵی ئاسمانی توركیا بۆ فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ئاسانتر لە جاران بتوانن سەردانی توركیا بكەن؟**

- توركیا بۆی دەركەوتووە و باشـیش دەزانێ كە ئەو ناوچەیەی پێی دەوترێت سـنووری عێراق بریتیە لەو ناوچانەی كـە كوردەكانـی تیادا نیشـتەجێن. ئەگـەر پەیوەنـدی توركیـا لەگەڵ هەرێمی كوردسـتان لە بارێكی باشدا نەبێ، ئەوا بێگومـان ناتوانێ لەگەڵ بەشەكانی تری عێراقیش پەیوەندی باش دروسـتبكات. بۆیە پێویسـتە توركیا لەگەڵ دەسـەڵاتی ئیدارەی هەرێمی كوردسـتان پەیوەندییەكانـی بەهێـز و ئاسـایی بكاتەوە بۆ ئەو مەبەسـتەش هەنگاوی پێویسـتی ناوە. لەلایەنێكی دیكەوە، توركیاش بەهەمان شـێوە بۆ هەرێمـی كوردسـتان گرنگە، ئەگەر هەرێمی كوردسـتان و عێراق بەگشتی بیەوێ لە ڕووی ئابووری و كولتووری و سیاسی و لایەنەكانی ترەوە بە جیهان ببەسترێتەوە، ئەوە لێرەدا توركیا بۆ ئەو مەبەستە گرنگترین دەروازەیە. هەروەها ئەگەر بێت و لە سەرانسـەری عێراقدا بڕوانین، دەبینین كوردستان ڕۆڵی پردێك دەگێڕێ. هەر بۆیە هەرێمی كوردستان بۆ توركیا و توركیا بۆ كوردسـتان دوو توخمـی گرنگی پێوەندین. لێرەدا تاكە كێشـە كێشـەی ئاسایشـە و پێموایە جەنابـی بارزانی-ش ئەم ڕاسـتییەی بۆ دەركەوتووە. سـەرەڕای هەوڵەكانی كرانەوەی دیموكراتـی توركیا كە بەم دواییانـەدا یاسـای گشـتی بە ٣٠ ماددەی نوێ ڕێكخرا، ئەم ٣٠ ماددەیە هەموویان بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی كوردەكانی توركیا بەشێوەیەكی جددییانە ڕێكخـراون، هەرچەندە لـە ماددەیەك سەركەوتوو نەبوون، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی بۆ مەبەستەكانی دیموكراسییەت و خۆشگوزەرانی و ئازادی میللەتانی ناو خاكی توركیـاو ریفۆرم بوو. بەڵام گرووپە چەكـدارو تیرۆریسـتەكانی توركیـا دیانەوێ ئاسـتەنگ بخەنە بـەردەم پرۆسـەی ریفـۆرم هەروەكو دەشـزانن لە (ڕەشـادی و تونجەڵی)و ناوچەكانی تر ئـاژاوە دەنێنەوە. بۆیە هەركاتێ كێشەی ئاسـایش لە ئارادا نەمـا، ئەوا هیچ هۆكارێـك نامێنێت بۆ هەبوونی كێشـە لەنێـوان ئیدارەی هەرێمی كوردستان و توركیا. هیوادارم لەڕووی ئاسایش و خۆشگوزەرانی لەم ناوچەیـەدا ڕۆژانی خۆشـتر ببینین. بۆ نەمانـی ئەو كێشـەیەش جەنابی بارزانی چەندین ڕێگەچارەو ئیجرائاتی لەبەردەسـتەو دەتوانێ پیادەیان بكات. كە ئەمەش كرا، پێوەندی نێوان هەردوو لا زۆر لەوە بەهێزتر دەبێ كە پێشبینیی بۆ دەكەین.

*** دوای ئـەوەی پێوەندییەكانی نێوان توركیا و هەرێمی كوردسـتان ئاسایی بۆتـەوە، ئایا كاتـی ئـەوە نەهاتووە بانكێكی توركی لە هەرێمی كوردستان بكرێتەوە؟**

- پێویسـتە گەڕانـەوەی پێوەندییەكان بۆ باری ئاسـایی تەنیا بە كردنەوەی بانكێك سنووردار نەكەین، بەڵكو پێویستە

**توركیاش بەهەمان شێوە بۆ هەرێمی كوردستان گرنگە، ئەگەر هەرێمی كوردستان و عێراق بەگشتی بیەوێ لە ڕووی ئابووری و كولتووری و سیاسی و لایەنەكانی ترەوە بە جیهان ببەسترێتەوە، ئەوە لێرەدا توركیا بۆ ئەو مەبەستە گرنگترین دەروازەیە**

**یەكێك لە بابەتە گرنگەكانی سەردانەكەی بارزانی بۆ توركیا بریتی دەبێت لە دەستپێكردنی گەشتە ئاسمانییەكانی توركیا بەشێوەیەكی فەرمی بۆ هەرێمی كوردستان**




**تورکیا بەشێوەیەکی فەرمی دان بە ناسنامەی کوردی دەنێت کە پێشتر کوردەکان زۆر بە دەستیەوە دەیانناڵاند**

بگەینە ئاستێکی وا کە سنوور لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا نەمێنێ و بە بەردەوامی گەشتی ئاسمانی ڕێکبخرێ بۆ هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەك کە هێڵە ئاسمانییەکانی هەولێر گەشت ڕێکبخەن بۆ ئەنتالیاو ئزمیرو ئەدەنەو ئەستەنبوڵ و ئەنکەرەو ماردین و هتد.. هەروەها هاتووچۆی سنوور زۆر ئاسان بکرێ و لەڕووی ڤیزەوە هیچ کێشەیەك دروست نەکرێ، ئەمانە هەمووی لەئەنجامی گەشەسەندنی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاسایشەوە بەدەست دەهێنرێ. یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا بریتی دەبێت لە دەستپێکردنی گەشتە ئاسمانییەکانی تورکیا بەشێوەیەکی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان. ئەوەش پەیوەستە بە لێکتێگەیشتن. بۆئەوەی ئەم جۆرە پێوەندییانەدا گەشە بەخۆیانەوە ببینن بەشێوەیەك کە بەرەو گەشەسەندندا هەنگاو بنێت، ئەوە پێویستە بانك و قوتابخانە و کارگەش بکرێنەوە. بۆ مەبەستی دروستبوونی ئەمانەش هیچ کێشەیەك نییە. بەهەمان شێوە لەوانەیە کوردەکان بێن و لە تورکیا پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، هیوادارم ئەو شتانە ڕووبدەن.

*** تاچەند ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر فراوانبوونی پێوەندیی کولتووری لە نێوان هەردوولادا بەتایبەتی کە لە نێوان هەردوولادا تێکەڵاوییەکی کولتووریش هەیە؟**


- تورکیا دەچێتە بوارێکی دیموکراسی جددییەوەو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی دان بە ناسنامەی کوردی دەنێت کە پێشتر کوردەکان زۆر بە دەستیەوە دەیانناڵاند. سیاسەتەکانی کرانەوەی تورکیای ئێستا مافی دەربڕینی زمان و کولتوور و دابونەریت بە کوردەکان دەدات. پاش ناساندنی ئەم کولتوورە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی کولتووریی لەنێوان کوردەکانی عێراق و ئێران و تورکیاش، باش بوونی پێوەندی ئابووری وکولتووریی سیاسی ئەم هزرە بەرەو پێشەوە دەبات.

*** ئایا تۆ خۆت چۆن داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبینیت؟**

- لێرەدا تەنیا یەك خاڵ هەیە ئەویش کێشەی (پ.ك.ك)یە، بەڕێز مەسعود بارزانی کاریگەری و ڕێزێکی تایبەتی هەیە لەلای کوردەکانی تورکیا، بۆیە هیوادارم ئەو ڕێزەی لای کوردەکانی تورکیا بەکاربێنێ بۆ پاڵپشتیکردنی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا. ئەگەر بەڕێز مسعود بارزانی پاڵپشتی کرانەوە و دیموکراسی بکات، پێوەندییەکانمان زۆر پێشدەکەوێ، بەشێوەیەك کە دەبێتە هۆی لەبیربردنەوەی ڕووداوە ناخۆشەکانی رابردوومان و دەسپێکردنی سەردەمێکی نوێ. بۆیە پێویستە کوردەکانی تورکیا و عێراقیش پاڵپشتی لە کرانەوەی دیموکراسی تورکیا بکەن. سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش پێویستە قەناعەت بە (پ.ك.ك) بهێنرێ بە ئاشتیانە بگەنە قەناعەتێ کە هیچ کێشەیەك بە بەکارهێنانی چەك چارەسەر ناکرێت. بە جێبەجێکردنی ئەمانە ئێوە تەنیا لە باکووری عێراق نابن، بەڵکو رۆژێك لە هەولێر و رۆژێك لە ئەنکەرە و رۆژێك لە ئورفە دەژین. ئێمەش تەنیا نابینە تورکەکانی ئەستەنبوڵ، بەڵکو رۆژێك لە هەولێر و رۆژێك لە دهۆك و رۆژێك لە ئەستەنبوڵ دەژین.

**بارزانی کاریگەری و ڕێزێکی تایبەتی هەیە لەلای کوردەکانی تورکیا، بۆیە هیوادارم ئەو ڕێزەی لای کوردەکانی تورکیا بەکاربێنێ بۆ پاڵپشتیکردنی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا**

# ئامـاژەكانی پشتەوەی سەردانە چاوەڕوانكراوەكەی سەرۆكی هەرێم بۆ توركیا



فەرید ئەسەسەرد

دوو هەفتە جارێک دەینووسێ

لە٢٧ی نیسانی رابردوو سەرۆكایەتیی هەرێم داوەتنامەیەكی فەرمیی لەوەزارەتی دەرەوەی توركیا بۆ سەردانی توركیا پێگەیی. بایەخی ئەم سەردانە لەدوو خاڵدایە. یەكێكیان ئەوەیە سەرۆكی هەرێم وەكو سەرۆكی هەرێم سەردانی توركیا دەكاو ئەمە بەو مانایە دێ كەتوركیا لەهەڵسوكەوتی لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا واوەتر لەدیفاكتۆ دەڕواو بەكردەوە ئەمە بەمانای كۆتایی هاتنی سیاسەتی دیفاكتۆو دەست پێكردنی سیاسەتی ناسین دێ.

ئەگەر وردتریش بڕوانینە مەسەلەكە، سەردانە چاوەڕوانكراوەكە شتێكی وای لێ هەڵدەكرێندرێ كەتوركیا چیتر لەدەستكەوتە سیاسییەكانی كوردی عیراق نیگەران نییەو پشتیوانی لەبوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكا. گۆڕانی دیدی توركیا بۆ هەرێمی كوردستان تەگەرەیەكی گەورە لەبەردەم پەرەسەندنی پێوەندی نێوان هەردولا ناهێڵێ و بناغەیەكی پتەو بۆ سەقامگیركردنی پێوەندییەكە دادەمەزرێنێ.

خاڵی دووەم ئەوەیە : ئەم سەردانە بەڵگەی سەركەوتنی دوو دبلۆماسیەتە كە یەكێكیان دبلوماسیەتی هەرێمەو ئەوی تر دبلوماسیەتی ئەنكەرەیە لەسەردەمی وەزیری دەرەوەی ئێستای توركیا داوود ئۆغلۆ.

داوود ئۆغلۆ بەر لەوەی وەزارەتی دەرەوەی پێ بسپێردرێ، كاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی توركیا هەبووە. سێكوچكەی ئەردوگان- گول- داوود ئوغلو لانی كەم پێنج ساڵێكە سەرقاڵی سەرلەبەر داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی توركیایە. لەنێو ئەم سێكوچكەیەدا داوود ئوغلۆ بەنۆڕین لەوانی تر رۆشنتر دێتە بەرچاو چونكە بیروباوەڕو بۆچونەكانی خۆی لەدوتوێی چەند كتێبێكدا هەڵڕشتوە كەگرنگترینیان كتێبی ((قوولایی ستراتیژی و پێگەی نێودەوڵەتیی توركیا)) یەو تێیدا بەڕاشكاوی داوای سەرلەنوێ پێناسەكردنی سیاسەتی دەرەوەی توركیا دەكا. داوود ئوغلۆ لەپێداگرتندا لەسەر پێویستیی پێناسەكردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی توركیا، زیاتر پشت بەدوو بنەما دەبەستێ، یەكێكیان هەڵكەوتی جیۆستراتیژیەو ئەوی دیكە قولایی مێژوییە. هەردوو بنەماكەش هاندەرن بۆ پتەوكردنی پێوەندی نێوان هەرێم و توركیا، چونكە داوود ئۆغلۆ لەتیۆرەكەیدا توركیا بەدەوڵەتی دامێن ناناسێ و زیاتر بەلای ئەوەدا دادەشكێنێ كەتوركیا دەوڵەتی ناوەندەو لەم سەروبەندەدا جەخت لەسەر پێگە جیۆستراتیژیەكەی وەك گرێدەری ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیا دەكا. لەتیۆرەكەدا توركیا ناوەندەو دراوسێكانی، لەوانە هەرێمی كوردستان، دامێنن. بەم پێودانگە، جیۆستراتیژ توركیا هاندەدا پەرە بەپێوەندییەكانی لەگەڵ دراوسێكانیدا بدا. لەپاڵ هەڵكەوتەی جیۆستراتیژی و تیۆریی ناوەندو دامێن، تیۆرییەكە زۆر جەخت دەكاتە سەر قولایی مێژوویی و بەم پێیە لەسنووری ئێرانەوە تا دەریای ئەدریاتیك و لەدەریای رەشەوە تا دەریای عەرەب و بیابانی ئەفریقیا بەقولایی مێژویی توركیا دادەنرێ.

ئەم قۆناغەی ئێستای سیاسەتی دەرەوەی توركیا كەتوژەرەكان لەپۆلێن كردنی قۆناغەكانی لەساڵی ١٩٢٣وە تا ٢٠١٠ بەقۆناغی حەوتەمی دەژمێرن و ساڵی ٢٠٠٢ بەسەرەتای دەستپێكی دادەنێن، لەهەموو قۆناغەكانی پێشوو جیاوازترو بەبڕشتتر دێتە بەرچاو.

دووركەوتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی توركیا لەكاریگەرییەكانی ئایدیۆلۆژیای كەمالیزم هەلومەرجێكی لەبار بۆ بەدیهێنانی لێكتێگەیشتنی سەقامگیر لەگەڵ دراوسێكانی، لەوانە لەگەڵ هەرێمی كوردستان، فەراهەم دەكات. ئەلتەرناتیڤی توركیا لەم بوارەدا كرانەوەیەكی زۆرترە بەڕووی دراوسێكاندا، كرانەوەیەك كەدراوسێكانیش هان دەدات بكەونە گەڕ بۆ هەمواركردنی ئاسەواری نۆڕینە ئایدیۆلۆژییە دێرینەكانیان بەچەشنێك كە لەگەڵ بەها تازەكاندا بگونجێ.

بەرژەوەندیی هاوبەش كەبنەمای گرنگی هەر سیاسەتێكی دەرەوەیە، لێی رادەبینرێ زەمینەیەكی لەبار بۆ لێك تێگەیشتنێكی درێژخایەن و سەقامگیر لەنێوان هەرێم و توركیا دەستەبەر بكات. لەنمونەی هەرێم و توركیادا، ئابووری پێش سیاسەت كەوت و رێی بۆ لێك نزیكبوونەوە خۆشكرد. سیاسەتیش لێی رادەبینرێ چوارچێوەیەكی جێگیر بۆ پێوەندییەكان دابین بكات.

لەم سەروبەندەدا سەردانی چاوەڕوانكراوی سەرۆكی هەرێم بۆ توركیا دەبێتە دەستپێكی سەردەمێكی تری پێوەندی لەگەڵ توركیا لەسەر بنەمای پتەوتر.



# عێراق ئەو دەوڵەتەی کێشە سیاسییەکانی بە زەحمەت چارەسەر دەکرێن

عێراق ئەو دەوڵەتەیە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا کۆمەڵێک کێشەی لەگەڵ دەژی و توانای چارەسەرکردنی نییە، ئێستاش دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ جارێکی دیکە عێراق لە هەمان بازنەدا دەخولێتەوە و لەگەڵ ئەوەی هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراق یەکیان گرتووە و وەك هەواڵەکانیش ئاماژەی پیدەکەن، پێدەچێت وتووێژ لە نێوان ئەم هاوپەیمانیە تازەیە و هاوپەیمانی کوردستان دەست پێبکات و چەند لایەنێکیش لە لیستی ئەلعراقیە بچنە ناو ئەو هاوپەیمانیە، بەڵام وێرای هەموو ئەمانەش پێناچێت کێشە سیاسییەکانی عێراق بە ئاسانی چارەسەر بکرێن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، گوڵان بە باشی زانی ئەم پرسە گرنگە لە گەڵ چەندین کەسایەتی عێراقی کە نوێنەرایەتی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دەکەن، تاوتوێی بکات، هەر بۆیە سەبارەت بەم پرسە ئەمجارە گوڵان تەنها بیروبۆچوونی ئەو بەڕێزانە بڵاو دەکاتەوە کە راستەوخۆ لەم تەوەرە گرنگە بەشداریان کردوین و ئەمەش دەقی ئەو بیرو بۆچوونانەیە کە بۆ گوڵان دەریان بڕیوە:

دیموکراسی سیستمێکی نوێیە لە عێراقدا، دیموکراسیش پێویستی بە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات و بە مشتومڕ و بە پێکهێنانی ئیجماع هەیە

بێرندۆن ئۆکۆنور بۆ گوڵان:

# چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانتان لەگەڵ بەغدا پێویستی بە نەفەسی درێژ و کەسبکردنی رای جەماوەری عەرەبی هەیە

*** بۆچی لە عێراقدا لایەنە سیاسییەکان زۆر بەزەحمەت دەتوانن زەمینەیەکی هاوبەش بۆ لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکان بدۆزنەوە؟**

- هۆکاری یەکەم ئەوەیە، دیموکراسی سیستمێکی نوێیە لە عێراقدا، کە ئێمە دەزانین دیموکراسیش پێویستی بە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات و بە مشتومڕ و بە پێکهێنانی ئیجماع هەیە، هێزە سیاسییەکانی عێراقیش دەست و پەنجەیان لەگەڵ بەکارهێنانی هەموو ئەم ئالیەتانەدا نەرم نەکردووە، لەبەر ئەوەی لە رابردوودا بە نهێنی کاریان کردووە، هەروەها نەریتی مانەوە لە دەسەڵات و رەتکردنەوەی گۆڕان لە لای ئەم هێزانە بەدی دەکرێت. هۆکارێکی دیکە بریتییە لە قەتیسبوونی کێشە و ناکۆکیە سیاسییەکان لە چوارچێوەی گرژی ئیتنی و قەومیدا، بۆ نموونە کێشەی فیدراڵیەت، کێشەی ئەو کەمینە نەتەوانەی دیکە جگە لە کوردەکان، چونکە کێشەی کوردەکان مێژوویەکی درێژتری هەیە. هۆکاری سێیەم کە هەمان گرنگی هۆکارەکانی دیکەی هەیە، دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکانە کە هەر یەکە لەم دەوڵەتانە بەرژەوەندی و بەرنامەی سیاسی تایبەت بەخۆی هەیە و فشار لەسەر لایەنە ناوخۆییەکان دەکەن بۆ جێبەجێکردنیان.

***تاچەند ئەو شێوازە سیاسییەتەی لایەنە عێراقییەکان لەگەڵ یەکتری پیادەی دەکەن، هۆکارێکن بۆ دروستبوونی بێ متمانەیی؟**



●●●

**رووناکبیر و سیاسەتمەدار و کۆمەڵناسی ناسراوی عێراق د.فالح عەبدولجەبار ئێستا لە بەیروت نیشەجێیەو بەڕێوەبەری ئامۆژگای عێراقە بۆ دیراساتی ستراتیژی لە بەیروت و لەماوەیەکی کورتدا بێجگە لەچەندین دیراسەتی گرنگ، چەندین کتێبی گرنگیشیان لەسەر دیموکراتی و پرسەکانی دیکەی عێراق چاپکردووە، بۆ قسەکردن لەسەر باری سیاسیی عێراق، بەڕێز د.فالح عەبدولجەبار بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

●●●

- پێموایە هۆکاری بێ متمانەی بۆ دوو سەرچاوە دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ترسی لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانە لەوەی لایەنەکانی دیکە هەڵبستن بە پاوانکردنی دەسەڵات، بۆ نموونە ئەگەر چوار لایەن یان چوار لیستە سەرەکیەکە پێکەوە بەشداری لە حکومەتدا بکەن، ئەوا تا رادەیەکی زۆر ئەم ترسە دەڕەوێتەوە. سەرچاوەی دووەم ئەوەیە ترسێك هەیە لە روودانی کودەتای سەربازی و گەڕانەوەی بەعسییەکان، کە بەپێی ئەو هەواڵانەی پێم گەیشتوون ئەم دڵەڕاوکێیە لە بەغدا هەیە، هەرچەندە پێموایە موبالەغە دەکرێت لەم رووەوە، چونکە روودانی کودەتای سەربازی لەم ساتەوەختەدا لە حوکمی مەحاڵدایە. لەبەر ئەوە ئەگەر بتوانین ئەم حاڵەتە چارەسەربکەین، ئەوا دەتوانین ئەو بێ متمانەییە بڕەوێنینەوە.

***باشە لەم کاتەدا کە ئەم هەموو مەترسییانە بوونیان هەیە، ئایا دەکرێت چاوەڕێی سەرکەوتنی پرۆسەیەکی دیموکراتی لە عێراقدا بکرێت؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین عێراق وەك کەسێکی نەخۆش وایە کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵە لە جێگەدابووە، خۆ ناکرێت کەسێك بۆ ماوەیەکی دووردرێژ نەخۆش بووبێت داوای لێبکەن راستەوخۆ هەڵسێت و رابکات، بەڵکو ئەمە پێویستی بە دووبارە راهێنانەوە و ئامادەکردنەوە هەیە. لەبەر ئەوە ئەو پەنجا ساڵەی رابردوو ئاسەواری زۆری بەسەر بیرکردنەوە و رەفتاری سەرکردە و ئەندامانی کۆمەڵگەدا جێهێشتووە کە دەبێت بە شێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ کار بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنیان بکەین.

***لەم بارودۆخەدا ئەگەر باسێك لە**

**لە رووی مێژووییەوە عەرەبەکان هاوسۆزبوون لەگەڵ کوردەکاندا، تەنها هەندێ سەرکردە سیاسییە عەرەبەکان هەڵوێستی شۆڤێنیان هەبووە**



**هاوپەیمانی کوردستانی دەتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابی لەم ڕووەوە ببینێت کە ئەگەر بتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات، ئەوا شەعبیەتێکی گەورەی دەبێت لە نێو عەرەبەکاندا**

**پرسی کورد لە عێراقدا بکەین و ئاماژە بەو کێشە هەڵپەسێراوانە بکەین کە لە نێوان بەغـداو هەولێر دا هەن، ئایا تا چەند کورد دەتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات؟**

- ئاشـکرایە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و هێزە چەپ و دیموکراتەکانی عێـراق بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێژ دروشـمی بەدەسـتهێنانی حوکمی زاتیان بەرزکردبووە، کە دواتر سەددام حوسێن حوکمێکی زاتی ساختەی بە کوردەکانـدا. بەڵام لە ماوەی دواییدا داواکارییەکـە بـۆ بەدەسـتهێنانی فیدراڵیـەت بەرزکرایـە، ئێسـتاش مەسـەلەی فیدراڵیەت بناغەیەکی پتەوی هەیە لە دەسـتووردا، هەروەها هەرێمـی کوردسـتان، حکومەتـی سەربەخۆی خۆی هەیە، پەرلەمانی هەیە و ئاڵای هەیە و لە سەدا ١٧ی داهاتی وڵاتەکە وەردەگرێت. راسـتە کێشـەی هەڵسەپێردراو هەیە لە نێوان هەرێمـی کوردسـتان و حکومەتی بەغدا، بەڵام پێموایە ئەم کێشـانە بە سیاسەتی نەفەسـی درێژ چارەسەر دەکرێـن، واتە دەبێت کـوردەکان کار لەسـەر کەسـبکردنی خەڵکی ئەو ناوچانـە بکەن، چونکـە لە ڕووی مێژووییەوە عەرەبەکان هاوسـۆزبوون لەگەڵ کوردەکاندا، تەنها سـەرکردە سیاسـییە عەرەبـەکان هەڵوێسـتی شۆڤێنیان هەبووە. لەبەر ئەوە هیوادارم سەرکردە کوردەکان هەوڵی باشترکردنی پێوەندی لەگـەڵ جەماوەری عەرەب بدەن، لەگەڵ چینە ڕۆشنبیر و خاوەن کار و راگەیاندنکارەکانـی عەرەبـدا بدەن. بەڵام بە داخەوە تا ئێسـتا هیچ دەستپێشخەرییەك لەلایەن سەرکردەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەم ئاراستەیەدا نەخراوەتەڕوو. کەواتە ئەبێت ئێوە هەم سیاسەتی نەفەسی درێژ پیادە بکەن و هەم هەوڵی کەسبکردنی خەڵکی ئەو ناوچانەدا بدەن، چونکە هەر جەماوەر دەتوانێت سـنوورێك بۆ شۆڤینیەتی سەرکردە سیاسییەکان دابنێت، یاخود پەکی بخات.

***ئایـا دوای یەکگرتنـی هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسـا و هاوبەندنی نیشـمانی عێـراق چۆن پرۆسـەی سیاسـیی و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئاینده دەبینیت؟**

ئێمـە دەبێت بزانین کە نزیکەی چوار



**داواکەی بەڕێز بارزانی بە داوایەکی حەکیم دەزانم کە داوای پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بنکەفراوانی کردبوو**

هێز لە ناو ئیئتیلافی نیشتمانیدا هەن، ڕەوتی سەدر کە بەهێزترینیانە و ٤٠ کورسی هەیە کە دەکاتە نزیکەی دوو لەسەر سێی کورسییەکانی ئەم لیستە، دواتر ئەلحەکیم کە ١٨ کورسی هەیە و جەعفەری کە تەنها کورسییەکی هەیە و حزبی فەزیلەش چەند کورسییەکی دیکە، ئەوەش روونە ڕەوتی سەدر بەرهەڵستی ئەوە دەکات مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، لەبەر ئەوەی لە نێوان سەدر و مالیکیدا خوێن هەیە و لەو باوەڕدانیم بگەنە ڕێککەوتن و ئاشتەوایی. چارەسەرێکی دیکە ئەوەیە نزیکبوونەوە لە نێوان مالیکی و عەلاویدا دروست بێت کە دواتر هاوپەیمانی کوردستانی بچێتە ناو ئەو هاوپەیمانێیتەوە، هاوپەیمانی کوردستانی دەتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابی لەم ڕووەوە ببینێت کە ئەگەر بتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات، ئەوا شەعبیەتێکی گەورەی دەبێت لە نێو عەرەبەکاندا، ئەو کاتە متمانەیەکی گەورە لە نێوان عەرەبەکاندا دروست دەبێت بە قودرەتی سەرکردە کوردەکان بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسە سیاسییەکە بە شێوەیەکی واقیعی بۆ هێنانەدی سەقامگیری، چونکە ئەگەر سەقامگیری نەمێنێت، ئەوا هەموو شتێك هەرەس دەهێنێت، ئەو کاتە ناردنە دەرەوەی نەوت ڕادەوەستێت، بەمەش کوردستان بێبەش دەبێت لە داهات. لەبەر ئەوە باوەڕم وایە دەبێت کوردەکان پێداگیری بکەن لەسەر بینینی ئەم ڕۆڵە و لەسەر نزیککردنەوەی لایەنەکان لە یەکتر. هەروەها داواکەی بەڕێز بارزانی بە داوایەکی حەکیم دەزانم کە داوای پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بنکەفراوانی کردبوو، بەڵام دەبێت ئەم داواکاریە لە چوارچێوەی دروشمدا نەمێنیەوە، بەڵکو لەسەر ئەرزی واقیع تەرجومە بکرێت.

***ئایا پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق دەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا بگەنە کۆدەنگی و ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق؟**

- لە ڕاستیدا ناتوانم ئەو ماوەیە دەستنیشان بکەم، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە جاری پێشوو نزیکەی شەش مانگی خایاند.

(ئەسعەد ترکی سواری) ئەمینداری گشتی دامەزراوەی سەدرەین ؛بۆ گوڵان:

# گەورەترین گرفتی عێراق یاسای هەڵبژاردن و یاسای حزبە سیاسییەکانە

چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان لە عێراقدا کارێکی زەحمەتە

ئەو وڵات و لایەنە دەرەکییانەش دامەزراوەی خێرخوازی نین، بەڵکو بەرژەوەندی و بەرنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە

*** ئەگــەر لەروانگەی سیاســییەوە بۆ هەلومەرجی ئێستای عێراق هەڵسەنگاندن بکەین، ئــەوا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە چارەســەرکردنی کێشــە سیاسییەکان لە عێراقدا کارێکی زەحمەتە، پرســیارەکە ئەوەیــە هۆکاری ئەم دژواری و زەحمەتیە بۆچی دەگەڕێننــەوە و بۆچی دۆخەکە ئەوەندە بەسەریەکدا ئاڵۆزکاوە؟**

- لە راســتیدا ئەو هەلومەرجەی ئێستا لــە ئارادایە هەر هەمــووی دەرئەنجام و دەرهاویشــتەی پێشــکییەکی هەڵەیە، مەبەســتم ئەوەیە لەبەرئــەوەی رووخاندن و راماڵینــی رژێمی پێشــوو لەلایەن هێز و لایەنێکی دەرەکییــەوە ئەنجامدرا، ئەوا پێویســتە خەڵکی عێراق باجەکەی بدەن، چونکە خەڵکی ئەم وڵاتە بەرپرســیارێتی لابردن و رووخاندنی رژێمەکەیان لەئەستۆ نەگرت، بەڵکو ئەم کارە لەلایەن دەستێکی دەرەکیەوە جێبەجێکرا، ئێمەش دەزانین ئەو وڵات و لایەنــە دەرەکییانەش دامەزراوەی خێرخــوازی نیــن، بەڵکــو بەرژەوەندی و بەرنامــەی تایبــەت بەخۆیــان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لە دۆخ و دیمەنە سیاســییەکە بڕوانین-کە ئێمە لێرەدا باس لەو بنەما فیکری و فەلســەفیانە ناکەین کە پرۆسە سیاسییەکەی لەسەر بنیاتنراوە- ئــەوا دەتوانیــن بڵێین چەنــد هۆکارێک بەرپرسن لە هێنانە ئارای ئەم هەلومەرجە، یەکەمیان سیســتەمی هەڵبژاردن و دووەم یاســای حزبەکانە، چونکە ئەگەر یاسای حزبەکان پیــادە بکرێت، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی حزبی موئەسەساتی دروست بێت، بــە پێچەوانەی ئەو پارتە سیاســییانەی ئێســتا لە ئارادان کە پارتی تاکەکەس و شەخسێکی دیاریکراون، واتە لە شێوەیەکی هەرەمەکــی هەڵگەڕاوەدان بە چەشــنێك لەگەڵ نەمانی ئەو کەســایەتییەدا، پارتە سیاســییەکەش هەرەس دەهێنێت. هەروەها سیستەمی هەڵبژاردنەکەش بۆتەهۆی ئەوەی لەبری ئەوەی هەڵبژاردنەکان وەك وڵاتانی دیکە هەڵبژاردنــی پەرلەمانی بێت، ئەوا



**ئەسعەد ترکی ســواری برای سائر ترکی ســوارییە کە رژێمی پێشووی بەعس لە ســێدارەی داوە یەکێکە لــە نزیکەکانی بنەماڵەی ســەید محەممەد باقر سەدر و ئێستا ئەمینداری گشــتی دامەزراوەی ســەدرینە بۆ دیراساتی ســتراتیژی و لەکاتی رووخانی رژێمی پێشوودا هەموو دۆســیە پێوەندیدارەکانی بە شەهید سەدر دۆزیوەتەوە، لەم بارودۆخەدا کە دەنگۆی ئەوە هەیە محەممەد جەعفەر سەدر یەکێك بێت لە پاڵێوراوەکانی پۆســتی ســەرۆك وەزیرانــی داهاتــووی عێــراق، بۆ ئەم مەبەســتە و بۆ قســەکردن لەسەر باری سیاسی هەنووکەیی عێراق، بەڕێز ئەسعەد ترکی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

بۆتە هەڵبژاردنی رەمز و کەسایەتییەکان، بە جۆرێك ئێستا ئێمە رووبەڕووی کێشەی ئەو هەمــوو رەمزە سیاســییە بووینەتەوە کە ئەمەش گرفتی ئەوەمان بۆ دروســت دەکات چۆن بــۆ رازیکردنی ئەو هەموو کەسایەتیسانە هەڵبســتین بە داتاشینی پۆست و پلە و پایەی تایبەت، لەبەر ئەوەی ئەو رەمزانە رازی نابن پۆســتێکی نزمتر یان کەمتر وەربگــرن. لە لایەکی دیکەوە ئەم حاڵەتە بۆتەهۆی ئەوەی کێشە دروست بێت لەســەر ئــەوەی چ لایەنێك ئەرکی پێکهێنانــی حکومەتی پێ بســپێردرێت، ئایــا لایەنی بــراوە لــە هەڵبژاردنەکان، یاخود ئەو لایەنــەی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانــی دروســت دەکات، لە یەکەم دانیشــتی پەرلەماندا. کەواتە کێشــەکان لــە سیســتەمی هەڵبژاردن و لە یاسای حزبەکاندایە کە هۆکارێك بوون بۆ لاوازی ئەدای سیاسی و نزمی ئاستی بەشداری کردن لــە هەڵبژاردنەکاندا. یەکێکی دیکە لە مەســەلەکان بریتییە لە پێکهێنانی ئەو حکومەتــەی پێی دەوترێــت حکومەتی شــەراکەت، لەکاتێکدا ئەمە لە ناوەڕۆکدا حکومەتێکە لەســەر بنەمای تەوافوق و موحاسەسە بنیاتنراوە، بەڵام ئەوان دەیانەوێت خۆڵبکەنــە چاوی کێ و بەشــاردنەوەی ئەم راســتیە کێ هەڵبخەڵەتێنن، کە هەر ئەمجۆرە حکومەتەش هــۆکاری خراپی ئاســتی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و دروســتکردنی خاکێك یان کەشــێکی بەپیتە بــۆ ســەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی گەندەڵی دارایی و ئیداری. مەســەلەیەکی دیکە پەیوەستە بە نەمانی متمانە بە پرۆسە سیاســییەکە، ئەمەش ئــەو کاتە روودەدات کە خەڵکی هەســت دەکــەن یاخود دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەشداریکردنی ئەوان نابێتەهۆی گۆڕینی ئەو لایەنە سیاسییانەی کە لە دەسەڵاتدان یاخود نابێتەهۆی گۆڕینی ئاراســتە و قیبلەنمای پرۆسە سیاسییەکە. لەبەر ئەوە پێموایە چارەســەرکردنی ئەم کێشــانە بە پێکهێنانی حکومەتێك دەکرێت کە لەسەر بنەمای زۆرینە پێکهاتبێت، بە چەشنێك لایەنەکانی دیکە ســەنگەری موعارەزە بگرن لــە پەرلەماندا، بــەڵام ئەویش بە دوو مــەرج، یەکەمیان لە هەر وەزارەتێکدا پشکنەرێکی گشتی هەبێت (مفتش عام)

کە لە لایــەن موعــارەزەوە دامەزرابێت، مەرجی دووەم یەکســانکردنی ئیمتیازاتی ئەندامانی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاســادانانە، بــۆ ئەوەی ئــەو هەڵپەو پەرۆشییەی بۆ بەدەستهێنانی پۆستەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ئارادایە بوونی نەمێنێت.

*** مێژووی عێراق هەر لە دروستبوونییەوە تاوەکو رووخانی رژێمی سەددام مێژووی حکومڕانێتی کردنی کەمینەیە، ئاشکرایە ئەم حکومڕانێتییەش خەســڵەتی کرانەوەو دیموکراسی هەڵناگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمــە نەبۆتەهۆی ئەوەی نیگەرانی و بــێ متمانەیی لە نێــوان پێکهاتەکانی وڵاتەکــەدا دروســت بــکات؟ ئایا چۆن دەتوانرێــت کار بــۆ دروســتکردنەوەی ئــەو متمانەیە و کولتــووری پێکەوەژیان بکەین؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاوبێت کە لە دوای رووخانی رژێمی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، دوو کاردانەوەی جیاواز لە ئاست رووداوەکان لە ئارادابوون، کاردانەوەی تائیفەی ئیمامی کە لە شیعەکاندا خۆی دەبینییەوە، لەگــەڵ کاردانەوەی تائیفەی غەیرە ئیمامی کە بریتییە لە ســوننەکان، مەبەســتم ئەوەیە شــیعەکان هەســتیان کــرد دوای ١٤٠٠ ســاڵ دوورکەوتنەوە لە دەســەڵات — ئەگەر لێــرەدا ئێمە بۆ مێــژووی دوور بگەڕێینــەوە- هەروەها دوای ٤٠ ســاڵ لە دەسەڵاتی بەعس کە دوورخرابوونەوە و پەراوێزکرابوون، گەیشتنە ئــەو قەناعەتەی کە کاتــی ئەوەهاتووەو جڵەوی کاروبارەکان، جڵەوی دەســەڵات و حکومڕانێتی بگرنەدەســت. لەکاتێکدا سوننەکان باوەڕیان وابوو ئامانجی شیعەکان لە گرتنەدەســتی جڵەوی فەرمانڕەوایی تۆڵەکردنەوەیە لە سوننەکان. کە ئێمە لێرەدا دەبێت ئەو راســتیە بڵێین کە راســتە ئەو دەسەڵاتەی پێشتر لە ئارادابوو بە شێوەیەك وەسفدەکرا کە دەســەڵاتی سوننەکان بێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بە وردی دەستنیشــانی بکەیــن، ئەوا دەتوانین بڵێین دەســەڵاتی سوننەش نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی گوندێك بوو، لەوەش زیاتر دەســەڵاتی تاکەکەسێك بوو. هەروەها هەر ئەو دەســەڵاتە بوو کە تــۆوی دووبەرەکی و فیتنــەی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانــی وڵاتەکەدا چاند و هەر ئەوەش هــۆکاری بێمتمانەیی نێوان ئــەم پێکهاتانەیە. لێــرەدا ئەگەر دووبارە بگەڕێینــەوە بۆ بارودۆخی ئێســتا، ئەوا پێموایە خەڵکی عێراق ئەو راســتییەیان بۆ روون بۆتەوە کە ئەو کەسانەی بانگەشەی ئەوەیــان دەکــرد کار بــۆ خزمەتکردن و هێنانەدی بەرژەوەندی تائیفەکانیان دەکەن، دوورن لە راستیەوە و ئەوان تەنیا پەرۆشی بەرژەوەندییــە شەخســییەکانی خۆیانن، لەبەرئەوە هیچ رێگری و کۆســپێك بەدی ناکەم لە بەردەم عێراقییەکاندا کە متمانەی خۆیــان بە لایەنگەلێکی سیاســی دیکە ببەخشــن، بۆ ئەوەی ئەوان هەڵبســتن بە راپەڕاندن و جێبەجێکردنــی ئەو بەرنامە خزمەتگوزارییانەی کە پێشتر خراونەتەڕوو، هەروەها هیچ شتێك رێگر نییە لەوەی ئەو لایەنە سیاسییانەش کار بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك بکەن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بە چەشنێك بتوانن ئاڕاستەی پرۆسە سیاسییەکە بگۆڕن.

*** لایەنێکــی دیکە هەیە لــە مێژووی عێــراق، ئەویــش بریتییە لــەو کودەتا و راپەڕین و حکومەتە عەســکەرییانەی لە دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨ تاوەکو رووخانی رژێمی ســەددام روویاندا، کە ئەمەش ئەو پرسیارە دروست دەکات ئایــا ئەو پەنجا ســاڵەی رابردوو تا چ رادەیەك بوونە هۆی چەســپاندنی کولتووری دیموکراسی لە عێراقدا؟**

ئێمــە دەزانین کە لەبەرئــەوەی زۆرینەی خەڵکــی عێراق ئیســلامن- کە لە چەند بۆنەیەکدا ناســنامەی ئیسلامی بوونی خۆیان دوپاتکــردەوە- حوکمــی زۆرینە رەتدەکەنەوە و باوەڕیــان وایە حوکم تەنیا بۆ خوایە، لەبەرئەوەی هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتــووە «ان تتبع اکثر من في الارض یظلوك عن ســبیل الله»، « وما اکثــر النــاس و لو حرصــت بمؤمنین» هەروەهــا « واکثرهــم فاســقون» «بل اکثرهم لا یؤمنــون»، بەڵگەی روونن کە ئەو زۆرینەیەی هەڵدەبژێردرێت هەمیشــە هەوڵــی هێنانەدی ئامانج و ئارەزووەکانی خۆیان دەدەن و مەرج نییە کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتەکەیان بکەن. لەلایەکــی دیکەوە ئــەوەی پێی دەوترێت زۆرینە لە راستیدا بە زەبری بەکارهێنانی ســەرمایەو خســتنەگەڕی دەزگاکانی راگەیانــدن هەڵدەســتێت بــە گۆڕینی قەناعەت و بیروبۆچوونی خەڵك، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی لە کۆتاییدا دەسەڵات بکەوێتە دەست کەمینە کە سەرمایەیان بە دەستەوەیە. هەر لە هەمان چوارچێوەیەدا، دەتوانین ئەوە بڵێین کە رەوتە ئیسلامییەکان و ئەوانەی بانگەشــەی ئیســلامی بوون دەکەن، نەیانتوانیوە لە ئاســتی پێویستدا بن، هەروەها دروشمەکانیشیان بەسەرچوونە و ئیستیهلاك بوونە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم رەوتانە لە چوارچێوەیەکی مەحەلیدا قەتیس و گرمۆڵە بوونە، یاخود لە سنووری نفوزی هێزێکی ئیقلیمی یــان قەومیدا بوونە و نەیانتوانیوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکــی وڵاتەکە و موســڵمانان بکەن. کەواتە لێرەدا داوا لە لایەنە سیاســییەکان دەکەم، بە تایبەتی لایەنە ئیســلامییەکان کە بە پێداچوونەوە بە شــێوازی کارکردنی خۆیانــدا بکەنەوە، بۆ ئەوەی تەنیا تەرکیز لەسەر بەدەستهێنانی پۆستە سیاسییەکان نەکــەن، هەروەهــا بۆ ئــەوەی هەنگاو بــەرەو دروســتکردن و بنیاتنانی حزبی موئەسەســاتی هەڵبگــرن، چونکە ئێمە جیاوازییەکــی گەورە بــەدی دەکەین لە نێوان ئەو خیتابەی لایەنە ئیســلامییەکان لە راگەیاندنەکانەوە دەیخەنەڕوو، لەگەڵ ئەو خیتابەی لە دانیشــتنە نهێنییەکاندا دەیدرکێنــن. لەلایەکی دیکــەوە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دەســتووری عێراق، ئەوا ئەو راســتیە بــەدی دەکەین کە ئەم دەســتوورە بە چەند قەیدێك کۆت و بەند کراوە، بۆ نموونە دوو لەســەر ســێی سێ پارێزگا دەتوانــن هەموو هەموارکردنێکی دەســتوور رەتبکەنەوە، کــە دەبێتەهۆی شکســتپێهێنانی هــەر پرۆژەیــەك، کە ئەمەش هاوشــێوەی ئەو مافی ڤیتۆیەیە کە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش هەیانە.

*** مەســەلەیەکی دیکــە پەیوەســتە بە پشتگوێخســتنی کێشــەی کــوردەوە لە عێراقــدا، بە چەشــنێك تەنانــەت ئەو کەسانەی کە پێشتر لە بەرەی موعارەزەدا بوون و ئێســتا بەرپرســیارێتیان هەیە لە عێراقدا، چارەســەرکردنی ئەم کێشەیە لە لاوازبوونی خۆیان لێکدەدەنەوە، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین بێ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە عێراق ســەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکەینە سەرچاوەیەك یان فاکتەری بەهێزبوونی عێراق؟**

**ئەو پارتە سیاسییانەی ئێستا لە ئارادان کە پارتی تاکەکەس و شەخسێکی دیاریکراون**

**لەکاتێکدا سوننەکان باوەڕیان وابوو ئامانجی شیعەکان لە گرتنەدەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی تۆڵەکردنەوەیە لە سوننەکان**

**رەوتە ئیسلامییەکان و ئەوانەی بانگەشەی ئیسلامی بوون دەکەن، نەیانتوانیوە لە ئاستی پێویستدا بن، هەروەها دروشمەکانیشیان بەسەرچوونە و ئیستیهلاك بوونە**

لە راستیدا ئەم کێشەیە هاوشێوەی کێشەی فەلەستینە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانی نێوانیان. کورد دووچاری نەهامەتییەکی گەورە بوونەوە لەسەر دەستی رژێمی پێشوو، هەروەها لێرەدا دەڵێم دەبێت ئێمە بایەخ بە چەسپاندنی چەمکی هاووڵاتی بوون و هاونیشتمانی بوون بدەین، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا دوو پێکهاتەی نەتەوەی جیاواز و دوو پێکهاتەی دیکەی مەزهەبی جیاواز هەن، کە ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت کار بەم چەمکە بکەین، لەم روانگەیەوە پێموایە دەبێت بڕیاری یەکلاکردنەوەی مەسەلەی کەرکوك لە دەستی خەڵکی پارێزگاکەدا بێت و ئێمەش لە دیراسەتەکانماندا باسمان لەوەکردووە کە دەبێت کەرکوك بۆ هەموو عێراقییەکان بێت، لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندی ئەم شارە و لەگەڵ پاراستنی مافە تایبەتی و گشتییەکانی گەلی کورد، بە چە شنێك لەبری ئەوەی ئەم پارێزگا گرنگە ببێتە بۆمبێکی تەوقیتکراو بۆ تەقاندنەوەی دۆخی عێراق، ببێتە نموونەیەك بۆ پێکەوەژیانی تێکڕای پێکهاتە ئایینی و ئیتنییە جیاوازەکانی عێراق.

*** کوردەکان داواکاری تایبەت بەخۆیان هەیە، وەك جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك داواکاری کوردەکان بە جیددی وەردەگیرێت لە چوارچێوەی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق؟**

- لە راستیدا کوردەکان نەك هەر پێکهاتەیەکی گرنگن، بەڵکو ئەوان دەتوانن تای تەرازووەکە بەلای ئەولایەنەدا بشکێنن کە جڵەوی کاروبارەکانی دەکەوێتە دەست، لە لایەکی دیکەوە ئێمە هەر تەنیا لە روانگەی ئەوەوە ئاماژە بە گرنگی کوردەکان ناکەین کە ئەوان سەنگێکی دیموگرافیان هەیە، بەڵکو ئێمە لەو گۆشەنیگایەوە سەیری مەسەلەکە دەکەین کە موفەکیری گەورەی ئیسلامی محمەد باقر ئەلسەدر بە رووی دیکتاتۆریەتدا فەتوای حەرامکردنی شەڕی کوردی دەرکرد و ژیانی خۆشی لەم پێناوەدا بەخت کرد. کەواتە کوردەکان بە تەنیا هاوپەیمانی ستراتیجی نین، بەڵکو شەریکن لە مەزڵومیەت و موعانات و قوربانیدان لەگەڵ ئێمەدا، شەریکین لەیەك سەنگەردا دژی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت، لەبەر ئەوە رێگە بە هیچ هێزێکی دەرەکیی یان ناوخۆیی نادەین مافەکانیان پێشێل بکات.

*** باس و خواسی ئێستا دەربارەی یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانیە، بە**



جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکەین لە نێوان ئەو خیتابەی لایەنە ئیسلامییەکان لە راگەیاندنەکانەوە دەیخەنەڕوو، لەگەڵ ئەو خیتابەی لە دانیشتنە نهێنییەکاندا دەیدرکێنن

دەبێت بڕیاری یەکلاکردنەوەی مەسەلەی کەرکوک لە دەستی خەڵکی پارێزگاکەدا بێت و دەبێت کەرکوک بۆ هەموو عێراقییەکان بێت

موفەکیری گەورەی ئیسلامی محەمەد باقر ئەلسەدر بە رووی دیکتاتۆریەتدا فەتوای حەرامکردنی شەڕی کوردی دەرکرد و ژیانی خۆشی لەم پێناوەدا بەخت کرد

**تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەک ئەگەری یەکگرتنی ئەم دوو لیستە لە ئارادایەو تا چ رادەیەکی ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت سەربکێشێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی پۆستی سەرۆک وەزیران؟**

- لە راستیدا هەر پارت و هاوپەیمانێتییەکی سیاسی بەرنامەو بنەمای فیکری و کۆمەڵایەتی خۆی هەبووە، کە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ جەماوەری خستۆتەروو، لەبەرئەوەی ئێستا ئیلتیزامێکی ئەدەبی و ئەخلاقی دروست بووە بۆ ئەم لایەنە سیاسییانە کە دەبێت ڕێزی لێبگرن، لەبەر ئەوەی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە دەنگ و متمانەیان بەتۆ بەخشیوە. مەبەستم ئەوەیە، دەبێت ئەم مەسەلەیە لەبەرچاوبگیرێت لەکاتی یەکگرتن و پێکهێنانی هەر هاوپەیمانێتییەکدا. لە لایەکی دیکەوە ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە خیتابی سیاسی و ئابووری، تێڕوانینی ستراتیجی و فیکری سێ لایەنی سەرەکی لەیەکەوە نزیکە، کە ئەوانیش دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی و هاوپەیمانی کوردستانییە، ئەوەش دەرئەنجامی کۆمەڵێک هەلومەرجی سیاسی سەخت بووە کە بۆ ماوەی نیو سەدە پێیدا تێپەڕین. ئەوەی پێوەندی بە لیستی ئەلعێراقیەوە هەبێت، ئەوا سەرەڕای ئەوەی لیستی ئەلعێراقییە نوێنەرایەتی پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق دەکات، بەڵام چەند لایەنێکی هەن لەم لیستەدا کە خیتابێکی شۆڤێنیان هەیە، بۆ نموونە ئێمە ئاگادارین بەڕێز هاشمی لە لێدوانێکدا رایگەیاند عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە و لە ناوەندێکی عەرەبیدایە، لەبەرئەوە دەبێت سەرۆکەکەی کەسایەتییەکی عەرەب بێت، کە بەم لێدوانە زیانێکی زۆر بە هەستی نیشتمانپەروەرێتی عێراقی گەیاند و گورزێکی رەگەزپەرستانەی قەومیشی لە گەلی کورد سرەواند. هەروەها یەکێکی دیکە لە کەسایەتییەکان ئوسامە نوجەیفیە، کە خیتابی خۆی و هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆی لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی هێزە کوردییەکان بنیاتنابوو، کە ئەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ ئەم هێزانەدا ببەستێت ئایا چۆن وەڵامی ئەو دەنگدەرانە دەداتەوە کە متمانەیان پێداوە، لەبەر ئەوە ئەگەرچی رەنگە ئەیاد عەلاوی بۆچوونێکی جیاوازی هەبێت، ئەوا چەندین کەسایەتی دیکە هەن لەو لیستەدا کە خیتابێکیان هەیە پێچەوانەی چەمکی هاووڵاتی بوون و هاونیشتمانی بوونە.

*** بە پێی رۆژنامەی لۆس ئەنجەلۆس تایمز، بەهێزترین پاڵێوراو بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران محەمەد جەعفەر ئەلسەدرە، ئایا ئێوە فرسەتەکانی بەردەم ئەم کەسایەتیە چۆن دەبینن بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە؟**

- لەگەڵ رێز و تەقدیری گەورەم بۆ ئەو کەسایەتیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام کە ناوی سەدر بە دووربگیرێت لەو کێشمە کێشە سیاسییەی ئێستا لە عێراق لە ئارادایە، بەلای کەمەوە لەم قۆناغەدا، لەبەرئەوەی ئەمە قۆناغی وەرچەرخانەکانە لە عێراقدا، ئەگەری ئەوە هەیە ببێتەهۆی پووکانەوەی ناوی چەندین کەسایەتی گەورە و دیار و درەوشاوە، بۆ نموونە سەید عەلی ئەکبەری حائیری کە بابی ئایەتوڵا عوزما کازم ئەلحائیریە پێی راگەیاندم کە رووم کردە خوێندنی ئەکادیمی عەمامەم داگرت لەبەر ئەوەی خەڵک خوازیاری ئەوەبوون شوێنپێی باوکم هەڵبگرم، بەڵام ئەو عەمامەیەم داگرت بۆ ئەوەی ناوی ئەو بەدووربگرم. لەبەر ئەوە هیوادارم بەڕێز محەمەد جەعفەریش ناوی شەهید سەدر بە دووربگرێت لەو مەعمەعە سیاسییانەی روودەدەن. هەروەها ئومێدەوارم لە قۆناغێکی دیکەدا کە هەلومەرجەکە پێگەیشتووتر و لەبارتر بێت رۆڵێکی ئاوا ئەدا بکات، بەڵام لە ئێستادا تەنیا رۆڵی لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان و پێشکەشکردنی راوێژ بە لایەنە جیاوازەکان بگرێتەئەستۆ. بە تایبەتی ئێمە دەزانین کە سەرەڕای ئەوەی حکومەت لە عێراقدا حکومەتی تەوافوقی و موحاسەسە بوو، بەڵام هەموو سلبیاتەکان دەخرانە ئەستۆی سەرۆک وەزیران. کەواتە نابێت ئەم پۆستە وەربگرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە وەرگرتنی ئەم پۆستە ببێتەهۆی رزگارکردنی عێراق لە قەیران، واتە ببێتە ئەوەی پێی دەوترێت «مرشح التسوية» ئەو کاتە بە چەشنی حەزرەتی یوسف درووودی خوای لێبێت رەفتار دەکات کە رایگەیاند «قال اجعلني علی خزائن الارض اني حفيظ عليم»، چونکە ئیمامی موسڵمانەکان درووودی خوای لێبێت دەڵێت، «انا لا نوليها لمن يطلبها»، کە دەبێت هەموو تەوژمە ئیسلامییەکان کار بەم پێوەرە بکەن، ئەو تەوژمانەی ئیسلامیان وەک عەقیدە وەرگرتووە.

*** ئایا پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق دەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا بگەنە کۆدەنگی و رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق؟**

- ئێمە راهاتووین لە عێراقدا کەچارەسەرکە لە ساتەوەختەکانی کۆتاییدا بێتە ئاراوە، نەک لەچوارچێوەی بەرنامە و ئەجێندایەکی ستراتیجیدا، لەبەرئەوەی ئەگەر عێراق لە لێواری هەڵدێر نزیک ببێتەوە، ئەوا هەموو لایەنەکان تەنازول دەکەن، ئەمەش لە روانگەی پەرۆشیانەوە نییە بۆ بەرژەوەندییەکانی عێراق و خەڵکی عێراق، بەڵکو لەو روانگەیەوەیە کە ئەگەر پرۆسەکە هەرەس بهێنێت، ئەوا دەستکەوتەکانی ئەوانیش لەدەستدەچێت. لەبەرئەوە هیوادارم هەموو لایەنە سیاسییەکان بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بخەنە سەرووی بەرژەوەندییە حزبی و تایبەتیەکانی خۆیانەوە و کار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و موئەسەساتی بکەن. هەروەها باوەڕم وایە چارەسەری گونجاو ئەوەیە حکومەتی زۆرینە پێکبهێنرێت، بە چەشنێک موعارەزەیەکی بەهێز و کارا بۆ چاودێریکردنی ئەدای حکومەت دروست بێت، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە نموونە و سەرمەشقێک بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە، هەروەک چۆن لە رابردووی دووردا عێراق ئینسانیەتی فێری نووسین کرد، ئێستا ببێتە پێشەنگ لە ئەزموونی بەرەوپێشبردنی دیموکراسیدا.



سەرەڕای ئەوەی لیستی ئەلعێراقییە نوێنەرایەتی پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق دەکات، بەڵام چەند لایەنێکی هەن لەم لیستەدا کە خیتابێکی شۆڤێنیان هەیە

لە عێراقدا چارەسەرەکە لە ساتەوەختەکانی کۆتاییدا بێتە ئاراوە، نەک لەچوارچێوەی بەرنامە و ئەجێندایەکی ستراتیجیدا

چارەسەری گونجاو ئەوەیە حکومەتی زۆرینە پێکبهێنرێت، بە چەشنێک موعارەزەیەکی بەهێز و کارا بۆ چاودێریکردنی ئەدای حکومەت دروست بێت

**د.ئیبراهیم سومێدعی بۆ گوڵان:**

# ئەگەر كورد بەشداری لە حكومەتی داهاتوو نەكات دەوڵەتی عێراق رووبەڕووی كارەسات دەبێتەوە

*** عێراق ئەو دەوڵەتەیە بەوە ناسراوە كێشەكانی سەختن و درەنگ چارەسەر دەكرێن، یان بە واتایەكی دیكە عێراق ئەو دەوڵەتەیە كێشەكانی چارەسەر نابن، بەڕێزت وەك شرۆڤەكارێكی سیاسیی عێراقی هۆكاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- پێموایە كێشەی عێراق خۆی لە نەبوونی بونیادێكی روونی حزبیدا دەبینێتەوە، مەبەستم ئەوەیە تاوەكو لە عێراقدا پارتە سیاسییەكان بەرنامەیەكی روونیان نەبێت كە كاری لەسەر بكەن و لەسەر بنەمای ئەم بەرنامەیەش هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەران نەدەن و دواتر لەسەر ئەساسی نزیكی بەرنامەی لایەنەكانی دیكەوە لە بەرنامەكانیانەوە هاوپەیمانێتی پێكنەهێنن، ئەوا كێشە و پشێوی سیاسی لە عێراقدا كۆتایی نایەت. تەنانەت ئەگەر حكومەتیش پێكبهێنرێت، ئەوا بە هەمان شێوەی حكومەتەكانی پێشوو ئەو پارتە سیاسییانە تێیاندا باڵادەست دەبن، كە هەوڵی بەكارهێنانی دامەزراوەكانی دەوڵەت دەدەن بۆ بەهێزكردن و برەودان بە نفوز و كاریگەری خۆیان، كە ئەمەش دەبێتەهۆی درێژەكێشانی ئەو دۆخەی كە دەسەڵات تێیدا لە بری ئەوەی بۆ خزمەتكردن بەكاربهێنرێت، بۆ باڵادەستكردنی حكومڕانێتی لایەنێك بەكاردەهێنرێت. لەم روانگەیەوە تاوەكو كۆتایی بە ئەم دۆخە نەهێنرێت، ئەوا هەلومەرجێكی سیاسی ئاڵۆز لە عێراقدا درێژە دەكێشێت و هەموو جارێك بۆ پێكهێنانی حكومەت دەبێت پەنا ببەینە بەر دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی و سەرپەرشتی نێودەوڵەتی.

*** ئایا تاچەند ئەم شێوازەی پێكهاتەی حزبە سیاسییەكانی عێراق رەگوڕیشەی مێژوویی هەیە، مەبەستم ئەوەیە تاچەند پێوەندی بە مێژووی سیاسەتی حكومڕانی حكومەتەكانی پێشووی عێراقەوە هەیە؟**

- لە راستیدا رەنگە جیاوازبم لەگەڵتاندا لە پێوەندیدا بە وەسفكردنتان بۆ مێژوو و رابردووی ئەم وڵاتەوە، باوەڕم وایە لە دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی دەستووری، حكومڕانێتی دیكتاتۆریەتە عەسكەرتارییەكان دەستی پێكرد، كە بە تیڕوانینی من ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٨دا روویدا بریتی نەبوو لە شۆڕش، بەڵكو بریتی بوو لە كودەتایەكی سەربازی لە لایەن عەبدولكەریم قاسمەوە، كە دواتر زنجیرەی حكومڕانێتیە عەسكەرتارییەكان دەستی پێكرد، كە ناوی نانێم حكومڕانێتی كەمینە، بەڵكو حكومڕانێتی عەسكەرتاری. كە بە چەشنێك حكومڕانێتیان كرد دووربوو لە پیادەكردنی چەمكی هاووڵاتی بوون. ئەمەش دەرگەی واڵاكرد بۆ ئەنجامدانی كودەتای زیاتر، تاوەكو ئەوەی سەددام حوسێن دەسەڵاتی گرتەدەست، كە لێرەدا ناكرێت بڵێین سوننەكان دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەڵكو تاقمێك لە سوننەكان جڵەوی فەرمانڕەواییان وەرگرت. لە لایەكی دیكەوە حزبی بەعس حزبێكی نیشتمانی، محەلی و ناوخۆیی نەبوو، بەڵكو رەگوڕێشەی دەگەڕایەوە بۆ سەرەتاكانی سەرهەڵدانی تەوژمی قەومیەتی عەرەبی لە سەرەتای سەدەی بیستدا، كە حزبی بەعسیش دەسەڵاتی گرتەدەست، كاری بە چەمكی عروبە كرد لەسەر حسابی نیشتیمان پەروەرێتی عێراقی، واتە سەددام ویستی دەوڵەتێكی قەومی عەرەبی دروستبكات، بەڵام یەكێتی نیشتمانی لە ناوبرد. لەبەر ئەوە باوەڕم وایە ئێستا ئێمە لە بەردەم دەرفەتێكی مێژوویی و لەبەردەم بەرپرسیارێتیەكی مێژووییداین بۆ ئەوەی سەر لەنوێ عێراق لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و هاونیشتمانی بوون بنیات بنێینەوە، بە تایبەتی كە ئێمە سەرقاڵی بەرەوپێشبردنی پڕۆژەیەكی دیموكراتین، واتە ئەم دەرفەتێكی رەخساوە بۆ ئەوەی ئاسەوارەكانی حكومی عەسكەرتارییەت بسڕینەوە و بارودۆخەكە بگەڕێینەوە بۆ هەلومەرجی سەردەمی پاشایەتی دەستووری، ئەگەرچی لەسەر شێوەی رژێمێكی كۆماریش بێت. واتە ئەبێت



•••

**د.ئیبراهیم سومێدعی شرۆڤەوانی سیاسی دیاری عێراق، یەكێكە لەو شرۆڤەوانانە سیاسییانەی عێراق بەردەوام لەسەر شاشەی كەناڵە عەرەبییەكان بۆ شرۆڤەی بارودۆخی سیاسیی عێراق ئامادەبوونی هەیە و واقیعیانە بارودۆخی سسیاسیی عێراق دەخوێنێتەوە، سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق و رۆڵی كورد لەو پرۆسەیەدا، د.سومێدعی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

•••

**تاوەكو لە عێراقدا پارتە سیاسییەكان بەرنامەیەكی روونیان نەبێت كە كاری لەسەر بكەن كێشە و پشێوی سیاسی لە عێراقدا كۆتایی نایەت**

هەوڵبدەین دەوڵەت لەسەر بنەمای یەکسانبوونی هاووڵاتیان بنیاتبنێین، ئەو کاتە ئەتوانیان شوێنەواری ئەو دەسەڵاتانە بسڕێنەوە کە هەوڵی جێبەجێکردنی ئایدۆلۆژیایەکی قەومی عەرەبیان دەدا لەسەر حسابی چینە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لەسەر حسابی پێکهاتە جیاوزەکانی وڵاتەکە، کە نە بەشێك بوون و نە بەشێك دەبن لە دەوڵەتێکی قەومی عەرەبی، کە ئەمە چەمکێك بوو کورتی هێنا و خەڵکی عێراق و پێکهاتەکانی عێراقیش باجێکی گەورەیاندا بەهۆی ئەو هەوڵانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئایدۆلۆژیایە خرانەگەڕ. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتەکانی رابردوو دەسەڵاتگەلێکی دڵڕەق بوون و پێشێلکارییەکی زۆریان کرد، بەڵام باوەڕم وایە هێشتا خاڵی هاوبەش لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا ماون، هێشتا تا رادەیەکی باش نەخشە کۆمەڵایەتییەکان بە دروستی ماوەتەوە و حاڵی حازر بەرپرسیارێتی سیاسییەکان ئەوەیە کۆشش بکەن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی دادپەروەر و خزمەتکار، کە دڵنیام ئەو کاتە خەڵکی عێراقیش پشتگیری لەو دەسەڵاتە دەکات و لە دەوری کۆدەبێتەوە.

*** تۆ باسی مێژوویەکت بۆ دەسپێکی دەسەڵاتی عەسکەرتاری لە عێراقدا کرد، ئەمەش واتە نزیکەی نیوسەدە عێراق لە دیموکراسی دووربووە، بە رای تۆ ئایا ئەمە مانای ئەوەیە عێراق ریشەی دیموکراتی تیا نییە و دیموکراتی تیا دروست نابێت؟**

- باوەڕم وایە ئەو رژێمە پاشایەتییەی لەسەر دەستی بەریتانییەکان هاتە ئاراوە، دەرفەتی ئەوەی پێنەدرا ریشەی خۆی بچەسپێنێت و کار بۆ تەواوکردن و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی بکات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی ئێستا، ئەوا بە داخەوە، پێدەچێت پاشەکشەیەك لە رۆڵی ئەمریکییەکاندا بەدی بکرێت لە پێوەندیدا بە بەرەوپێشبردنی ئەو پرۆسەیەی لە عێراقدا دروست بووە، واتە لە ئەنجامی گۆڕانی ئیدارەی ئەمریکاوە پێناچێت ئەو پەرۆشی و حەماسە لە ئارادابێت. چونکە پێموایە هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق پێویستیان بەوە هەیە کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بهڵێننەوە بۆ ئەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان ئەم هێزانەدا دروست بێت و دەرفەتی ئەوە دروست نەبێت هیچ هێزێك بە تەنها هەوڵی پاوانکردنی دەسەڵات بدات، بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات بونیادێکی سیاسی حزبی پتەو بێتەئاراوە کە کارکردن و ململانێی و رکابەری نێوان پارتە سیاسییەکان لەسەر بنەمای بەرنامەی جیاواز بێت، نەك لەسەر بنەمای ئینتیمای تائیفی. کە بە تێڕوانینی من تاوەکو کار بۆ ئەوە نەکرێت دەوڵەت لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون و هاونیشتمانی بوون بنیاتبنرێتەوە، ئەوا هیچ نزیکبوونەوە و هاوکارییەکی لە نێوان نوخبەی سیاسی و میللەتدا دروست نابێت. چونکە ئێمە بینیمان کە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی قەومی بووە هۆی ئەوەی کوردەکانیش کە لە موعارەزەدابوون داواکاریەکانیان بەرگێکی قەومی هەبێت، لە هەمان کاتدا ئەوەی ئێستا بەدی دەکەین گەڕانەوەیە بۆ دەوڵەتی تائیفی و کارکردن بە نەفەسی تائیفی.

*** مەسەلەیەکی دیکە پەیوەستە بە پشتگوێخستنی کێشەی کوردەوە لە عێراقدا، بە چەشنێك تەنانەت ئەو کەسانەی کە پێشتر لە بەرەی موعارەزەدا بوون و ئێستا بەرپرسیارێتیان هەیە لە عێراقدا، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە لاوازبوونی خۆیان لێکدەدەنەوە، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین بێ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکەینە سەرچاوەیەك یان فاکتەری بەهێزبوونی عێراق؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە هێزی سیاسی کوردەکان گەورەترە لە هێزی جوگرافی و لە ژمارەی کورسییەکانیان لە پەرلەماندا، هەروەها دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەو راستیە بزانن کە بوونی کوردەکان لە بەغدا گرنگە و لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە. لەبەر ئەوەی بوونی کوردەکان لە بەغدا بەلای کەمەوە هۆکارێك بوو بۆ درێژەنەکێشانی هەندێ قەیران و تەنگژە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا. کەواتە لەم رووەوە پێموایە بوونی کوردەکان لە بەغدا و بەشداری کردنیان لە پرۆسە سیاسییەکەدا نەك هەر تەنها زەمانەتی مافەکانی کورد دەکات، بەڵکو زەمانەتی راگرتنی هاوسەنگی نێوان لایەنە عێراقیەکانیش دەکات، هەروەها زەمانەتە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی مەدەنی. لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی پرۆژەی قەومی لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی رابردوودا، پرۆژەی دەوڵەتی ئیسلامی هاتەئاراوە کە تەوژمە ئیسلامییەکان نوێنەرایەتیان دەکرد، لێرەدا خاڵێکی ئیجابی کە بۆ کوردەکان تۆمار بکرێت ئەوەیە، دووربوون لەوەی ببنە تەوژم و رەوتێکی ئیسلامی سیاسی، لەبەر ئەوەی مەترسیدارترین ئەگەر ئەوەیە چەمکی ئیسلامی سیاسی بە مانای گەڕانەوە بۆ رابردوو، نەك بە مانا ئەدرۆغانیەکەی-مەبەستم لەو شێوازی کارکردنەیە کە رەجەب تەیب ئەردۆغان گرتویەتەبەر- رەگ و ریشەی خۆی بچەسپێنێت. ئێمە دژی تەوژمە ئیسلامییەکان نین، بەڵام دەبێت ئەو رەوتانە رەوتگەلێکی لیبراڵی و و عەلمانی بن و بەشداری لە دروستکردنی دەوڵەتێکی مەدەنیدا بکەن. کەواتە لەمەودا کەس ناتوانێت رۆڵی کوردەکان پەراوێز بکات، ئەگەرچی کێشەی هەڵپەسێدراویش هەیە لە نێوان کوردستان و حکومەتی بەغدادا، بەڵام پێموایە هۆکاری ئەم حاڵەتە زیاتر بۆ کەڵەکەبوونی ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە لە رابردوودا. لەم روانگەیەوە دەڵێم بوونی کوردەکان زەمانەتە بۆ یەکێتی عێراق و بوونێکی گرنگ و ستراتیجیە. ئێوە بڕواننە هەرێمی کوردستان کە ئارامترین و سەقامگیرترین و گەشەکردوترین

تاوەکو کار بۆ ئەوە نەکرێت دەوڵەت لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون و هاونیشتمانی بوون بنیاتبنرێتەوە، ئەوا هیچ نزیکبوونەوە و هاوکارییەکی لە نێوان نوخبەی سیاسی و میللەتدا دروست نابێت

هێزی سیاسی کوردەکان گەورەترە لە هێزی جوگرافی و لە ژمارەی کورسییەکانیان لە پەرلەماندا

بەشی عێراقە، هەروەها ئازادی و مافە سیاسییەکانیشی تێدا پارێزراوە، بۆ نموونە ئێمە بینیمان موعارەزە لەو هەرێمەدا ڕێژەیەکی باشی بەدەستهێنا، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی ناسەقامگیری دروست بێت، بەڵکو تەحەمولی ئەو موعارەزەیەو تەحەمولی بیروبۆچوونی جیاواز کرا، لەبەر ئەوە هیوادارم ئەمە ببێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی بەشەکانی دیکەی عێراق هەوڵی پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراقی بدەن بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە سەقامگیرییەکی ئەمنی، سیاسی و ئابووری بەخۆوە دەبینێت و جموجۆڵێکی گەورەی ئاوەدانکردنەوەی تێدا بەڕێوەدەچێت.

*** کەواتە بە ڕای بەڕێزتان ئەمجارە کورد دەتوانێت پڕۆژەکانی خۆی بۆ عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و جێبەجێکردنی دەستوور پێشکەش بکات و پشتگیریشی لێبکرێت؟**

بوونی کوردەکان لە بەغدا بوونێکی ستراتیژی، حەتمی و چارەنووسسازە و فەرامۆشکردنی کوردەکان لە هاوکێشەکاندا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق ناکات

- پەیوەندی من بە کوردەکانەوە پەیوەندییەکی پێشکەوتووە، بەڵام ئەوەی باس دەکرێت دەربارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، وەك ئەوەیە باسی سنووری نێوان دو دەوڵەت بکەین، دەڵێم ڕەنگە کوردەکان هەمان ئەو هێز و ڕێژەیەیان نەبێت کە لە ڕابردوودا لە حکومەت و پەرلەماندا هەیانبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، باوەڕم وایە بوونی کوردەکان لە بەغدا بوونێکی ستراتیجی، حەتمی و چارەنووسسازە و فەرامۆشکردنی کوردەکان لە هاوکێشەکاندا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق ناکات. بە پێچەوانەوە ڕەنگە پڕۆژەی دروستکردنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق دووچاری کارەساتێك بکات کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی کوردەکان دەتوانن هەڕەشە بکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، بوونی کوردەکان زامنە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی مەدەنی و مایەی ڕاگرتنی هاوسەنگیە لە نێوان لایەنە سیاسیە جیاوازەکانی دیکەدا. هەروەها لە چەندین بەرپرسی کوردم بیستووە کە ئەوان وەك سنووری نێوان دوو دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانەدا ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت ئەو ناوچانە ببنە پێگەی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان. هەروەها تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە کە ئەگەر کوردەکان لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و قەومیەوە داوای ئەو ناوچانەیان نەکردایە، ئەوا ڕەنگە ئەو ناوچانە خۆیان داوای ئەوەیان بکردایە ببنە بەشێك لەو هەرێمە بۆ ئەوەی سوود لەو سەقامیگریە سیاسی و ئابووریە وەربگرن کە لەو هەرێمەدا هەیە. چونکە ئاستی هەژاری لەو ناوچانەدا زۆر بەرزە، بەڵام ئەگەر تەنها مەترێك دووربکەویتەوە وا هەست دەکەیت لە دەوڵەتێکی سەدەی ١٧ەوە دەچیتە دەوڵەتێکی سەدەی ٢١.

*** دەربارەی یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتیمانی، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك یەکگرتنی ئەم دوو لیستە کێشەی پۆستی سەرۆك وەزیران یەکلاییدەکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەندێ جار هەوڵەکان بەرەوپێش دەچن و هەندێ جاریش پاشەکەش دەکەن. لێرەدا دەڵێم ئەگەر



ناکۆکـــی و جیاوازییەکانـــی نێـــوان هاوپەیمانـــی و رەوتـــی ســـەدر رێگر نەبوونایە، ئەوا هاوپەیمانی کوردستانی و ئیئیتیلافی نیشـــتمانی دەیانتوانی کوتلەیەکـــی گـــەورە دروســـت بکەن و ئـــەو کاتە لەو پێگەیـــەدا دەبوون کە مەرجەکانی خۆیان بەسەر ئەو لیستەدا بسەپێنن کە هاوپەیمانی لەگەڵدا دەکەن، جا لیستی ئەلعێراقیە بێت یان دەوڵەتی قانـــون. هەروەها ئـــەوەی ئێمە تێبینی دەکەین هەوڵ و فشاری ئیقلیمی هەیە بۆ ئەوەی لیســـتی دەوڵەتـــی قانون و ئیئتیلافی نیشـــتمانی یەکبگرن، بەڵام پێموایـــە لە حاڵەتی یەکگرتنیشـــیاندا کێشـــە و ناکۆکییەکان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگـــرن، چونکە بە بـــاوەڕی من فیکرەی کوتلەیەکی شیعی یەکگرتوو شکســـتی هێناوە، هەروەها تا ئێستاش رەوتی ســـەدر کێشـــەی هەیە لەگەڵ وەرگرتنی پۆســـتی سەرۆك وەزیران لە لایەن مالیکیـــەوە. لە هەمان کاتدا ئەم دوو لیســـتەش یەکبگرن و هاوپەیمانی کوردستانش ببێتە بەشێك لەو کوتلەیە، ئەوا لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە وەك هاوپەیمانێتیەکـــی تائیفـــی کـــە بوعدێکی قەومی هەیە سەیر دەکرێت، کـــە لـــەو کاتـــەدا حکومەتێکی لاواز دەبێت و ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی وەك پێویست ئەدا بکات، چونکە ئەگەرچی رەنگە بەشداری بە چەند کەسایەتییەکی سوننی بکرێت، بەڵام ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی موعارەزەیەکی کارا لە پەرلەماندا دروست نەبێت کە لە رابردوودا بووەهۆی ئەوەی گەندەڵیەکی بەربڵاو تەشـــەنە بکات. چونکە ئێمە دەزانین مەسەلەکە بوعدێکی ئەمنیشـــی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەوە ئاشکرایە کە چەندین دەوڵەتی عەرەبی پشتگیری لیستی ئەلعێراقیەیان کرد و رەنگە پەراوێزخستنیان ببێتەهۆی ئەوەی زیان بە پێوەندییەکانی عێراق بە وڵاتە عەرەبیەکانەوە بگەیەنێت، ئەمەش ناچاریان دەکات بەشـــداری بە لیستی ئەلعێراقیە بکـــەن، ئەوکاتە ئەنجامەکە دەبێتەهۆی غیابی موعارەزەیەکی کارا و دروستبوونی حکومەتێك کە بە دەست چەندین کێشـــە و ناکۆکیی سیاسییەوە دەناڵێنێت.

*** ســـەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت ئایا پێتوایە یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی یاســـا و هاوبەندی نیشتمانی عێراق دەبێتە هۆکاری ئەوەی بە زوویی حکومەت پێکبێت؟**

- دوای یەکگرتنی لیســـتی دەوڵەتی قانـــون و ئیئتیلافـــی نیشـــتمانی ئەگەر کوردەکانیش ببنە بەشـــێك لەو هاوپەیمانێتیە، ئەوا رەنگە بەو شـــێوەیە لێکبدرێتـــەوە کـــە ئەمـــە حکومەتی شـــەراکەتی نێوان کورد و شـــیعەکانە و ئامانجـــی لێـــی پەراوێزخســـتنی ســـوننەکانە، کـــە رەنگـــە ئەمـــەش ببێتەهۆکارێك بۆ دووبارە گەشـــانەوەی پشـــکۆی توندوتیژی، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لیستی ئەلعێراقیە تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت و بەو شـــێوەیە سەیری ئـــەم هاوپەیمانێتیە بکات کە لە رووی دەستووری و سیاسییەوە هیچ کێشەیەکی نییە و هەڵبستێت بە پشتگیری کردنی بە هەموو هێـــز و توانایەوە. بۆیە دەڵێم ئاســـتەنگەکانی بـــەردەم پیکهێنانی حکومەتـــی ئایندە بە ئاســـانی تەواو نابن.



**بوونی کوردەکان زامنە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی مەدەنی و مایەی راگرتنی هاوسەنگیە لە نێوان لایەنە سیاسیە جیاوازەکانی دیکەدا**

د.حەسەن ئەلیاسری بۆ گوڵان:

# هاوپەیمانی کوردستان ئاگاداری ڕێککەوتنەکەی لیستی دەوڵەوتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراقی بووە

لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەبینین دەسەڵاتی حوکمران هەیە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی، بەڵام ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤانە و بونیاتنەرە نەک نێگاتیڤانە

### هزری ئۆپۆزسیۆن لە عێراق تاکو ئێستا نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتن

*** بارودۆخی ئێستای عێراق ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت : عێراق دەوڵەتێکە زۆر بە زەحمەت کێشە سیاسییەکانی چارەسەر دەبن، ئایا هۆکارەکانی کێشە سیاسییەکانی عێراق چین و بۆ ئەوەندە ئاڵۆزن؟**

- هەڵبەتە عێراقی نوێ چەندین کێشەی سیاسیی هەیە، هەروەکو ئاشکرایە کێشە لە نێو هاوڵاتییە عێراقییەکان هەیە لەدوای ڕووخانی سەددام، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵبوونی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری کە لەژێر دەسەڵاتی ستەمدارو دیکتاتۆر چەندین ساڵ ئەشکەنجەمان لە دەستی چێشتووە، هیچ کەلێنێك بۆ ئازادی نەبوو، هەموو عێراق چەوسابۆوە، ڕژێمی پێشوو کوردو شیعەو کەمینەکانی دەچەوساندەوە. هەر بۆیە، هیچ تەداولێکی ئاشتیانەی دەسەڵاتمان نەبینیوە، هەرگیز ئەو بیرۆکەیەمان بۆ نەدەهات کە ڕۆژێك بێت و سەرۆك کۆمار بگۆڕدرێت، تەنانەت نەماندەزانی گۆڕینی سەرۆك وەزیران چییە، ئەوەی ڕاستی بێ هاووڵاتی عێراقی نەیدەزانی وشەی «گۆڕانکاری» مانای چییە. بەڕای من ئەو هەموو کۆمەڵبوونە لە هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری چەترێکی فراوانی لەسەر تەواوی گەلی عێراقی بڵاوکردەوە. لە لایەنێکی ترەوە، کێشەیەکی تر هەیە کە ئەویش بریتییە لەوەی کە لە عێراقی نوێدا زۆر زەحمەتە زۆرینەی سیاسی حوکمڕانی بکات. ئێمە هەموومان دەزانین کە شیعەکان لە عێراق زۆرینەن، بەڵام ناکرێ بڵێین شیعە زۆرینەی سیاسییە، لەبەرئەوەی شیعەکان چەندین گرووپی سیاسی جیاوازی تێدایە، لەگەڵ چەندین جۆر لەگرووپی ئایینی و پارتی سیاسی. بۆیە دەبینین ئەو جیاوازییە چەترێکی بەسەر دیمەنی سیاسی عێراق هەڵداوەو بووە بە بەربەستێك لە ڕێگای پێکهێنانی حکومەت.لە دوای هەر هەڵبژاردنێکدا دەبینین لە بارەی پێکهێنانی حکومەتەوە عێراق دووچاری گرفت دەبێتەوە، هۆکاری ئەوەش بۆ نەبوونی زۆرینەی سیاسی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی گەر هات و زۆرینەی سیاسی لە عێراقدا هەبوایە ئەوە زۆربەی کێشە سیاسییەکانمان چارەسەر دەکران. کێشەیەکی تر هەیە، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنە، هزری ئۆپۆزسیۆن لە عێراق تاکو ئێستا نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتن. لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەبینین دەسەڵاتی حوکمران هەیە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی، بەڵام ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤانە و بونیاتنەرە نەك نێگاتیڤانە. بۆ نموونە: (ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو)، کاتێك کە ڕەخنەی لە هەندێ لە یاساکان دەگرت هەڵوێستێکی ئۆپۆزسیونانەی هەبوو. هەروەها (هاوپەیمانی کوردستان)، کاتێك کە هەندێ لە پرۆژە یاساکانی ڕەتدەکردەوە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی هەبوو. بەڕای من (ئیئتیلافی عێراقی)و (هاوپەیمانی کوردستانی) هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنیان هەبوو، بەڵام لایەنەکانی تری پەرلەمان لە هزری ئۆپۆزسیۆن تێنەدەگەیشتن، ئەو لایەنانە ئۆپۆزسیۆنێکی نێگاتیڤانەو ڕووخێنەر بوون. هەر بۆیە، زۆر پێویستە هزرێکی نوێ دروست بێت لە ئۆپۆزسیۆن، بەشێوەیەك کە ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤ و بونیاتنەر بێت، ئەدائی حکومەت بەهێزتر بکات و هەموو هەوڵێك بدات بۆ هاندانی دەسەڵات لەپێناوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە باشترین شێوە بۆ هاووڵاتییەکان، بەڵام نەك تەنیا جەخت بکاتە سەر کەلێن و بۆشاییەکان و چاوەڕوانی هەڵە بکات لە حکومەت و تەنیا باسی شتە ناشیاوەکان بکات، ئەمە ئەو کێشەیەیە کە دووچاری واقعی سیاسی هاوچەرخ بووەتەوە لە عێراقدا.



د.حەسەن ئەلیاسری پسپۆرە لە بواری یاسا و ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق بووە، ئێستا کاندیدی لیستی دەوڵەوتی یاسایە بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق، بۆ قسەکردن سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی عێراق و یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراقی و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەکە بەڕێز د.حەسەن ئەلیاسری بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

### بێ متمانەیی لەناو پێکهاتەی عێراق دا

*** مێژووی حوکمڕانی عێراق شێوەیەك لە دڵەڕاوکێ و بێ متمانەیی لەنێو پێکهاتەکانی گەلی عێراق دروستکردووە؟ چۆن بتوانین ئەو کولتوورە لە دڵەڕاوکێ و نامتمانەیە بگۆڕین بۆ کولتوری متمانە بەیەککردن و پێکەوەژیان؟**

- ئەم پرسیارە پرسیارێکی ژیرانەیەو هەر لەنێوخۆیدا وەڵامەکە دەدۆزرێتەوە، من بەتەواوەتی هاوڕام لەگەڵ کۆنتێکستی ئەم پرسیارەو دەڵێم کە عێراق بە دەیان ساڵ لەژێر دەسەڵاتی کەمینەیەکدا بووە، شایەنی باسە من لێرەدا مەبەستم لە کەمینەی سوننە نییە، بەڵکو مەبەستم کەمینەی دەسەڵاتدارە لە عێراق، ئەو کەمینەیە هەر هیچ خەسڵەتێکی دیموکراسیی تێدا نەبووە، دەسەڵاتی پێشوو لە عێراق جۆرە نامتمانەییەکی لەنێو نەتەوەکاندا دروستکرد. سەرەتا نامتمانەیی لەنێو زۆرینەی ژمارەیی کرد کە شیعەکانن، لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا نابینرێت زۆرینەیەکی ژمارەیی لە لایەن کەمینەیەکەوە حوکمڕانی بکرێت، ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە بەدەگمەن ڕوو دەدات. هەروەها بێ متمانەیی لەنێو کەمینەیەکی نەتەوەیی دروستکرد، مەبەستم لە کوردەکانە، کەمینەی دەسەڵاتدار لە عێراق بۆ دەیان ساڵە کوردەکانی ئەشکەنجەو چەوسانبۆوە. بەو شێوەیە،

عێراق بە دەیان ساڵ لەژێر دەسەڵاتی کەمینەیەکدا بووە، کەمینەیەک هەر هیچ خەسڵەتێکی دیموکراسیی تێدا نەبووە

دەسەڵاتی پێشووی عێراق کە کەمینەیەك بوو نامتمانەیی لەنێو هەموو پێکهاتەکانی عێراق دروستکرد، ئەمڕۆش هەرچەندە هەنگاوەکانمان بچووك و کورت و هێمنن، بەڵام تارادەیەك هەنگاوی باشن و لەجێی خۆیەتی، لەسەرووی هەمووشیان ئەوەیە کە سەرۆك کۆماری عێراق کەسایەتییەکی کوردە. بەڕای من هەبوونی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) لەپۆستی سەرۆك کۆماری عێراق فاکتەرێکی گرنگ و یاریدەدەر دەخولقێنێت بۆ دروستبوونی متمانەیی لە عێراق، لەلایەنێکی دیکەوە توانای بەڕێز (تاڵەبانی) لەسەربردنەوەی متمانەیی قەوارە سیاسییەکانی دیکە فاکتەرێکی ترە بۆ تواندنەوەی ئەم بەستەڵەکە. هەر بۆیە ئێمە بەهیچ شێوەیەك لاریمان نییە لەوەرگرتنی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، لەبەرئەوەی هاوولاتییەکی عێراقییەو هەست بە هەموو کێشەکانی عێراق دەکات.

### کولتوری پێکەوەژیان

*** من دیسان پرسیارەکەی خۆم دووبارە دەکەمەوە، چۆن بتوانین ئەو کولتوورە لە دڵەڕاوکێ و نامتمانەیە بگۆڕین بۆ کولتوری متمانە بەیەك کردن و پێکەوەژیان لە نێو هاووڵاتییەکانی عێراق؟**

- فاکتەری یەکەم: پشت بەستن بە چەمکی هاوبەشی نیشتمانی و پێویستبوونی بەشداریکردنی هەموو عێراقییەکان لە بەڕێوەبردنی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقی.

فاکتەری دووەم: ناکرێ هەڵوێستێکی هەستیارانەمان هەبێت کاتێك کە کەسایەتییەکی عێراقی پۆستێکی گەورە وەردەگرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسایەتییە کورد بێت یان شیعە یان سوننە. بەداخەوە، زۆر پێمان ناخۆش بوو کە دەنگی نارەزایی و بەرهەڵستکار بەرز بۆوە لەدژی دەستنیشانکردنی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) وەك سەرۆك کۆمار تەنیا لەبەرئەوەی کەسایەتییەکی کوردە، بەڕای من ئەو جۆرە دەنگانەیە کە نامتمانەیی دروستدەکات. هەر بۆیە، ئەگەر گەیشتینە ئەو قۆناغەی کە هەست بە دڵگرانی نەکەین لە وەرگرتنی کوردێك یان شیعەیەك یان سوننەیەك بۆ هەر یەك لە پۆستەکان، ئەگەر سەرۆك وەزیران بێت یان سەرۆك کۆمار، پاشان بتوانین کەسانی شیاو بۆ شوێنی شیاو بێنین کە بتوانن ئەم وڵاتە بەڕێوەببەن، ئەو کات بەڕای من دەتوانین ئەم بەستەڵەکە بتوێنینەوەو تۆوی متمانە لەنێو رۆڵەکانی گەلی عێراق بچنین.

### دەوڵەتی عێراق بەهیچ شێوەیەک دیموکراسییەتی بەخۆیەوە نەبینیوە

*** ئایا تا چەند ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوودا بۆتە هۆکاری چەسپاندنی کولتوری ئەنتی دیموکراتی لە عێراقدا؟**

- بەراشکاوانە دەیڵێم کە دەوڵەتی عێراق بەهیچ شێوەیەك دیموکراسییەتی بەخۆیەوە نەبینیوە، جگە لە سەردەمی شانشینی نەبێت،لە دیاردەکانی دروستبوونی سیستەمی پەرلەمانی لەگەڵ دروستبونی ئەنجوومەنی (ئەعوان) و ئەنجوومەنی (نوێنەران)، لەو سەردەمەدا جۆرە دیموکراسیەتێکمان بینی، پاشان سەردەمی کۆماری هات و زۆریش بەداخەوە هەر لە سەرەتای سەردەمی کۆماری لە ساڵی ١٩٥٨و تاکو رووخانی بتەکەی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراق یەك چرکە دیموکراسییەتی بەخۆوە نەبینی، ناڵێم رۆژێك، بەڵکو دەڵێم بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە یەك چرکە دیموکراسیەتمان نەبینیوە. هەر بۆیە، ئەمڕۆ ئەرکێکی زۆر قورس و گەورەو گرنگ لەسەر شانی دەستەواژە سیاسییەکانی عێراقدا هەیە، بەشێوەیەك کە پێویستە ئەدائێکی سیاسی و بەرز پێشکەش بە رۆڵەکانی عێراق بکەن.

### کێشەی کورد چارەسەر بووە

*** ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت. چۆن بتوانین تێگەیشتن لەسەر چەمکی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەرێگاچارەیەکی ئاشتییانە بکەین بە فاکتەری بەهێزی حکومڕانی لە عێراق؟**

- زۆر بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە کێشەی کورد چارەسەر بووە، لەبەرئەوەی هەر لەدوای روخانی سەددام کورد بۆتە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەمڕۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقی کوردی تێدایە، هەر لە سەرۆکایەتی کۆمار تا دەگاتە وەزارەتی دەرەوەو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان، لەگەڵ باڵیۆزخانەکان. ئەمڕۆ کورد بەشداری لە سیاسەت و کاروبارەکانی عێراق دەکات و لە دامودەزگاو وەزارەتەکانی حکومەتدا کاردەکات.

*** کەواتە با پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە بکەین،ئایا تا چەند داخوازییەکانی کورد رەچاوەکرێت بۆئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت و حکومەتی نیشتمانی عێراق پێکبهێنرێت؟**

- هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، چیتر پێویست ناکات باس لە کێشە یان گرفت یان پرسی کورد بکرێت، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ کورد بەشێکی سەرەکییە لە دەسەڵاتی سیاسیی لە عێراقدا. هەربۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە کە ئەمڕۆ لەسەر لوتکەی هەرەمەکە کەسێك ببینین، مەبەستم لە سەرۆك کۆمارە، کە کەسێکی کوردە، جگە لە وەزارەتی دەرەوەو ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران. پێکهاتەی کوردی رۆڵێکی سەرەکی و کارای هەیە، هەروەها رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە چارەسەرکردنی چەندین کێشەو گرفتی هەڵپەسێردراو لەنێوان لایەنە سیاسییەکان. هەر بۆیە، باسکردنی کێشەی کورد پێویست نییە. ئەو شتەی کە لای کوردەکان گرنگ بێ بەلای گەلی عێراقیشەوە گرنگەو ئەو شتەش کە لای گەلی عێراقی گرنگ بێت بەلای کوردەکانیشەوە گرنگە. کورد بەشێکە لە هەموو، هەمووش کاردەکەن بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە کوردەکانیشەوە.

*** بەڵام کوردەکان داواکارییان هەیە، کە بریتییە لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان. ئایا بەڕای تۆ تا چەند ئەو داواکارییانە رەچاودەکرێن؟**

- سەبارەت بە جێبەجێکردنی دەستوور، بەڕای من ئەوە تەنیا داواکاری کورد نییە. دەستوور رێککەوتنێکی سیاسی نییە چەند پارتێکی سیاسی لەسەری رێککەوتبن، نەخێر. دەستوور باڵاترین مەرجەعەو پێویستە هەموو لایەك لەسەر بڕگەو بەندو دەقەکانی پابەندبن،بۆیە هەرچەندە کوردەکان داوای جێبەجێکردنی دەستوور دەکەن و سەرەڕای ئەوەی کە داواکارییەکی لۆژیکانەیە، بەڵام ئەوە تەنیا داخوازی کوردەکان نییە، بەڵکو ئەمڕۆ دەستوور توخمێکی سەرەکییەو پێویستە لەسەر هەمووان پابەندی بن، هیچ کەسێك بۆی نییە سەرپێچی لە دەستوور بکات، تەنانەت گەر سەرۆك کۆمار بوو یان سەرۆك وەزیران یان وەزیر یان ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی، یان هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی. هەر بۆیە، داخوازی کوردەکان بۆ پابەندبوون بە دەستوور راستییەکە کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات. بەڵام سەبارەت بە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، هەموومان دەزانین کە چەندین ناوچە هەنە کە تاکو ئەمڕۆ نە لە دەستوورو نە لە یاسا لاوەکییەکان چارەنووسیان دیاری نەکراوە. هەربۆیە، بەڕای من، دەکرێ ئەم جۆرە کێشانە چارەسەربکرێن لەرێگای دیالۆگی ئاشتییانەو ئەنجامدانی دانوستاندن لەگەڵ قەوارە سیاسییە جیاوازەکان. بانگەشەکردن بۆ دیالۆگ و دانوستان و پابەندبوون بە دەستوور رێگاچارەیە بۆ گەیشتن بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانمان. مەبەستم ئەوەیە کە لەرێگای پابەندبوون بە هەموو میکانیزمە یاسایی و دەستوورییەکان و رێزگرتن لە چەمکی هاوبەشی نیشتمانی

**دەسەڵاتی پێشووی عێراق کە کەمینەیەک بوو نامتمانەیی لەنێو هەموو پێکهاتەکانی عێراق دروستکرد**

**ناکرێ هەڵوێستێکی هەستیارانەمان هەبێت کاتێک کە کەسایەتییەکی عێراقی پۆستێکی گەورە وەردەگرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسایەتییە کورد بێت یان شیعە یان سوننە**

دەتوانین هەموو كێشـــەو گرفتە سیاسییەكان و كێشە هەڵپەســـێرەكان چارەسەربكەین، لەوانەش كێشەی ناوچە دابڕاوەكانە.

**پێكهێنانی حكومەت بە هاوپەیمانێتی نێوان (دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نشتیمانی و هاوپەیمانێتی كوردستان دەبێت)**

*** سەبارەت بە هاوپەیمانی نێوان لیستی (دەوڵەتی یاسا)و (ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی). ئایا تا چەند مەزەندە دەكرێت یەكگرتنی (دەوڵەتی یاسا)و (ئیئتیلافی نشتیمانی) كێشەی سەرۆك وەزیران یەكلابكرێتەوە؟**

- ســـەبارەت بە مەســـەلەی هاوپەیمانی نێوان لســـتی (ئیئتیلافی نشـــتیمانی)و (دەوڵەتی یاســـا)، بەڕای من ئەوە شـــتێكی لەناكاو و مایەی سەرسووڕمان نییە. هەمووومان دەزانین كە ڕێككەوتنێكی ســـتراتیژی گـــەورە هەیە لەنێوان ئەو دوو لیســـتە، تەنانەت (هاوپەیمانی كوردستانی)ش ئاگای لەو شتە هەیە. هەربۆیە، دروستبوونی جۆرە هاوپەیمانێتیەك لەنێوان ئەو ٢ لستە مایەی سەرسووڕمان نییە، بەتایبەتی هەمووومـــان دەزانین كـــە تێڕوانینی (دەوڵەتی یاسا) پێش هەڵبژاردنەكانی ٧ی ئادار، بریتی بـــوو لەوەی كە هەر یەك لە (دەوڵەتی یاســـا) و (ئیئتیلافی نیشـــتمانی) بەتەنیا بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا بكەن، پاشـــان هەردووكیان پێكەوە لـــە دوای هەڵبژاردنەكانـــدا بەرەیەك دروســـت بكەن. هەر بۆیە بەڕای هاوپەیمانی لەنێوان ئەو ٢ لیســـتە شتێكی نوێ و كتوپڕو لەناكاو و مایەی سەرســـوڕمانی نییە، بەڵكو ئەوە شتێكی پێشبینیكراوەو لەمیانی قۆناغی هەڵبژاردنەكاندا چەندین جار باســـی لێكراوە. بەڕای من ئەو ٢ هاوپەیمانە بەرەو ئاڕاستەی پێكهێنانـــی قەوارەیەكی پەرلەمانی دەڕۆن كە ئەركی پێكهێنانی حكومەت لەئەستۆ دەگرێت كە بریتی دەبێت لە (دەوڵەتی یاسا)و (ئیئتیلافی نیشتمانی)و (هاوپەیمانی كوردستانی)، ئەگەر (ئەلعێراقییە)ش ویســـتی ئەوە دەتوانێت بچێتە پاڵیان. ئەگـــەر (ئەلعێراقیـــە) بیەوێ بچێتە نێو ریزی ئەو قەوارەیە ئەوە هیچ بەربەســـتێك لەرێگایدا نییە، تەنیا ئەو كاتە نەبێ كە بیەوێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێت.

*** ئەی راتان چییە بەرامبەر كێشەی سەرۆك وەزیران؟**

- لەمیانی دانوستان و گفتوگۆو دانشتنەكانی قەوارە سیاسییەكاندا هەستمانكرد جۆرە زەحمەتی و ئاڵۆزییەك هەیە لە دەستنیشانكردنی سەرۆك وەزیران، هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا لە دەستی شەخسی ســـەرۆك وەزیراندایە، دەسەڵاتی راستەقینە لە دەســـتی ســـەرۆك وەزیرانە. بۆیە ململانێ و ناكۆكی هەیە لەسەر ئەو پۆستە، بەڵام من بڕوام وایە كە ئەو كێشەیە چارەسەردەكرێت لەرێگای ئەو هاوپەیمانێتیەی لەنێوانی (دەوڵەتی یاسا) و (ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی)، هەروەها لە سەرچاوەكانمانەوە گوێبیستی دەنگۆیەك بووین كە داواكاری هەیە بۆئەوەی پۆســـتی سەرۆك وەزیران لەو ٢ هاوپەیمانە دەرنەچێتە دەرەوە.

*** بـــەڵام بـــەڕای تـــۆ، ئـــەو هاوپەیمانێتیە لـــە بەرژەوەنـــدی (د.مالكـــی)دا دەبێت بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران؟**

- بەڕێز (مالكی) تاكو ئێستاش چانسی ماوە بۆئەوەی راسپێردرێت بۆ پێكهێنانی حكومەت، دانوستانیش هێشتا بەردەوامە. ئێمەیش زانیاریمان هەیە كە لیســـتی (دەوڵەتی یاسا) هێشتا پێی داگرتووە لەســـەر كاندیدكردنی كەســـایەتیی (د.مالكـــی) بۆ پۆســـتی ســـەرۆك وەزیران، ئەویش بەهۆی هەڵوێســـتەكانی كەســـایەتیی بەڕێز (مالكی) لە رابردوودا، ئەوەی راســـتی بـــێ (د.مالكی) توانیـــی كارێكی گرنگ و مەزن ئەنجامبدات لە ڕەخساندنی سەقامگیری، هەڵبەتە ئەگەر هەر كەســـێكی تر لەشـــوێنی (د. مالكـــی) بووایـــە لەوانەیـــە نەیتوانیبایە ئەو پێشـــكەوتنە بەرچاوە لە ڕەوشـــی ئاسایش و ســـەقامگیری وەدی بێنێت. بەتایبەتی، كە هەرچەندە ئێمە ئەمڕۆ لە دوای كۆتایی هاتنی قۆناغی ئەنجومەنی نوێنەرانین، بەڵام لەراستیدا، حكومەت بە سەرۆكایەتیی (د.مالكی) توانیی بەشێوەیەكی بەهێزو بوێرانە تیرۆریستان سەركوت بكات، هێزەكانی ئاسایشـــی عێراقی توانییان سەرانی تیرۆر لە عێراق بكوژن، كە بریتی بوون لە (ئەبو ئەیوبی میســـری)و (ئەبو عومەری بەغدادی). هەر بۆیە لەو بوارەدا بڕوام وایە كە بەڕێز (مالكی) ئەو چانســـەی هەیە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە.

*** دوا پرســـیارمان ئەوەیە، ئایـــا بەڕای ئێوە، قەوارە سیاسییەكان دەتوانن لەماوەیەكی نزیكدا بگەنـــە ڕێكەوتنێك بـــۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتوو؟**

- پەنـــا بەخودا، ئێمە گەشـــبینین وەك قەوارە سیاسییەكان، (دەوڵەتی یاســـا)و (ئیئتیلافی نیشتمانی)و (هاوپەیمانی كوردستانی)، بەنیازن حكومەت پێكبهێنن، لەگەڵ هاوبەشـــیكردنی لیســـتی (ئەلعێراقییە) لەو پرۆسەیەدا. من لەو رووەوە زۆر گەشبینم ..



**پێكهاتەی كوردی رۆڵێكی گرنگی هەبووە لە چارەسەركردنی چەندین كێشەو گرفتی هەڵپەسێردراو لەنێوان لایەنە سیاسییەكان**

**دەستوور ڕێككەوتنێكی سیاسی نییە چەند پارتێكی سیاسی لەسەری ڕێككەوتبن، نەخێر. دەستوور باڵاترین مەرجەعەو پێویستە هەموو لایەک لەسەر بڕگەو بەندو دەقەكانی پابەندبن**

# بەرژەوەندی میللەتی کورد لەو هەلومەرجەی ئێستادا



پ.د. محەمەد گەزنەیی

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

لە پاش هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ هەندێك هێزی سیاسی وەك (القائمە العراقیە) بە گڕوتینێکی بەهێزەوە هاتنە پێش و دەیانەوێ عێراق بەرەو عروبە و مەرکەزییەت ڕاکێشن، وا پێدەچێ هێزەکانی تری سیاسی بە تەواوی پێشبینی هێزەکەیان نەکردبێ، ئێستاش بە بۆچوونی من بە تەواوی هەستیان بە مەترسییەکە نەکردبێ، چونکە گەر هەستیان بکردایە هەر زوو دەوڵەتی یاسا و ئیئتلافی عیراقی و هاوپەیمانی کوردستانی یەکتریان دەگرت و لە بەرامبەری ڕادەوەستان،کەواتە لەو هەلومەرجە کورد چی بکات باشە.

بە بۆچوونی من: کورد پێویستی بە دوو هاوپەیمانی هەیە: یەکەم: هاوپەیمانی لە نێوان ئەندامانی کوردی لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عیراق لە بەغدا، دووەم: هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێ لە لیستەکانی عەرەبیدا.

١- بە نیسبەت ئەندامەکانی کورد لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی، ڕاستە ئەگەر کورد بە شێوەیەکی ڕێك و پێکتر بچووبایە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن لەوانەبوو یەك دوو کورسی پتر دەست دەکەوت لە کەرکوك و هەروەها سێ چوار کورسییان پتر دەست دەکەوت لە موسڵ. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین، ئەگەر ئەو کورسییانەشیان بەدەست بهێنایە هەر لیستی چوارەم دەبوون، کەواتە باشتر وایە بۆ ئێمە بە گوێرەی ئیستیحقاقی نەتەوەیی داوای مافەکانمان بکەین لەسەر بناغەی ئەوەی کە نەتەوەی دووەمین لە عیراقدا، نەك لەسەر بناغەی ژمارەی کورسی لە ئەنجوومەنی نیشتیمانیی عیراق.

٢- ئەندامانی کورد لە ئەنجوومەنی بەغدا هەر یەکە بۆ خۆی بە واجبی سەرشانی خۆی دەزانێ داکۆکی لە مافەکانی میللەتی کورد بکات، خۆ ئەگەر بە پەرتەوازەیی بچن بۆ بەغدا ماندوبوونیان پتر دەبێ و دەستکەوتیشیان کەمتر دەبێ، بەڵام ئەگەر لێرە لەسەر هێڵە سوورەکان و ماف و دەستکەوتەکان ڕێککەوتبن، ئەوە بە ماندوبوونێکی کەمتر دەستکەوتی پتر بەدەست دێنن (ئینشائەاللە) بۆیە بە بۆچوونی من ڕێککەوتنی پێشوەخت لەسەر هەڵوێستەکانیان لە بەغدا، دەبێتە هۆی توانا و سەنگی زۆرتر.

٣- بەدەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری عیراق بۆ کورد زۆر گرنگە، ڕاستە پۆستێکی تەشریفاتییە و دەسەڵاتی تەنفیزی نییە، بەڵام دوو گرنگی هەیە: یەکەمیان: سەرکۆمار بوونی هەیە لە هەموو بۆنەکان و میوانداری و سەردانی سەرۆکی وڵاتان و وەرگرتنی ئەوراقی سەفیران، ئەوەش وادەکات کورد باشتر بە جیهان بناسرێ، ئەوەش بۆ ئێمە زۆر پێویستە، کەواتە باشترین دەرگایە بۆ ناساندن و ئاشکرا کردنی ستەمەکانی بەسەر کورد هاتوون. دووەم: بەدەست نەهێنانی کورد بۆ ئەو پۆستە، لە لایان نەیاران و ڕکابەران وا لێکدەدرێتەوە کە کورد بێهێزتر بووە لە جاران و ئەوەش کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر جێبەجێ کردنی مافەکانی کورد لە ماددەی ١٤٠ی دەستوور و کێشەکانی تر.

٤- ماددەی (١٤٠)ی دەستووری لە ڕووی بنەماکانی یاسایی ماددەیەکە لە دەستووری (اتحادی) و ماددەی یاساییش لە هەر یاسایەك هەبێ هەر دەمێنێ تا یاسایەکە دەگۆڕێ یا هەموار دەکرێ و ئەو ماددەیەش لادەبرێ یا دەگۆڕێ. بەڵام هەر کەسێ دەرسی (مدخل القانون)ی خوێندبێ دەزانێ یاسا بە کارپێنەکردن نامرێ، بەڵکو ئەو لایەنەی بەرپرس بووە لە جێبەجێکردنی پێشێلی یاسای کردووە،دەبێ سزای یاسایی بەسەردا بسەپێ بە گوێرەی جۆری سزای ئەو یاسا پێشێل کراوە، بەڵام یاسای دەستووری لە ماددەکانی خۆی سزای بۆ دانەندراوە، چونکە دەستوور لە لایەن حکومەتەوە پێشێل دەکرێ، دەسەڵاتێکی تەنفیزی بەهێزتر نییە تا سزا بەسەر حکومەت بسەپێنی، بۆیە لەو کاتانەی حکومەت پێشێلی دەستوور دەکات یا پشت گوێی دەخات، خەڵك خۆپێشاندانی لە دژ دەکات و داوای گۆڕینی دەکات.

بە نیسبەت ئەو مێژووەی لەو ماددەیە هاتووە، مەبەست لێی هاندانە بۆ ئەوەی بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەو جۆرە مێژووانە مەفهومی موخالەفەیان نییە، نە لە (اصول الفقە)ی ئیسلامی نە لە (اصول القانون)، بۆیێ گەر جێبەجێ کردنی هەندێ دواکەوت ماددە یاساییەکە یا گرێبەستەکە هەڵناوەشێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر گرێبەستێ‌کمان لەگەڵ بەڵێندەرێ

کرد، کە خانوویەك لە ٢٠١٠/٣/١ تەواو بکات، کەچی بەڵێندەرەکە پێی تەواو نەکرا، گرێبەستەکە هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو پێویستە لەسەری کارەکەی تەواو بکات و قەرەبووی دواکەوتنەکەشی بدات بە گوێرەی یاسا یا گرێبەست.

هەروەها فەقەرەی (ثانیا) لە ماددەی (١٤٠) بەو جۆرەیە، چونکە دەڵێ (المسؤولیة الملقاة علی السلطة التنفیذیة.. تمتد و تستمر الی السلطه التنفیذیه المنتخبة بموجب هذا الدستور، علی ان تنجزه کامله .. فی مده اقصاها ٢٠٠٧/١٢/٣١. کەواتە: گەر زووتر کارەکە ئەنجام بدات باشترە، بەڵام نابێ لەو مێژووە دوا بکەوێ لەو حاڵەتە، گەر دواکەوت ئەوە مەرجی (علی ان تنجزه کاملا فی مده اقصاها ٢٠٠٧/١٢/٣١) پێشێل کردووە، سزای پێشێل کردنی مەرجی جێبەجێ کردنی یاسا یا گرێبەست لە کاتی دیاری کراوی خۆی پێویستە لەسەر حکومەت کارەکەی تەواو بکات، قەرەبووی دوواکەوتنیش بدات بەو خەڵکانەی بە هۆی دوواکەوتنەکە تووشی زیان بوون، نەك هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور.

ڕاستە جۆرە مێژوویەکمان هەیە لە یاسا، یاسایەکە دەکاتە یاسای کاتی (القانون المؤقت او المادة المؤقتة)، بەڵام ئەو جۆرە دارشتنی جیایە،چونکە لە یاساکەدا دەنووسرێ (یعمل بهذا القانون الی ٢٠٠٧/١٢/١)، ئەو کاتە یاسایەکە لە دوای ئەو مێژووە کاری پێناکرێ. بەڵام لێرە وا ناڵی، بەڵکو دەڵێ: دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی لە ماوەیەك کە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ دوا نەکەوێ. کەواتە مەبەست پەلەکردنە لە جێبەجێ کردنی، مێژووەکە داندراوە بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ماددەکە، نەك بۆ خودی ماددەکە. هەروەها ماددەی (١٤٠) هەڵناوەشێتەوە پاش جێبەجێ کردنیشی، تا کاتی هەموار کردنی دەستوور هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیە.

کەواتە: ئەوە حاڵی ماددەی (١٤٠)ە لە بارەی یاسایی. بەڵام لە بارەی سیاسی، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن (السلطة التنفیذیة) دەتوانێ بەخراپی جێبەجێی بکات و هەر دوای بخات تا شتەکە مردار دەکاتەوە و خەڵکەکە تووشی زەرەر و زیان دەکات، لێرە هەرێمی کوردستان بە گشتی حکومەت و حیزبەکان و ڕێکخراوەکان پێویستە دەوری کاریگەر ببینن لە پەلەپێکردن بۆ جێبەجێ کردنی.

لێرە حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە، گەورەترین هەڵە ئەوەیە کورد پێش جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) لەگەڵ لیستی (العراقیة) هاوپەیمانی بکات چونکە لەو شەوانەی ڕابردوو لە تەلەفزیۆن، وتەبێژی لیستەکە (حیدر الملا) دەیوت: کورد لەگەڵ ئێمە هاوپەیمانی بکەن باشە بۆیان، چونکە کێشەی ماددەی (١٤٠) لەگەڵ ئێمەیە، دەبێ بە یەکەوە تەفاهوم بکەین. بە گوێرەی ئەو قسەیە، داوا دەکات کورد واز لە مافە دەستوورییەکەی خۆیان بهێنن، سەر لە نوێ دانوستاندن لەگەڵ لیستی (العراقیة) بکەن، کەواتە لیستی (العراقیة) برا گەورەیە، چونکە ژمارەیان پترە و داوا دەکەن کورد لەگەڵ ئەوان بن وەکو برا گچکە، جا ئەوان خێریان پێ بکەن و بە کەرەمی عەرەبی مافەکەیان بۆ بگێڕنەوە، وەك کەرەمەکانی (صدام). هەروەها گەر کورد بە هاوپەیمانی ڕازی بن، واتە: لیستی (العراقیة) دەکەن بە حەکەم لەو مەسەلەیە، کەچی لە ڕاستیدا، ئەوان (خصم)ن، ئەوەش پێچەوانەی عەدالەتە، چۆن دەبن بە (خصم و حکم).

٥- لە بارەی چەسپاندنی فیدراڵی لە عیراق، بە چاکی دەزانم ماددەی (١١٦)،(١١٩) دەستووری ئیتحادی هەمواربکرێ:-

یەکەم: ماددەی (١١٦) دەڵێ: (یتکون النظام الاتحادی فی جمهوریة العراق من عاصمة، أقالیم، ومحافظات لا مرکزیة، وادارات محلیة) واتە: کۆماری عێراقی ئیتحادی پێکدێت لە پایتەخت، وهەرێمەکان وپارێزگا لا مەرکەزییەکان وئیدارە محەلییەکان) بەو جۆرە هەرێم وپارێزگا تێکەڵاو دەکات وکێشە دروست دەکات لە نێوان خەڵکەکە، بەراوردی نێوان پارێزگا وهەرێم بکەن کامیان سوود بەخشترە، ئەو هەویرەش ئاوی زۆری دەوێ، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە، ئەو ماددەیە هەموار بکرێ بەو جۆرە (یتکون النظام فی جمهوریة العراق من اقلیم العاصمه، واقلیم کوردستان والاقالیم التی تنشأ فی المستقبل) بەو جۆرە دەچەسپێ کە عیراق لە هەرێمی کوردستان، هەرێمی پایتەخت پێکهاتووە، کە هەموو عیراق دەگرێتەوە جگە لە هەرێمی کوردستان، هەر هەرێمێك لە داهاتوو دروست بێ، ئەو هەرێمانە گەر دروست بن، لە سنووری هەرێمی پایتەخت دروست دەبن، چونکە سنوورەکەی فراوانە، بەو جۆرە هەم فیدراڵییەکە دروست دەبێ و دەچەسپێ، هەم ماوەش دەدرێ بە خەڵکی ئەو هەرێمە کە بیر بکەنەوە لە یەك هەرێم بمێننەوە، یا خۆیان دابەش بکەن بۆ چەند هەرێم؟، کامیان سوود بەخشتربوو بۆیان هەڵیدەبژێرن. هەروەها زۆری ژمارەی دانشتووانی هەرێمی پایتەخت، لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، کێشەیەکی یاسایی دروست ناکات چونکە ژمارەی دانشتوانی هەندێ ویلایات لە ئەمەریکا بەقەدەر سێ ئەوەندەی هەندێ ولایاتی ترە.

دووەم: ماددەی (١١٩) دەڵێ: (یحق لکل محافظة او اکثر تکوین اقلیم بناء علی طلب بالاستفتاء علیه، یقدم...) واتە: (هەر پارێزگایەك یا پتر مافی ئەوەی هەیە ببێت بە هەرێم...) پێکهاتنی هەرێم لە یەك پارێزگا، کارێکی نەگونجاوە، چونکە هەرێم پەرلەمان و حکومەتی هەیە، دەستووری هەیە ونوێنەری لە باڵیوزخانەکانی عیراق لە دەرەوە بەگوێرەی پێویست هەیە، ئەوەش خەرجی و بوودجەی دەوێ وتوانای ئیدارە و زانستی دەوێ، ئەوەش بە پارێزگایەك ناکرێ، بەتایبەتی پارێزگا بچووکەکان. بۆیێ بە پێویستی دەزانم هەموار بکرێ، بەو جۆرەی خوارەوە (یحق لکل ثلاث محافظات أو أکثر تکوین اقلیم...) چونکە سێ پارێزگا دەتوانێ ئەرکی هەرێمایەتی لە بارەی ئیداری و زانستی وئابوری جێبەجێ بکات و بەلامەوە زۆر جوان سوود بەخش دەبێ، کۆماری فیدراڵی عیراق پێك بێت لە چەند هەرێم، هەرێمەکانیش لە سێ پارێزگا کەمتر نەبێ، لە پێنج پتر نەبێ.

لە کۆتایی لە خوا دەپاڕێمەوە سەرکردەکان ڕێنمایی بکات بۆ خێر و چاکەی گشتی بۆ هەموو عیراق و عیراقییەکان.

# كەواتە (زەردەشتی) ڕەنگدانەوەی سروشتی خۆمانە

ئەگەر لە وتاری سێ هەڵقەیی پێشوو شتێکت وەگیرنەهات سەبارەت بە پەیوەندیی ڕیشەیی زمانی کوردی و زمانی ئاڤێستا کە گرنگترین سەرچاوەی ڕامان و فەلسەفەی زەردەشتە، ئەوە لە ئاییەکی دیکەوە تەماشا دەکەم و ئەوشم(١).

أ- زەردەشتی دەبێ ڕەنگدانەوەی سروشتی خۆمان بێت، مەبەستیش لە خۆمان گشت ئەو خەڵکەیە کە لە نیشتمانی زەردەشتیدا ژیاون، لە زەمانی ئەوەوە تا بە ئەمڕۆ، واتە: ئەو خەڵکانەی کە زەردەشتیان قبووڵکردووە، ئەمانەش گەلانی ئاریایی دەگرێتەوە، بە کورد و ئەفغان و فارس و بلوچ و ئەرمەنی و خەڵکی دیکەوە.

ب- وشەی (ئاری) چەندین مانا دەدات: ئاگر، ئاور، ئایر، واتە: ڕووناکی، هەروەها بە مانای نەجیب و ئەسڵزادە و ڕەسەن بەکار دێ.

ج- ڕامان و فەلسەفەی ئایینەکە و ڕێوڕەسم و ئایدیا و بۆچوونەکانی زەردەشت، هەموو ڕەنگدانەوە و خوڵقێنراوی سروشتی خۆمانە، واتە: ئێمە زەردەشتیمان خوڵقاندووە.. کە هاتووە ڕەنگی سروشتمان ئەداتەوە.

بە واتایەکی دیکە: هەر ئایین و کولتوورێك خوڵقاوی سروشتی نەتەوەیەکەو، ڕەنگدانەوەی کەسایەتی هەمان نەتەوەیە، هیچ ڕامان و کەلتوورێکی بێڕیشە و بێبنەما نییە، کەوا لەو دوورە لە هەوا ڕاوەستاوە. بەڵکو دەبێ ڕیشە و بناغەیەکی هەبێ.

ڵ – وەلێ ئەوەی، جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە هیچ ئایین و کولتوورێك نەیتوانیوە سروشتی هیچ نەتەوەیەك بگۆڕێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە.. هەر نەتەوەیەك ئایین و کولتوور و ئایدیولوژییەکانی بەپێی سروشتی خۆی دارِشتۆتەوە.

بۆ نموونە: ئایینی مەسیحی نەیتوانیوە سروشتی یەکسان (واتە نەیتوانیوە یەك ڕەوشت و خود و بۆچوون و ئایدیا و فەلسەفە) لەلای گشت گەل و نەتەوەکانی باوەڕدار بە ئایینی مەسیحی، دروست بکات، ئەوەتا شوێنکەوتووانی مەسیحی لە دنیادا، زۆرینەترین پێشکەوتووانی هەر ئایینێك پێکدێنن، بەڵام سەرەڕای زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، ئەوە شوێنکەوتووی ڕۆژهەڵاتی مەسیحی هەمان سروشتی پێشوویان هەیە، خەڵکی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەسپانیا و سوید و ئەوانی تر، کە مەسیحین، بەڵام هەر گەلێك، جیاجیا، سروشتی خۆیان لە دەس نەداوە.

بەڵێ! ئایینی مەسیحی دنیابینیی دیکەی بەو گەلانە بەخشیوە، کە جیایە لە دنیابینیی پێشووی هەر یەکێکیان، بەر لەوەی ببن بە مەسیحی.

هـ- خۆ لە جیهانی ئایینی ئیسلامیشدا ئەو دیاردەیە زەقە، ئەوەتا ئیسلام سروشتی گەلی عەرەبیشی نەگۆڕیوە، هەروەها سەبارەت بە تورك و کورد و فارس و هیندی (و پاکستانی) و ئەفغانی و .. ئەو هاووڵاتییە ئەورووپی و ئەمەریکیانەش کە لە سەدەی دواییدا بوونەتە موسڵمان.

بە پێچەوانەش.. لە جیاتی ئەوەی ئایین و ئایدیۆلۆژیای سروشتی گەلان و نەتەوەکان بگۆڕێت، ئەوەتا هەر گەلێك، تا ڕادەیەك، ئایینەکانی بەپێی سروشت ( و.. کولتووری) خۆیان دارِشتووەتەوە. هەر بۆیەش دەبینین دەیان گەلی موسڵمان، کە ئەمڕۆ هەن، هەر کەس بە توندوتۆڵی خەریکە زمان و کەلەپوور و فولکلور و هونەر و کولتووری کەوتارای خۆی دەپارێزێت.

و- ئایین جۆرێك کولتوور و ئایدیولۆژیاییە، بەڵکو لقێکی گرنگی کولتوورە، بەڵام هێشتا، لە جیهانبینی ئەوتۆ بەولاوە، نەیتوانیوە سروشتی هەرە کۆن و ڕەسەن و ڕیشەداری هیچ گەلێك بگۆڕێت.

ئایدیولوژیاش، چ فەلسەفی بێ یا سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هی تر، هەروەها نەیتوانیوە سروشتی هیچ گەل و نیشتمانێك بگۆڕێت.. بۆ نموونە: مارکیسزم لە ئەڵمانیاوە دەرکەوت، بەڵام زوو بەزوو ڕووسیا ڕەنگی خۆی بە مارکسیزم داو ناوی لێنا مارکسیزم لینینیزم، لە وڵاتی چین ڕەنگێکی جیاوازی مارکسیزم پەیدابوو، هەروەها لە ئەلبانیا و یوگسلافیا و وڵاتی دیکە.. لە واقیعیشدا هەر نەتەوە و وڵاتێك ڕەنگی کولتووری و سروشتی خۆی بە بەری مارکسیزمدا کرد.

ز- دیاردەیەکی وەهاش لە جیهانی مەسیحییەتدا دەبینین، کە چەندین کەنیسەی جیاجیا هەنە، تەنانەت دوو پاپاش هەنە: پاپای فاتیکان و پاپای قیبتی لە وڵاتی میسر.. هەروەها مەسیحییەکانی فەرمانڕەوای فیلیپین و نیجیریا لەگەڵ پەیڕەوانی ئیسلامدا ناکۆکن، لە کاتێکدا قەشە و ڕەبەنەکانی چەندین وڵاتی



فەلەکەدین کاکەیی

(١-٢)

ئەمریکا لاتین(باشوور) ئازادیخواو شۆڕشگێڕن و، شان بە شانی چەوساوەی وڵاتەکانیان بۆ ئازادی و داد و یەکسانی و ڕزگاریی کۆمەڵایەتیدا تێدەکۆشن.

پوختە و کورت: دبێژم، ئەوەی کە لێرەدا هێناومەتەوە گریمانێکی خۆمەو، ئەگەری دروستی و نادروستی گفتوگۆی زیاد هەڵدەگرێت، ئەوی ڕاستی بێ، هەرچەندە بیری لێدەکەمەوە و دەخوێنم و ڕادەمێنم، دەبینم هەرچەندە ئایدیولوژیا و فەلسەفە و بیری جۆراوجۆر، بە نێو خەڵکی دنیادا، دێن و دەچن، لە ئەنجامدا هەموو تێکشکاون و هەر نەتەوە و گەلێك بۆ کولتووری خۆی (کە سروشتەکەیەتی) گەڕاوەتەوە، ئەوەتا خەڵکی چین بۆ کولتووری کۆنی (تایۆ/ تائۆ) و کۆنفوشیزم دەگەڕێنەوە، توندڕەوان و بەرەی شۆڤێنستی عەرەبیش بۆ دابونەریتی جاهیلیەتی بەر لە ئیسلام دەچنەوەو، هەندێ قوتابخانەی توندڕەوی مەسیحیش تەپڵی جەنگی خاچپەرستی لێدەدەن، کە جەوهەری ئەم جەنگە لە فەلسەفەی مەسیحییەتەوە، زۆر دوورە، بەڵام (خاچ) بیانوویەکە وەك بیانووەکەی ئەدۆلف هیتلەر لەمەڕ نژادی بەشەرییەوە!

**پەراوێز:**

**١)) ئەوشم : ( بە کەلهوری )واتە : ئەلێم. دبێژم.**